# بیرەوەریەکانی

# مردوویەکی عێراقی

فێربوون بۆ چاپ و بڵاوکردنەوە

## پێناسی کتێب

| | |
|---|---|
| ناوی کتێب: | بیرەوەریەکانی مردوویەکی عێراقی |
| بابەت: | تەنز |
| نووسینی: | دکتۆر موحەمەد ڕەزا پوریان |
| لە فارسیەوە: | کاوە فاتیحی |
| پێداچوونەوە: | خالید فاتیحی |
| هەڵەبڕ: | کەمال خدر |
| دیزاینی بەرگ و ناوەڕۆك: | ناوەندی فێربوون |
| لە بڵاوکراوەکانی: | ناوەندی فێربوون |
| نۆرەی چاپ: | چاپی یەکەم |
| تیراژ: | ٥٠٠ دانە |
| | |

لە بەڕێوبەرایەتیی گشتیی کتێبخانە گشتییەکان،

ژمارەی سپاردنی (      )ی ساڵی (٢٠٢٤)ی پێ دراوە.

دکتۆر موحەممەد ڕەزا پوریان

# بیرەوەریەکانی مردوویەکی عێراقی

وەرگێڕانی لە فارسیەوە:

کاوە فاتیحی

## ناوەندی فێربوون

بۆ چاپ و بڵاوکردنەوە

**بەڕێوەبەری گشتیی ناوەند:** عیماد ڕەشید

**بەڕێوەبەری چاپ و بڵاوکردنەوە:** ڕەنج عیماد

**لە بڵاوکراوەکانی ناوەندی فێربوون**

ناونیشان: هەولێر- بازاڕی کتێب فرۆشان – بەرامبەر دەرگای قەڵا

٠٧٥٠٤٠٤٨٢٨٥ - ٠٦٦٢٢٣١٣١٥

ktebxanay ferbwn



**مافی ئەم کتێبە پارێزراوە**

بەبێ ڕەزامەندی ناوەندی فێربوون هیچ لایەنێك ڕێپێدراو نیە بۆ لەبەرگرتنەوەی ئەم کتێبە بەشێوەی: ئەلیکترۆنی، کاغەزی، وێنەیی، دەنگی، یان هەر شێوازێکی تر ی لەبەر گرتنەوەی.

چوار ساڵ لەمەو بەر لە ناو گۆگڵ دەگەڕام بۆ هەندێ بابەتی تەنز و کۆمێدی، لەپڕ چاوم کەوتە سەر کتێبی(گپ زدن با عزراییل) لە نووسی دکتور محمد رەزا پوریان. هەر زوو هەموویم خوێندەوە، هەر لەگەڵ پەڕەی یەکەمی کتێبەکەم خوێندەوە سەرنجی ڕاکێشام، دوای دەستم کرد بە وەرگێرانی ئەو کتێبە شیرینە، ڕێك دەڵێی بۆ ئیستای عێراق نووسراوە، کتێبەکە ساڵی ٢٠٠٠ لە سوید چاپکراوە، بەڵام من بەپێویستم زانی ناوی کتێبەکە بگۆرم بۆ(بیرەوەریەکانی مردوویەکی عێراقی) بۆیە داواتان لێدەکەم بیخوێنەوە، چونکە ئەوە سەردەمەی ئێستا پڕیەتی لە نارەحەتی و ماندوو بوون بەدەست ئەو رۆژگارەی تێکەوتووین، هیوادارم دڵەکانتان فێنك بکاتەوە و زەردەخەنە بگەڕێتەوە سەر لێوەکانتان.

وەرگێر

کاوە فاتیحی

# ناوەڕۆک

ناوەڕۆک ........ ٦
پێشەکی ........ ٨
وەسیەتنامەی بەندەیەکی خوا. ........ ١٢
باقیەکەی لەسەر خۆم ........ ١٨
سوودەکانی پیری ........ ٢٠
سوودەکانی نەخۆشی ........ ٢٢
سوودەکانی مردن ........ ٢٤
بەشی دووەم ........ ٢٩
لە دەفتەری بیرەوەرییەکانی مردوویەکی عێراقی. ........ ٢٩
بیرەوەری ژمارە ١ ........ ٣٢
بیرەوەری ژمارە ٢ ........ ٣٦
بیرەوەری ژمارە ٣ ........ ٤٦
نووسەری تێکۆشەر ........ ٥٦
رۆح و جەستە ........ ٥٨
سوودەکانی منداڵ ........ ٦٢
هاوپۆل ........ ٦٥
سوودەکانی تەڵاق ........ ٧١
بەدوای عەشقا ........ ٧٤

گەدە(گیپاڵ)! ........................................................ ٧٧
عاشقی کەر.......................................................... ٨١
چاوەکانت .......................................................... ٨٤
هاوسەرگیری......................................................... ٨٧
ئامێرەکانی پەیوەندی................................................. ٩٣
ریکلام ............................................................. ٩٥
چاپەمەنی و بڵاوکراوەکان............................................. ١٠٢
سوود و زیانەکانی جووتەی ئەندامەکانی لەش............................ ١٠٦
ئامانج لە ژیان چیە؟................................................ ١١٣
لەسەرکار دانان!.................................................... ١١٧
هاوسەرگیری پۆستی!................................................. ١١٩
بەشی چوارەم ....................................................... ١٢٣
وتووێژ ............................................................. ١٢٣
بەشی پێنجەم ....................................................... ١٣٤
دەمە تەقێیەك لەگەڵ ئیزرائیل........................................ ١٣٤

# پێشەکی

کاتێ ژیان پڕ بوو لەچێژ کە مرۆڤەکان خولّق و سەلیقەیان لە یەکتری نەدەچوو, بەتایبەتیش دەربارەی تەنز و گاڵتە و گەپ. هۆکاری سەرەکی ئەو جیاوازی و سەلیقەیەش لەبارەی دەرکی تەنز لە مرۆڤە جیاوازەکان بەم شێوەیە: تەمەن, رەگەز, نەتەوە, باری کۆمەلاّیەتی, سیاسی, حاڵەتی دەروونی, خۆشگوزەرانی, تەندروستی, تێربوونی ورگی خۆی و بنەماڵەکەی و دەیان بابەتی تر. لەگەڵ ئەوەشدا نەچاوەڕێم و نە دڵنیاییش دەدەم هەموو بابەتەکانی ناو ئەو کتێبە شایەنی ئەوەبن بتخەتە قاقا و پێکەنین.

نوسیوومە کە مرۆڤەکان بۆهەست کردن بە تەنز پێوەریان جیاوازە, واتە بەشی زۆر هۆکارەکان دەستا و دەست دەکەن بۆ ئەوەی تۆ چێژ لە تەنزێك وەربگری, بۆ نموونە, لەسەر کار یان لە فەرمانگە دێیتەوە ماڵێ, دەرگا دەکەیتەوە, دەبینی کۆمەڵێك پسوولە حیساباتت بۆ هاتوو دەبێ لە کۆتایی مانگ سافیان بکەی. لەو حاڵەتەدا تەواوی

تەنزەکانی (عەبیدزاکانی)یت بۆ بڵێن یان ختوکەت بدەن بزەت ناخەنە سەر لیو, هەر بۆیە هەمیشە هەوڵبدە بزەت بێنە سەر لێوان, چونکە هەر کاتێك زەردەخەنەت لەسەر لێوان بوو, خەڵك وا بیر دەکەنەوە چرچ و لۆچی روخساری هی ئەو زەردەخەنەیە. هەستکردنی تەنز بەیەکێك لە هونەرەکان دەژمێردرێت, هیوادارم تۆش یەکێك لەو هونەرمەندانەبی. جیا لە خوێندنەوەی ئەو کتێبە کاتی خۆت بە فیرۆ دەدەیت!

بەداخەوە بەکارهێنانی وشەی کەر لە فەرهەنگی ئێمەدا بە بێ ئەدەبانە دەژمێردرێت, لە کاتێکدا کەر بوونەوەرێکی خۆشەویستە, هەندێجار گیاندارەکان لە مرۆڤەکان پیرۆزترن, ئەگەر قسەکەی ئێمەشت قبووڵ نییە, لە بەرێز دکتۆر لوتف عەلی سورەتگر ببیستی لەکتێبی (بیرەوەری کەرێك) یان لە بەرێز نیچە, فەیلەسوفی ئەڵمانی ببیستی, کە دەڵێت( یەکەم مەرجی مرۆڤی بەرێز و پایەبەرز ئەوەیە گیاندارێکی کامڵ بێ).

لەو کتێبەدا زۆرت لەبارەی هاوسەرگیریەوە دەکەوێتە بەرچاو, هۆکارەکەشی ئەوەیە کە ئێمەی مرۆڤ بەخراپی کەڵکی لێوەردەگرین, رۆژێك عاشق دەبین, هاوسەرگیری دەکەین و خۆشەویستەکەمان لەگەڵ فریشتە هاوتادەکەین, دوای ماوەیەك بەکردارو رەفتارەکانمان هێندەی ئازار دەدەین خۆزگە بەمەرگ بخوازێت. بۆچی؟ چونکە گیروگرفتەکانی رۆژگار و تێپەڕ بوونی کات و چەند و چۆنیەتی خانەکانی لەشی و هۆرمۆنەکان و پرۆتین

و خوێ و مادە کیمیایەکانی مێشك دەتخاتە ژێر کاریگەری خۆی, هەر لەبەر ئەوەشە کە مرۆڤی (نوێخواز) دڵناسك, تڕتۆپ زل, بەرزەفڕن, چاوەڕوانی و باوەڕیشیان دەگوڕێ.

پێکەنین, رووخۆشی, گاڵتە, تەمەنی مرۆڤ درێژدەکەن, لەم رۆژەگارەدا گاڵتە و گەپ دەتوانێ ببێتە هۆکاری سارێژکردنی زامەکانت. هەر بۆیە لە هەموو شوێنێك رمێنی پەیداکردووە. بۆ نموونە لێکۆڵینەوەیەك کە لەسەر ٥٣ کەسی نەخۆشی پەکەوتووی شێرپەنجە ئەنجامدراوە, پزیشکان ئاوا ناوی دەنێن , دەرکەوتووە کە پێکەنین بۆ نەخۆشان کاریگەرترین چارەسەری نادەرمانییە.. هیوادارم ئێوەش دەردەکانتان بە پێکەنین و تەنز چارەسەربکەن و رزگارتان بێ لە چنگی پزیشکان.

لە بەشی یەکەمی ژیان و مەرگدا نوسوومە, بەداخەوە خەڵکی لەوە بێئاگانە ئەو ژیانە بۆ بەشێکی زۆری ئێمە ئەویە لە تەنیشت مەرگەوە بژین, مەرگیان لێ بۆتە سێبەرو بەدوای خۆیاندا دەیکێشن.

لە بەشی دووەمدا, مردوویەکی ئێراقی باسی سێ بیرەوەری خۆی بۆ کردووین, لە بیرەوەری یەکەمدا, سوپاسی بکوژەکانی خۆی کردووە. بیرەوەری دووەم راوەستانی لە سەرەی چاوەڕوانی لەنێوان دۆزەخ و بەهەشتدا . بیرەوەری سێیەمیش پەیوەستە بە دۆزەخی ئێراقەوە. بەم شێوەیە باس لە دەقی بیرەوەرییەکانی دەکات, ئێراقییەکان بۆ خۆیان دۆزەخێکیان دروستکردووە کە جیاوازە لە دۆزەخی هەموو وڵاتانی تری دونیا.

دڵنیام لەو کتێبەدا کۆمەڵێك هەڵەی ڕێنووسی تێدا هەنە, لوتف بفەرموون بیان دۆزنەوە و چاکیان بکەن, ئێستا دونیا بۆتە پەنجا بە پەنجا, نووسین لە ئێمە و هەڵە بڕیش لە ئێوە. ئەگەر هەڵەی ڕێنووستان بەرچاو کەوت لەبەر خاتری نووسەر چاوپۆشی لێمەکەن, ئەگەرناتانەوێ راستیان بکەیتەوە, لە نووسەر ببورن, بەگوتەی بەرێز تەنکابنی:

(ئەو چێژەی لە لێبورندا هەیە, لە تۆڵەکردنەوەدا نییە).

## وەسیەتنامەی بەندەیەکی خوا.

١- لە تەنیشت نامەحرەم مەمنێژن، خەوتن لە تەنیشتیانەوە تاوانە.

٢- چیم هەیە لە ژیانم ببەن بۆخۆتان، چونکە پێویستیم بە هیچیان نییە.

٣- ئەگەر پزیشکی دادوەری هۆکاری مەرگی منی بە جەڵتەی دڵ ڕاگەیاند قبوڵی مەکەن، چونکە زۆر دەردە سەری و چەرمەسەری ڕۆژگارم چەشتووە.

٤- پیرۆزبایی مردنم بە باشی بە دۆست و دوژمن و لێکۆڵەرەوە خۆشەویستەکانم بگەیێنن.

٥- ئەو کەسانەی پێیان قەرزدارم، دوای خۆم لە دەرفەتێکدا حیسابیان لەگەڵ دەکەم.

٦- خێر و سەدەقەم بۆنەکەن، چونکە جێگەم نییە.

٧- زۆر مەمنونی ئەو کەسانەم لە ژیانمدا گوڵیان بۆ هێناوم, ئەو کەسانەش کە دەیانەوێ بۆ یەکەمجار گوڵم بۆ بێنن, با خۆیان سوود لە گوڵەکانیان وەربگرن.

٨- لە دوای مردنم, قوتابیانی پزیشکی, هونەرە جوانەکان, ئەدەبیات, ئەندازیاری, هەر ئەندامێکی جەستەی منیان بوێ دەتوانن سوودی لێوەربگرن, تەنیا لە خوار ورگم نەبێ دەستی لێنەدەن, لەوانەیە رۆژێك بۆخۆشم کارم پێی بێت.

٩- کێلی سەر گڵکۆم بۆ دروست نەکەن, کە بە ئەندازەی پێویست لە ژیان لە ژێر گوشاردابووم, لەگەڵ ئەوەش حەز ناکەم هیچ شتێك لەسەر کێلەکەم بنووسرێت, ئەگەر حەزم لێبوایە کاتێکی زۆرم لەبەر دەستدا هەبووە شتێك لەسەر گڵکۆکەم بنووسم, نەم نووسی چونکە نامەوێ (فریشتەی شەڕ و ئاشتی) دۆست و دوژمنەکانم ماڵی ئەبەدیم پێبزانن. وەخت بێ وەخت بێنە مێمڵی خەوی ئەبەدیم . ئەگەر هەر واز ناهێنی پێداگری لەسەر ئەوە دەکەی شتێك بنووسی , بنووسە: بێ خواستی خۆی لەدایك بوو, بێ خواستی خۆی لە ژێر هەڕەشەی پۆلیس و خەسوویدا هاوسەرگیری کرد, بەبێ ویستی خۆشی مرد. داوای لێبوردن دەکەین لە ئاشکراکردنی زانیارییەکانی خوالێخۆش بوو, چونکە ئێستا پێویستمان بە ناسنامەکەیەتی بۆ وەرگرتنی فۆڕمی خۆراکی ( واژۆ پارێزراوە)

١٠- خۆتان رەشپۆش نەکەن, جلی رەش لە بوك جوانتر و شیاو ترە.

١١- ئەگەر دڵتان تەنگە و حەزتان لەگریانە, تکایە مردنی من مەکەن بەبیانووی گریانەکەتان. بۆحاڵی خۆتان بگرین, کە دەتانەوێ چەند رۆژێکی تر بژین.

١٢- نیگەرانی سەفەری بێگەڕانەوەی من نەبن, چونکە ئەوەی پێویستم پێ بێ لەگەڵ خۆم دەیبەم.

١٣- داوا لە مردوو شۆرەکە بکەن جوانترین جلم لەبەر بکات. هەندێك دۆلاری ئەمریکایی و چەند کۆندۆمێکی بەکار نەهاتوو, قتویەکی ئەسپیرینی بێ بەروارم بخنە ناو گیرفانی چەپم, لەوانەیە پێتان سەیر بێ ئەو سێ شتانە چ پەیوەندییەکیان بەیەکەوە هەیە. هۆکارەکەی ئەو کاتە دەزانن کە مردن و هاتنە دۆزەخەوە, پێتان دەڵێم, تەنیا وریابن, کۆندۆمەکان کوون نەبن و دۆلارەکانیش چرووك نەبن.

١٤- ئەگەر خوا پێداو و دەوڵەمەندن, دڵی بێچارەی من تاقیبکەنەوە, زۆر حەزدەکەم بزانم دڵی من تا چەندە توانیویەتی هەموو ئەو مرۆڤە واقیعیانە لە سەرانسەری دنیادا جێگە بکاتەوە. ئەو کاتەی پزیشکەکان سەرقاڵی لێکوڵینەوەن لەسەر دڵم ,کامەتان زمانی زۆر پاراوە لەبارەی ئەو دڵە بێچارەی منەوە پرسیاری لێبکەن. پێمخۆشە بزانم دڵم چۆن توانیویەتی جێگەی ئەو هەموو عەشق و نەفرەتەی تێدا ببێتەوە؟ دوای کۆتایهێنانی لێکۆڵینەوەکە و پێش ئەوەی دڵم بپێچنەوە لقی گوڵێك کە نیشانەی سوپاسگوزاری منە لە نێوان لای راست و چەپی دڵم دابنێن.

١٥-  بۆ بە خاکسپاردنم هیچ کەس بانگهێشت ناکەم, بەڵام زیاتر سوپاسی میوانە نە خوێندەوارەکانم دەکەم.

١٦- دەست و پێم نەبەستن, چونکە  لە ژیاندا هەندەیان دەست و پێ بەستووم, ئاخر دەمەوێ لە ژیاندا ئازاد بم. لەگەڵ بەخاکسپاردنیشمدا گۆچانێکم لەگەڵ بنێژن, بۆ ئەوەی بتوانم پارێزگاری لە خۆم و خەڵکی تریش پێبکەم.

١٧-  پێش هەموو شتێك ماندوو نەبوونی لە هەموو ئەو کەسانە دەکەم کە بڕیارە بێنە ژێر تابووتەکەم و دەمگەیەننە دوایین مەنزڵی ئەبەدی خۆم.

١٨- ئامۆژگاری هەموو ئەو کەسانە دەکەم کە لە مەراسیمی بەخاکسپاردنەکەم بەشداری دەکەن, کەڵك وەرنەگرن و هەلێك بقۆزنەوە و بیکەن بە خۆپیشاندانی ناڕەزایی, هەر ئێستا بڕۆن جەماعەت کۆبکەنەوە و ناکۆکیەکانتان وەلا نێن و لیژنەیەك دروست بکەن بگەنە ڕێکەوتن بۆ دیاریکردنی دروشمەکان.

١٩- تکایە لەبارەی بەندەوە وشەی جوانەمەرگ بەکارنەهێنن, چونکە هەر بەکوێرایی چاوی دوژمنان, لە دەستی ئامادەبوانی ناشتنەکەم رزگارم بوو یەکسەر لەگەڵ فریشیتەکان جێژوانم هەیە.

٢٠- ئەگەر بتەوێ لە قەبری دوو نهۆم کەڵك وەربگری, حەزدەکەم لە سەرەوە بنووم, بۆ ئەوەی بە ئازادی تێیدا هەڵسووڕێم. ئێوەش

هەوڵبدەن لە ژێرەوە نەخەون. وێنەیەکی جوانی نییە بۆ سێ بەندەی پشتان خراپە.

٢١- هەر لەگەڵ کەوتمە گیانەڵاوە خۆتان بۆ ڕێوڕەسمی پرسەکەم ئامادە بکەن, بۆ ئەوەی هەر هیچ نەبێ روحیشم وەکو خۆم سەرگەردان نەبێ.

٢٢- لەبەر ئەوەی کە جیاوازیم لەنێوان خانەکانی لەشم داناوە و هەندێکیانم لەسەر گلینَەی چاوم داناوە, بەشێکیشم بە شاراوەیی هەڵگرتوون و نیشانی کەسم نەداون, خەجاڵەتم هۆکارەکەی لەمنەوە نەبووە, بەڵکو بەپێی یاسایی قورسی تووند و تۆڵی دەوڵەت و ڕێبەر, ناچاربووم لەنێوان مەحرەم و نامەحرەم جیاوازی دانێم. هەر لەبەر ئەوە بوو, هەندێك لە ئەندامانی لەشم نیشانی نامەحرەمەکانی نەدەم, تا لە کاتی مردنم دا نەکەومە بەر تانەو تەشەریان و جێگام بەهەشت بێ.

٢٣- لە دوای مردنی بەندەگەر هەر کەسێك هات و خۆی بەمنداڵی من زانی هیچ شك و گومانێکتان نەبێ, بۆ دڵنیا بوونتان یەکێك لە خانەکانی لەشی ببەن بۆ تاقیگای DNA. چاوەڕێی ئەنجامەکەی بکەن, ئەگەر ئەنجامەکەی ئەرێنی بوو, ئەویش وەك باقی منداڵەکانی ترناوی دەچێتە سەر لیستی میراتگرانەوە.

**٢٤-** له جێگەی ماڵئاوایی پێتان دەڵێم: ئاگاتان لەیەکتری بێ، چاوەڕێی دۆست و دوژمنە خۆشەویستەکانم، زۆر خۆتان تاخیر مەکەن.

# باقیەکەی لەسەر خۆم

ڕۆژ و سەعاتی ڕۆیشتنتان دیاری بکەن باقیەیەکەی لە سەرخۆم.

دەمەوێ کوڕی پرسەکەت بە ئامادەبوونی خۆتان بەڕێوە ببەم، خۆت و دۆست و ناسیاوی زۆرت هەیە، کون و قوژبن و کەلێنەکانی فەرمانگە شارەزای. تەنیا مۆڵەتی پرسەکەیان لێوەربگرە، باقیەکەی بۆ من. هەر کەسێك ویستی گوڵت بۆ بێنێ، سوپاسی بکە، هەر کەس ویستی لە پرسەکەتدا بگری خۆت فرمێسکەکانی بۆ بسڕە، هەر کەسێ بۆمردنت خۆشحاڵ بێ دوایی حیسابی خۆتی لەگەڵ بکە، چونکە شارەزای یەك لە دەست وەشاندنێ، پێمخۆشە لە پرسەکەتدا بۆخۆت ژیاننامەکەت بخوێنیتەوە، هەر خۆشت پێداچوونەوەی بۆ بکەی، سوپاسی ئەو کەسانە بکە کە نایانناسی و دێن و بەشداری مەراسیمی بەخاك سپاردنت دەکەن. لەگەڵ قەرزدارەکانت حیسابت

ساف بکە, وەسیەتنامەکەت بنووسەو با هەموویان ئیمزای بکەن بۆ ئەوەی لە دواییدا کەس یەخەمان نەگرێ, بەڕاستی ئەگەر دەتەوێ خەیاڵت ئاسوودەبێ دەتوانی پێش ئەوەی بمری دەستی خێزانت بدەیە دەستی کەسێك کە بۆ خۆت پێتخۆشە.

ئەگەر ئیرەیشی پێدەبەی ناتەوێ لەدوای تۆ هاوسەرگیری بکاتەوە, دەتوانی خەرجیەکانی کفن و دفنەکەی وەئەستۆی خۆت بگری, ئەویش لەگەڵ خۆت ببەی. بەمشێوەیە هەم خەیاڵی خۆت و هەم خەیاڵی ئێمەش ئاسوودەتردەبێ, هەر بۆیە دەتوانی شوێنی گۆڕەکە دیاری بکەی. دەست و خەتی تۆ لە هی ئێمە خۆشترە, خۆت لەسەر کێلی گۆڕەکەت بنووسی, هەرچی دەتەوێ لەسەری بنووسە و باقیەکەشی لەسەر خۆم.

## سوودەکانی پیری

- بەساڵاچووەکان ساردو گەرمی زۆری رۆژگاریان چەشتووە. باشتر دەرکی  قۆناغەکان دەکەن.

- لە پیریدا باڵای مرۆڤ کورتر دەبێتەوە، لە ئەنجامدا قوماشی کەمتریان دەوێ بۆ دروونی جل و بەرگیان.

- پیرەکان کەمتر تووشی نەخۆشییە مەترسیدارەکان دەبنەوە.

- بەساڵاچووەکان لە بری زۆر کارکردن، زیاتر ورد دەبنەوە.

- کەمتر پێویستان بەخواردنە.

- لەناو پاسدا هەمیشە جێگای بەتاڵیان هەیە.

-کەمتر وایە خەڵك فێڵیان لێبکەن و کڵاویان لەسەرنێن.

- چاوەکانیان کز بوونە، هەر بۆیە کەمتر شتە ناشیرینەکان دەبینن.

- زۆرکەم دەخەون, هەر بۆیە کەمتر دز دەتوانێ بچێتە سەر ماڵیان.
- رێگەیان پێدراوە بۆ هەرکوێ بڕۆن, گۆپاڵ یان گۆچانیان پێ بێ.
- بەنیوەی نرخ سواری پاس و شەمەندەفەر دەبن.
- لە سەرتاشخانەکان داشکانیان بۆکراوە.
- ئیزرائیل هەموو رۆژێك سەردانیان دەکات.
- هەموو مافێکی خانەنشینییان هەیە.
- بەساڵا چووەکان کەمتروایە بانگهێشتی ئاهەنگی بووك گواستنەوە و جەژنی لەدایك بوون بکرێن, هەر بۆیە پێویستیان بەوە نییە دیاری بکڕن, ئەوەش بۆ خۆی بەشێکە لە پاشەکەوت کردن.
- پیرەکان زۆر لەگەڵ مۆدیلی رۆژدا نین, زۆرتر وایە تا کۆتایی تەمەنیان سوود لە جل و بەرگی کۆن و پێلاوی کۆن وەربگرن.
- لە پیاواندا, پیربوون هاوتایە بە ریش سپی بوون. قسەخۆشی.
- لەوانەیە لەقەبی حاجی یان حاجی ژن پێوە بنوسێ.
- بەساڵا چووەکان بە خەیاڵی ئاسوودەوە دەتوانن دانیشن و بەتامەزرۆییەوە بیر لە دەورانی گەنجی, وەکو هاوسەرگیری و منداڵ بوون و شتی تر بکەنەوە.
- لە قەبی باپیرەو داپیرە یان لێدەنرێ.
- زانیاری و ئەزمونی زۆریان هەیە لە نەخۆشیە جۆراو جۆرەکان.
- دەیان ئیمتیازی تری پیرانەیان هەیە.
- هیوادارم ئیوەش زوو پیربن.

## سوودەکانی نەخۆشی

- زیاتر قەدری ساغی دەزانن.

- نەخۆشی، مەرگی تۆ نزیك تر دەکاتەوە.

- ئیش و کاری پزیشکان و تاقیگەکان جمەی دێ.

- هەموو مافێکی نەخۆشیت بۆ دابین دەکرێ.

- پێویست نییە لەخەوی شیرینی بەیانی راست بیتەوە بڕۆیە سەرکار یان بەدوای پاسدا رابکەی.

- رێگەت پێدراوە چەند رۆژێك لە نەخۆشخانە بمێنیەوە و پشوو بدەی ، فریشتە روو خۆش و سپی پۆشەکانیش بەسەر سەرتەوەن، نازت هەڵدەگرن، پێتان رادەگەن، یان لە ماڵێ رادەکشێی و زەق زەق چاو لەماڵ و خێزانەکەت دەبڕی.

- ئیزڕائیل بیست و چوار سەعات بەسەر سەرتەوە ئێشکگرە.

- دڵی دووژمنەکانت شاد دەکەی.

- هاوڕێ و دۆستەکانت گوڵت بەدیاری بۆ دێنن.

- خواردنی کەم دەخۆی، ئەندامانی تری بنەماڵەت تێر بەسکی خۆیان دەخۆن.

- چەورییە زیادەکانی لەشت دەتوێنەوە.

- هیچ کەس چاوەڕێی ماچت لێ ناکات.

- لە بەر ڕێزی نەخۆشیەکەت هاوسەرەکەت سوارت نابێ.

## سوودەکانی مردن

- بەهیوای مردنی سروشتی، خەڵکی دەست بۆ خۆکوژی نابەن.

- بەبڕوای هەندێکیان، مەرگ تاکە ڕێگەی رزگارییە لەدەست بەد بەختی و نەخۆشییەکان.

- لە بواری ئابوورییەوە هەتا زووتر بمری قازانجت زیاترە، چونکە بە پێی تێپەڕبوونی کات خەرج و مەخاریجی کفن و دفنت گرانتر دەبێ.

- پێویستت بە دەرمان و پزیشك و نەخۆشخانە نییە.

- لە پرتەو بۆڵەی هاوسەرەکانتان رزگارتان دەبێ.

- ئیزڕائیل ناوتان لەلیستی خۆی دەسڕێتەوە.

- ئەگەر پیاوێکی باش بی, ( ڕێگە دەدرێ ڕێوڕەسمی پرسەکەت لەلایەن فەرمانگەی پەیوەندی دارەوە بەناوی تۆوە سازبکرێ).

- چەپکە گوڵی زۆرت بەدیاری بۆدین.

- هەموویان دووعای بە خێرت بۆ دەنێرن.

- نازناوی خوا لێخۆشبووت لێ دەنێن.

- هاوسەرە جوانەکەت( ئەگەر هەت بێ) دەتوانێ دوو بارە هاوسەرگیری بکاتەوە و چانسی خۆی دوو بارە بکاتەوە.

- رزگارت دەبێ لە دەست قەرداران.

- لە دەست شەڕی خاوەن ماڵ و کرێچی رزگارت دەبێ.

- نەخۆشی و شێرپەنجە جۆراو جۆرەکان بەدواتدا ناگەڕێن.

- لە پێدانی هەموو جۆرە باج و سەرانەیەك دەبەخشرێی.

- هەست بە هیچ جۆرە دەرد و ئازارێك ناکەی.

- لەبەرامبەر کێشەکانی رۆژگار مێشێکیشت میوان نییە.

- لە دوای مردن, هیچ جۆرە حیساب و کیتابێکت بەناو ناکرێ, جگە لەوەش تۆ بەهانەت هەیە دەتوانی نەیدەی.

- ئەگەر ڕێکەوت پارەو پولێکت هەبێ ,کەس و کارت پێی خەنی دەبن.

- لە دوای مردن, لەوانەیە کێلە قەبرتان بۆ دروست بکەن.

- له ژیانی كۆپینی ئازاد رزگارت دەبێ.

- یاساكانی باج و سەرانەی تازە دەردەچن لە دوای مردنت شمولی تۆ ناكەن,

- بە پێی قانون و شەرع هیچ كەس ناتوانێ كڵاوت لەسەرنێ.

- ناچارنیت بە زۆری بەشداریت پێبكەن لە خۆپیشاندان و هەڵبژاردندا.

- رزگارت دەبێ لە دەستی خەسووی ناڕەسەن.

- ئەگەر كاتی خۆی سەرۆك بووبی ئەوە خەڵكی بەشێوازێك یادت دەكەنەوە.

- جل و بەرگ و پێڵاوەكان و ددانە دەستكردەكانت و سەرجەم ئەوانەی پەیوەندییان بە تۆوە هەیە بە هاووڵاتییە خۆشەویستەكانیان دەفرۆشنەوە.

- بە رۆیشتننت, جێگا بۆخەڵكی زیاتر دەكرێتەوە.

- بە مردنی تۆ مێژوو هەلێكی تر پەیدا دەكات بۆ ئەوەی لەبارەی تۆوە بریار بدات.

- ئەگەر پیاو چاك بیت, بەهەشت بە خۆی و فریشتەكان لە پێشوازی تۆ دا رۆژان دەژمێرن تا بەدیدارت بگەن.

- ئەگەر دۆست و هاوڕێکانت لە رووی داراییەوە خوا پێداو بن, لەسەر لافیتەی پرسەکەت بەناوێکی گەورە دەنووسن و لە شەقام و کۆڵانەکان بڵاوی دەکەنەوە.

- لە نێو پرسەکەدا, ( ئەگەر رێگەیان پێدای ) هاوڕێکانت( ئەگەر هەتبن ) (هاوسەرەکەتان ئەگەر لە ژیاندا مابێ, و لەگەڵ کەسێکی تر نەبێ ).هاوڕێ بەتەمەنکانت ( ئەگەر نەبووبنە پەنابەر لە وڵاتانی تردا ) خاوەن قەرزەکان( بەدڵنیاییەوە هەتن ) ئامادەدەبن.

- هیوادارم ئێوەش بە مردنی ئاسایی بمرن نەوەك بە وەستانی دڵ.

# بەشی دووەم

لە دەفتەری بیرەوەرییەکانی مردوویەکی عێراقی.

**ئاماژە:** ئەو بەشەی کتێبەکە تایبەتە بە مردوویەکی ئێراقی کە ١٢٦ساڵ و شەش مانگ لە مەوبەر لە ئێراق ژیاوە. دیارە سەرجەم رووداو و بە سەرهاتەکانی ئەو خوا لێخۆشبووە پەیوەستە بە رووداوەکانی چەند ساڵی ڕابردووی ئێراق.

هەر وەك ئاگادارن, دۆسیە سیاسی و سەربازی و نهێنییەکانی دەوڵەت, لە زۆربەی وەڵاتانی دنیا لە دوای ١٠٠ ساڵ رێگە پێدراون بۆ چاپ و بڵاوکردنەوە, لە ناو مردووەکانیش ئەو جۆرە رێوڕەسمە هەیە. مردووە خۆشەویست و میهرەبانەکان لە ١٠٠ساڵی یەکەم رێگەی قسەکردنیان لە گەڵ دنیای دەرەوە نییە. لەگەڵ ئەو پەڕی رێزو خۆشەویستیمان بۆ ئەو هاوڵاتییە ئێراقیە بەڕێزە, ئێمەش سێ وتاری بۆ بڵاو دەکەینەوە, ئەو کارەمان نیشانەی ئەوە نییە کە خوالێخوشبوو پەسندی بکات.

## لە دەفتەری بیرەوەری مردوویەکدا

## بیرەوەری ژمارە ١

ماوەیەکە لە دنیای فانی ماڵئاواییم کردووە, دەزانم پێتان خۆشە بزانن چۆن چۆنی سەرم لە گۆزەڵەی ڕەحمەت دەرهێناوە, یا کێن ئەو کەسانەی تاوانبارن لە کوشتنی من؟

لەو بارەیەوە مردن بەشێوەیەکی تەدریجی دەستی پێکردوە ,کات و سات و ڕۆژی هەناسە بڕانم لە بیرنییە, بەڵام ئەوەندە دەزانم چەند ڕۆژێك درێژەی کێشا, تا لاشەی بێ گیانی منیان پشکنی.

لە بارەی مەرگی منەوە قسەی جۆراو جۆر کراوە. هەندێکیان دەیانگوت, خۆی کوشتووە, بەشێکی تر بڕوایان وابوو, جەڵتەی دڵ لێیداوم, تەنانەت گروپێك مەرگی منیان بەسیاسی لە قەڵەم دابوو.

داستانەکە بەمشێوەیە دەستی پێکرد, رۆژێکی خۆرەتاوی بوو, بەیانی کاتێك ویستم بۆ کڕینی نانی بەیانی لەماڵێ بڕۆمە دەرەوە, دوو لە هاوڵاتیە بەڕێزەکانی وەڵاتم, کە بەدرێژایی تەمەنم چاوم بەچاویان نەکەوتبوو هیچ جۆرە دووژمنایەتی و دۆستایەتییەکیشم لەگەڵیان نەبوو, فەرموویان کردم تا سواری ئۆتۆمبێلە مارسدیسەکەی خۆیان کردم, بردیانم بۆ دەرەوەی شار بۆ گۆڕینی هەوایەك, بەبێ ئەوەی چاویان لە پارەی منەوە بێ, هەمیشە ئاواتم ئەوە بوو سواری دواین مۆدێلی ئۆتۆمبێلی مارسیدسی رەش بم و بڕۆمە دەرەوەی شار و جەوێك بگۆڕم.

ئەو دوو هاوەڵاتییە بەڕێزە, لە رێگادا فەرموویان کردم جگرەیەك داگیرسێنم, لێم وەرنەگرتن لە بەر سەلامەتیم باش نییە, کاتێك گەیشتە بیابانێك جا نازانم پەنچەر بوو یان بەنزینی لێبرا, ئۆتۆمبێلەکە وەستا, ئەو هاوەڵاتیە بەزۆر منیان لە ئۆتۆمبێلەکە هێنایە خوارێ. تووڕە بوونەکەی خۆیان لەسەری مندا بەتاڵ کردووە. هێندەیان لێدام هەتا مردم. لە بیرمە کاتێك سەیارەکەم پەنجەر دەبوو, نیگەران دەبووم, بەڵام لە هیچ کەسم نەدەدا.

لەو بارەیەوە هیچ جۆرە سکاڵایەکم لەسەر ئەو دوو هاوەڵاتییە بەرێزە نییە, چونکە زۆر جار مرۆڤ بە هۆی زۆری کێشەکانیەوە کۆنترۆڵی خۆی لەدەست دەدا, تازە دەبێ مەمنونی ئەو دوو بەرێزە یان هەر کەسێکی تربم کە ئەوانەی بۆ دەرگای ئەو کابرا زەبوونە ناردبوو.

چونکە پێش ئەوەی مەرگ بێتە سەرو سۆراغم, یەکێك لە ئارەزووە دێرینەکانم هاتە دی کە سواری تازەترین مۆدێلی ئۆتۆمبێلی مارسیدس ببم و بە شۆفێری تایبەتەوە, بەینی خۆمان بێ, چ جیاوزاری هەیە کەسێك بۆ خۆی بمرێ یان کەسانی تر ئەو ئەرکە بەجێبگەێنن.

وای بۆدەچم ئەگەر بەمردنی ئاسایی مردبام نەهێندە خۆشەویست دەبووم, هیچ رۆژنامەیەکیش ئامادە نەدەبوون ژیاننامەو وێنەی سەردەمی گەنجیم بە بۆینباغەوە بە بەلاش بۆ بڵاوبکەنەوە. یان ئەو کتێبانەی کە ماوەیەکە نوسیوومن و لەسەر ئەکی خۆم بەچاپم گەیاندبوون, چەند ساڵێك بوو لە بەردەستم مابوون لەماوەی دە رۆژ دا ناوبانگ دەردەکەن.

ئەگەر بە مردنی ئاسایی دەمردم, تا کۆتای تەمەنم قەرزداری چاپی کتێبەکانم دەبووم. هەر چۆنێکی بێ لە مەرگی خۆم پەشیمان نیم. بەڵام شەرمەزاری ئەو دوو هاوەڵاتیەم کە بە ناچاری لە خەوی شیرین هەستان و لە بەر خاتری من شۆفێری بکەن و بۆ ئەوەی شوێنێکی گونجاو بۆ مەرگی من پەیدا بکەن. کەمێك دڵگرانیش بووم لەوەی کە ئیزرائیل کەمتەر خەمی کردووە لەوەی ئەرکی بە خەڵکی ترسپاردووە. لە مەڕاسیمی بەخاك سپاردنەکەم دا بەشێکی زۆر لە هاوڕێیانی تازە و دوژمنە کۆنەکانمی بەیەکەوە کۆکردبوونەوە. هەندێکیان وێنەکۆنەکانی منی بێ چارەیان گەورە کردبوو و هەڵیان گرتبوون.

مەرگی من هۆکار بوو, کە دۆست و دوژمنە خۆشەویستەکانم پێش مردنم شیرو تیریان لێك دەسوون, هیچ نەبێ تا دوا مەنزڵ لەگەڵم هاوسەفەردەبن. خوا لێخۆشبووی بێچارە خۆشحاڵ بووم بە و یەکیەتی و هاوپەیمانییە کە خۆشەویست بووم خەیاڵم ئاسوو بووە. لەسەر شانی هاوەڵاتیە ئەزیزەکانم درێژ ببووم و گوێم لە دروشمە شۆرشگێریەکانیان گرتبوو. یەکەمجار بوو شانازی بە مردنی خۆمەوە بکەم.

## لە دەفتەری بیرەوەری مردوویەکدا

## بیرەوەری ژمارە ٢

دوای ئەوەی دۆست و دوژمنەکانم بەخاکیان سپاردم و بەجێیان هێشتم. هەستم بەتەنیایی دەکرد, هێستا کفنم زەرد نەببوو, دوای چەند سەعاتێك دوو هاوەڵاتی بەڕێز هاتن و سەرجەم چەپکە گوڵەکانی سەر گۆڕەکەمیان کۆکردنەوەو بردیانن, روخسیاری یەکێکیان ئاشنا دیار بوو, ئەوە هەمان ئەو کەسە بوو دەیان جار گوڵم لێ کریبوون, ( فریشتەی خێر و شەڕ) هاتنە ژووری پرسیار و وەڵام دەستی پێکرد.

هاوسەری پێشووم هەر کاتێك بیویستایە خۆی لەکارێك بدزێتەوە, سەر ئێشەی بە بەهانە دەهێنایەوە .سەد بەهانەی دێنانەوە, بەسوودوەرگرتن لەو بارەیەوە بە(فریشتەی خێر و شەڕ)م گوتن من

تازە گەیشتوومە ئێرە بێگیان و بێ تاقەتم توانای هیچ کارێکم نییە، لێیان قبوڵکردم و ڕۆیشتن، زۆر پێم سەیر بوو کە لێم حاڵی بوون، وەك ئەوە دەچوو پەیامی (دووی ئایاری) ئێراقیان بیستبێ و لەگەڵ مردووەکان میهرەبانتر بووبن.

لە بابەتەکە دوورنەکەوینەوە، دەزانم پێتانخۆشە ئێستا بزانن لە کوێوە قسەتان لەگەڵ دەکەم لە بەهەشت یان لە دۆزەخ؟ ڕاستییەکەی ئەوەیە تا ئێشتا لە نۆرە ڕاوەستاوم، نازانم نە کارمەندیان کەمە نە ژیاننامەی منیان گەیشتبێتە دەستێ، ئەوەی ڕاستی بێ خۆشم لەو باوەڕەدا بووم لێرەش نۆرەگرتن هەبێ. پێتان وانەبێ نیگەرانم، نا، نا. چونکە زۆرترین تەمەنی خۆم لە ریزبەستن لە پشتی گڵۆپی سووری ترافیك لایت و ریزە جۆراو جۆرەکان بەرێکردووە، ڕێزی ناو نووسینی قوتابخانە، زانکۆ، نانەواخانە. پاس، عیادەی دکتۆر، خۆراك، تا دەگاتە ریزی ئاودەست.

خۆم هەر لە ناو ئەو ریزانەدا گەورە بووم. لێرەش هیچ پەلەم نییە چارەنوسم چیلێدێ. لەو بڕوایەش دا نیم تازە فریشتەکانی بەهەشت بەدیار منەوە دانیشن و چاوەڕێم بکەن. چونکە ئەگەر خوا پێی خۆشبوایە ئەو فریشتانە لەژیاندا بۆم دەبوون. بەداخەوە کە نەبوو.

خۆم دەزانم ئەهلی دۆزەخم، بەڵام دەترسم لە بێبەختی من تا ئەو کاتەی نۆرەم دەگاتێ دۆزەخ پڕبێ، بە دڵنیاییەوە وا بیردەکەنەوە خەریکی تۆڵە کردنەوە بم، نانا، ژیان لەدوای مردن هەرچیەك بێ، وەکو زیندوەکان کیشەی نییە.

بۆنموونە: نە کرێ خانوو نە پارەی ئاو و کارەبا دەدەم، نە لەبیری پەیداکردنی بژێوی ژیاندام، نە پێویستم بە دکتۆر و داو و دەرمانە، ناچاریش نیم کە شتێکم نەبێ و ناڕەزایی دەربڕم.

هەمووومان یەك جۆر جل و بەرگمان پۆشیوە، کەس لەکەس گەورەتر نییە، چونکە کەس پارەی نەختی لەگەڵ خۆی نەهێناوە، لەبارەی بەرتیل و بەرتیل کاری هیچ خەبەرێکیش نییە، لێرە کەس هەست بە نامۆیی ناکات، هەمیشە ئارەزووی ژیانێکی سادە و بێ سەر ئێشە بووم، ئێستا خوا لێرە بە نەسیبی کردووم. خۆزگە بە مردوویی دەهاتمەوە سەر دنیا، حەزم نەدەکرد ئەو ژیانەی کە مردووەکان هەیانە بۆتان باس بکەم، چونکە دەترسام خەڵکی پەلەپەل بکەن بۆ مردن و نرخ بۆ ئەو ژیانە دانەنێن. هەڵبەتە نابێ لە مردن بترسن، مێژوو مەرگی مرۆڤەکان دێنێتە پێش.

تەنیا حەز دەکەم ئەوەتان پێبڵێم نیگەرانی مردووەکانتان مەبن، ئەگەر ئازان بیرێك لەحاڵی خۆتان بکەنەوە. ئێمەش لە هەر جۆرە دیاریەك ببەخشن، لێرە پێویستیمان بە هیچ شتێك نییە، ئاسایشی مردووەکان لە هەموو روویەکەوە دەستەبەر کراوە.

هەموو رۆژێك ژمارەیەکی تازە پەیوەست دەبن بەڕێزی چاوەڕوانییەوە، بەشێکیشیان دۆسیەکانیان تەواو بوونە، یان بۆ بەهەشت یا بۆ دۆزەخ بەڕێدەکرێن، هەر بۆیە هەرگیز ژمارەمان جێگیر نییە. هەندێك لەوانەی کە دێن بە دوای سەرو سۆاخی باب

و باپیریاندا دەگەڕێن, دیارە ناونیشانی تەواویان نییە یان لە بەهەشتن یا لە دۆزەخ, هەندێکیشیان لەگەڵ خێزانەکانیان دێن.

ماوەیەك لەمەوبەر کابرایەك هاتەلای ئێمە, هەفتەیەك دواتر خێزانەکەی هاتەلامان, هۆکارەکەم لێپرسی, گوتی: ژیان بەبێ هاوسەر هیچ تامێکی نییە. خەڵکێکی زۆر هەن هەوڵدەدەن هەمیشە لەگەڵ هاوڕێکانی خۆیان بن. ئەوانە پێیان خۆشە وەك خانەی لەش بۆ مردنیش بەیەکەوە بن. لە هەندێ کاتی جیادا کە دێنە ژوور بە لە شێکی شین و مۆرەوە دێن.

کاتێك هۆکارەکەیان لێدەپرسم, راستییەکەم پێنالێن, پێیان وایە کەرین, ئێمە دەزانین ئەوانە پێش مردنیان بە رووداوی هاتوچۆ, یان بە ئۆتۆمبێل شێلاویانن. نازانم تۆ چوویتە زیندان یان نا؟ کاتێك دەچیتە ژووری زیندان هەموویان لە دەورت کۆدەبنەوە. یەکەمین پرسیاریان ئەوەیە: بۆچی تۆیان هێناوەتە ئێرە, لەسەر چی گیراوی؟ چەندیش حوکم دراوی؟

لە نێو مردووەکانیش ئەوە هەیە, یەکەمین پرسیاری مردووەکانیش لە تازە هاتووەکان ئەوەیە؟ چۆن هاتی؟ بەمردنی سروشتی یان دەستکرد؟

شەوی رابردوو بەیەکەوە **٢٣٠**کەسیان هێنا, گوتیان ئەجەلیان بە فڕۆکە هاتووە, بەهۆی کەوتنە خوارەی فڕۆکە سەرجەم سەرنشینەکانی بوونە قوربانی. ئەوانەی کەتازە دێن زۆر بەیان لە

دنیای خۆیاندان زۆرتر رقیان لە مردنە, بەڵام هەر زوو لەگەڵ بارو دۆخەکە رادێن, هەندێکیان لە کارو کردەوەکانیان پەشیمانن و بەشێکیشان شانازییان بە رابردووی خۆیانەوە دەکەن.

شەوی پێشتر ژن و مێردێکیان هێنا, وەك هەمیشە هۆکاری مردنەکەیانم لێپرسین: گوتیان دۆسیەکەمان بۆ دادگا بەڕێکراوە, ئەنجامەکەی دوایی ئاشکرا دەکەن. گوتیان: شەوێکی زستان بوو لە ژوورەکەی خۆمان دانیشتبووین, لە دەرگا درا, دەرگامان کردەوە, دوو گەنجی زۆر شیك و قۆز بە چەپکە گوڵێکەوە بەناوی میوانەوە وە ژوور کەوتن. میوان هەمیشە خۆشەویستی خوایە. چایی و شیرینیمان بۆ دانان, دوای ئەوەی خواردیان ئێمەیان کوشت و رۆیشتن. پێمان وابوو ئیزرائیل ئەوانەی ناردبوون, ئێوە کە غەریبە نین, ئیزرائیل دەیان هەڕەشەی لێکردبووین, بەڵام قەت بە جدیمان وەر نەگرتبوو.

مەڕاسیمی بەڕێکردنەکەی خۆیان زۆر بەتام و چێژگێرایەوە و گوتیان: خەڵێکی زۆر هاتبوون بۆ رێورەسمی بەخاك سپاردنمان, باوەڕبکەن بەشی هەرە زۆری ئامادەبووان خەڵکی نەناسیا و بوون, بەشێکیان دەیانویست رێوڕەسمەکە بۆ خۆپشیاندان بگۆرن, بەڵام پۆلیس رێگری کردن. هەڵبەتە هەمیشە هەر ئاوا بووە, هەندێك خەڵك لە هەلێك دەگەڕێن بۆ ئەوەی ماسی لە ئاوی لێڵدا بگرن.

ئەوانەی کە تازە هاتبوون گوتیان: کۆتاییەکەی هەر تێنەگەیشین خەڵك بۆچی دەگرین؟ ئایا بۆ ئێمە دەگرین یان بۆ حاڵی خۆیان؟

ئەرێ بەڕاست چەند چەپکە گوڵیان بۆ هێنابووین؟ ئەو خۆشەویستانە هەتا لە ژیاندا بووین تەنانەت تاقە گوڵێکیشان نەدایە دەستمان. پێی خۆشحاڵ دەبووین, بەڵام زۆر شەرمەزاریان بووین کاتێك تابووتەکەیان خستبووە شەرشانیان. بەڕاستی کاتی نەبوو هەتاوەکو سوپاسگوزاری ئامادەبوانی ڕێوڕەسمەکە بکەین. هیوادارم کاتێك ئەوان دەمرن و دێنە ئێرە, لێرەوە قەرەبووی ئەو هەموو سۆزومیهرەبانیەیان بکەینەوە.

لە نێو زیندووەکان شتێکی ئاساییە کە بڵێن :( تەمەندرێژبن ). ئێستا دەزانین کە ئەوە دوعایەکی زۆر خراپ بووە. ئەگەر خەڵك تەمەنی درێژبێ زۆرتر رەنج دەکێشێ؟ بۆچی؟ ئەگەر بەخۆشی و سەلامەتی ژیان نەگوزەرێ مردن چ عەیبێکی هەیە؟, سەربەرز نەبی رۆژێکیش زۆرە.

زۆر شەوان دادەنیشم و بیردەکەمەوە, بەڕاستی دڵم بۆ حاڵی زیندووەکان دەسووتێ. تازە بیرم لەشتێك دەکردەوە کە تائێستاش نەگەیشتوومە هیچ ئەنجامێك, ئەویش ئەوەیە, ئامانج لەژیان چیبووە؟ ئەو هەموو درۆ و بێ خەوی و تێکۆشان و خەم خواردن و نارەحەتی و کەوتنە ژێر باری منەتی ئەم و ئەو, ئەو زوڵم و ستەمەمان تەحەمول کردووە, بۆچی بووە؟ ئەو هەموو ناپاکییە, دزی, درۆکردن, ئەشکەنجەدان و تۆمەت بەخشینەوە و بێ رێزی بەیەکتری, دەیان کاری لەوە قۆڕتر کە مرۆڤ بە درێژایی ژیانی خۆی ئەنجامیان دەدات, لەبەر چییە؟

زۆر جاران رۆحی مرۆڤەکان لە دوای مردنیان کە لە جەستەیان دەردەچێ, بەڵام نازانم بۆچی رۆحم لە کۆڵ نابێتەوە؟ وەك بڵێی رۆحم جەستەمی خۆش بوێ, هەر چەندە زۆر هەوڵی لەگەڵ دەدەم بەجێم بێڵێ و بەدوای چارە نووسی خۆی بکەوێت, بەڵام قبووڵی ناکات.

رۆحم بەشێوەیەك هۆگر بووە. هەمیشە لە دەور و بەرمە, ئەویش وەکو خۆم سەرگەردانە. نازانم لەوانەشە هیچ شوێنکی تری نەبێ بۆی بچێ.

ئەوەی راستی بێ منیش هۆگری رۆحم ببووم, هەر چۆنێك بێ تەمەنێك لەگەڵ من هەڵی کردووە, هەمیشە لەگەڵ بەدبەختیەکانی من ژیاوە.

لە سەرپەرشتی مردووەکان داوای مۆڵەتێکی ٢٤ سەعاتیم کرد, بۆ ئەوەی لەگەڵ روحم بگەڕێینەوە ژیانی رابردوومان دۆست و دووژمنەکانمان لە هەقیقەتی مردن ئاگاداربکەینەوە, بەڵام رێگەی نەداین, گوتیان بەمزوانە نۆرەی لێکۆلینەوەتان دەگاتێ بۆیە چوونەدەر قەدەغەیە, بەڵام وای بۆدەچووم لەوە ترسا بن بڕۆم و نەگەڕێمەوە.

بەداخەوە سەرپەرشتی مردووەکان ئەوەی نەدەزانی کە شانازی بەمردنی خۆم دەکەم, خۆزگە زووتر دەمردم, یان هەر بەمردوویی لەدایك دەبووم, نا, ئەگەر هێندەم رەنج و ناڕەحەتی نەکێشابا ئێستا

نرخی مردنم نەدەزانی. هەندێ جار هۆشم دەڕوا دەڵێم بە دزیەوە لەگەڵ رۆحم سەرێك لە زیندووەکان بدەین، خۆشیەکەی ئەوەیە گوێم لە قسەی هەموویان دەبێ، گەشت دەکەم بە بێ ڤیزا و پاسپۆرت بۆهەمو شوێنێکی دنیا دەڕۆم. بەداخەوە کەس ئێمە نابینێ و گوێشیان لەدەنگمان نییە.

دوێنێ سەرێکمماڵەوە دا، منداڵەکانم چەندە گەورە ببوون، ژنە بە وەفاکەم، سەری بەرزکردبۆوە دیتم کچەکەم بەدرەنگی شەو دەهاتەوە ماڵێ، بەخۆم دەگوت: ئەگەر دەستم دەتگاتێ، چارەت دەکەم. هەی سەگی سەگباب، دواتر لەبەر خۆمەوە بەخۆم دەگوت لێی گەرێ با چێژ لە دنیا وەربگرێ، چێژ وەرگرتن لەو ژیانە بۆ هەموومان کەم خایەنە.

تازە کە بانگی روحی خۆم دەکەم بەڵام نایدۆزمەوە، پێم وابێ خەریکی شەیتانییە، لە نەبوونی مندا بەدەوری گیان لەبەرەکان دەسووڕێتەوە، هەر بۆیە ناچارم بە تەنیا بڕۆمە خەوی ئەو کەسانەی کەخۆشم دەوێن، تا ئەو کاتەی لە خەودان لەگەڵیان بم و لە خەو هەڵدەستن، منیش بۆ دنیای مردووەکان دەگەڕێمەوە.

هەندێ جاریش لە تەنیاییدا دڵتەنگ دەبم، تەنیا دڵم بەوە خۆشە کە عەشقی ئەوەڵ و ئاخیرم رۆژێکیان دێتە دیدەنیم بۆ هەمیشە ژیانێکی نوێ دەست پێدەکەینەوە. لەبیرمە کاتێك بەیەکەوە بووین، هەستم بە ئارامی دەکرد وەك ئەوەی تازە لەدایك بووبم.

دەڵێن لێرە دەکرێ مرۆڤ جارێکی تر دەست بەژیان بکاتەوە, بەڵام کاتەکەت پێناڵێن, وای بۆدەچم چاوەڕوانی هەمووان دەکەن بمرن و بەرنامەکە جێبەجێ بکەن, بڕیارم داوە ئەگەر بریار بێ زیندوو بینەوە وەك کەسێك هەستم بە ئەنجامدانی ئەرکەکانم, تەنیا بۆخۆم بژیم و ئاگاداری دایك و باکم و عەشقی ئەوەڵ و ئاخیرم بم.

لە راستیدا ئەو شوێنەی کە منی لێم دوو رێگای هەیە لە نێوانی بەهەشت و دۆزەخ دا, لێرەوە دەتوانی بەهەشت و دۆزەخ بە چاو ببینی, دوێنێ دایکم لە نێوان شیشەکانی رێگای بەهەشتدا بینی, چەند جوان بوو, لە کاروبارەکەمی پرسی, گوتم: خەریکی نووسینی بیرەوەریەکانم بۆ زیندووەکان. گوتی: رۆڵە, ئێستا تۆ مردووی بۆ دەست لەو کارەت هەڵناگری ؟ ئاخر تۆچیت دەوێ, بزانم کەی دەبی بەشەر؟ دەترسم بەنووسین کارەکەت لەدەست بدەی.

پێش ماڵئاوایی بیرم کەوتەوە لەمردن نەترسێت. چۆنیەتی ژیان لەگەڵی دا دێتەوە لێرە لە ناو کۆمەڵی مردووەکان خەڵکی وا دەناسم بەو بیردۆزەی هەیانە سەدان نەخۆش ,تەنانەت لە مردنیش رزگاریان دەکەن, لە ناو مردووەکاندا شاعیرو نووسەری وا هەیە خەڵکی چێژ لە خوێندنەوەی نوسیەکانیان وەردەگرن , کە بە یادگاری بۆیان بەجێهێشتوون, ئیرەیی بە ژیانی ئەو مردووانە دەبەم, پێم وایە وشەی (مردن) بۆ ئەو کەسانە راست نییە.

لە کۆتاییدا دەمەوێ ئەوە بە دۆست و دوژمنەکانم بڵێم, کە: دەزانم زوو یا درەنگ ئێوەش لێرە دەبینمەوە, تا هەموو کون و کەلە بەرێکی بەهەشت و دۆزەخ شارەزا دەبم, ناهێڵم خراپ بۆتان بگوزەرێ.

تەنیا ئەوەتان لە بیربێ لێرە "کارنامەی ژیانتان" پێناسەی کەسایەتیتان دەکات, چاوەڕێی دیدارتانم, تکایە زۆر خۆتان دوامەخەن.

## لە دەفتەری بیرەوەری مردوویەکدا

## بیرەوەری ژمارە ٣

ئەگەر لەبیرتان بێ, لە بیرەوەری پێشووتر ئەوەم بۆ باسکردبوون, بۆ بەهەشت و دۆزەخ لە ناو ڕیزی چاوەڕوانیدا وەستا بووین. باسی ژیانی دوای مردنم بۆ کردن, لە بارەی ئەوانەی تازە دێن, هەروەها باسی سەرگەردانی روحی خۆشم بۆ نووسین, لەو کاتەی دۆسیەکەم کاتی لێکۆڵینەوەی هاتبوو, رێگای چوونە دەرەوەم لێ قەدەغەکرابوو, بە دڵنیاییەوە خۆتان نارەحەتی چاوەڕانیتان بینیوە. دەزانن چەندە گرفتێکی گەورەیە. (ممنوع الخرج) رێگەگرتن لە چوونە دەرەوە لە هەموو شتێك ناخۆشترە. چونکە کار و رەفتار و قسەکردن و نان خواردن و تەنانەت چوونە سەرئاویشت لێ قەدەغە دەکەن. لە چاودێری بەرپرسان دایە, بچوکترین هەڵە لە ڕیزی

چاوەڕوانی بۆ بەهەشت و دۆزەخ بەسە بۆ ئەوەی مردوو بە زیندانی ئەبەد یان بەکردارێکی دژوار لە دۆزەخ دا بمێنیەوە. هەر لەبەر ئەوە هەوڵم دەدا لە ڕیزی چاوەڕوانیدا هیچ هەڵەیەك نەکەم. لە هیچ خۆپیشاندانێك بەشدار نەبم, کارم بەکاری کەسەوە نەبێ لە کەم و کوڕی و نا دادپەروەرییش رەخنە نەگرم.

دوای چەند شەوێك ئارەزووم کرد, بڕۆمە لای یەکەمین عەشقم زۆر بەسەختی برینداره. دەمەوێ بزانم بۆ هێندە تاخیری دەکەن, بزانم پزیشکەکانیش چەندیان کات داوەتێ؟ حەزدەکەم دڵنەوایی بدەمەوە, پێیبڵێم هیچ نیگەران نەبێ چونکە مردن دەرمانی زۆر دەردانە, دەمەوێ بەخۆشەویستەکەم بڵێم تا ئێستا دکتۆرەکان نەیانتوانیوە چارەسەری شێرپەنجە و برین و نەخۆشییە جۆراوجۆرەکان بدۆزنەوە , بەڵام مەرگ بە ئاسانی چارەسەریان دەکات, بە هەر حاڵ دوای دیداری خۆشەویستەکەم گەڕامەوە و خەریك بووم خۆم دەخستە ناو گۆڕەکەمەوە, کوڕەکان هاواریان لێهەستا: کارمەند, کارمەند, تێگەیشتم کە چاوەڕوانیم کۆتایی هاتووە. خۆ تۆ غەریبەنیت ئێستاش کە ئێستایە. بە بیستنی وشەی (کارمەند) مووی هەمووجەستەم گرژ بوون, قەت خۆشیم لە بەرپرسان نەدیووە, هەر ئەو بەرپرسانە بوون منیان بەو رۆژە گەیاندووە.

لە بیرمە زۆربەی ئەو کاتانەی لە شەقامەکانی بەغدا دەرمان و کەلوپەلی پزیشکی و تەندروستیم دەفرۆشتن, بەرپرسەکان بە

بیانووی (سد معبر) ڕێڕەوگرتن، دەیانگرتم و بەرەو بنکەی پۆلیسیان دەبردم. هەڵبەتە هەندێجار لە ڕێگا لەگەڵیان ڕێك دەکەوتم و ئازادیان دەکردم. پۆلیسەکان دەستەڵاتێکی زۆریان هەبوو، ئەو کاتەی زیندوو بووم، ئارەزووم بوو منیش ڕۆژێك دەستەڵاتم هەبوایە. بۆئەوەی توانیبام هەقی خۆم و خەڵکیتریشیان لێوەربگرمەوە، نەخۆشیەکانی خەڵکی چارەسەر بکەم.

بەردەوام حەزم دەکرد، ئەو دەستەڵاتەی ئەوانم هەبووایە تا هەقی خۆیان بخەمە ناو لەپی دەستیان، بەهەر حاڵ کارمەندەکان هاتنە ژووریّ و دەست و چاویان بەستم، ڕادەستی بنکەی دۆزەخیان کردم.

لە وێش دوای ئەوەی هەموو جەستەیان پشکنیم، بۆ چەندەمین بار لێپێچینەوەیان لەگەڵ کردم. ئەمجارە لێکۆڵەڕەوەکەم گەنجێك بوو، لیستێکی گەورەی لە پێش دانام و داوای لێکردم ددان بنێنم بەهەموو تاوانەکان و لیستەکەش واژۆبکەم.

ئەو تومەتانە روحیشم لێی بێ خەبەر بوو، بەڕاستی ڕووم نەدەهات بەشێك لەو تومەتانەتان بۆ بنووسم، ئەو کاتەی کە مردن و هاتنە ئێرە پێتان دەڵێم. پرسیم: ئایا بۆ خۆشت مانای ئەو تومەتانە دەزانی؟ ئایا ئەو لیستە بۆ خۆت ئامادەت کردووە؟ گوتی: لیستی ئەو تاوانانە بۆ هەموو تاوانبارەکان یەکشتە و نەگۆڕە. دەبێ هەموو ئەوانەی ئەهلی دۆزەخن واژۆی لەسەر بکەن. ئەگەر بتەویّ واژۆی لەسەر نەکەی ئەوا خۆم لە بری تۆ واژۆی دەکەم، یان ناچارت دەکەم بۆ ئەوەی

ددان بنێی بەهەموو تاوانەکانت, من بەرپرسم, ئەوە بزانە کات نرخی هەیە, تەنیا دوو خولەك مۆڵەتم هەیە هەتا تۆی پێ تاوانبار بکەم و ڕەوانەی دۆزەخت بکەم.

لیستەکەی واژۆ کرد, , لەبەر ئەو دوو خولەکە و منی رزگارکرد لە ریزی چاوەڕوانیدا دەبێ زۆر سوپاسگوزاری جەنابی بەرپرس بم.

... ئەوە بوو منی گەیاندە دۆزەخ .

سەرەتا دەمەوێ هەمووتان لە بارەی ژیانی دۆزەخەوە ئاگادار بکەمەوە, هەمووتان لە چاوەڕوانی ڕیزە جۆراو جۆرەکاندا یان بۆ بەهەشت دەرۆن یا بۆ دۆزەخ. ئەگەر ئەهلی بەهەشت بی خراپ نییە ئەوە بزانی لە دۆزەخ چی دەگوزەرێ, دۆزەخیەکان چۆن دەناڵێنن بە دەست کەموکوڕی و کێشەکان. ئەگەر پێتوایە دێی بۆ دۆزەخ چ باشتر. ئێوە زانیاری تەواوتان لەسەر ماڵی ئەبەدی خۆتان لەبەر دەستدایە.

دەبێ بمبوورن کە ناتوانم ناونیشانی وردتان بدەمێ, چونکە پێموایە لە دۆزەخ گوێڕایەڵی یاسا و ڕێنماییەکانی نەبی تووشی دەردەسەری دەبی. دۆزەخ شارێکی گەورەیە, دەجار بارتەقای خۆی شوێنی نیشتە جێبوونی هەیە.

سەبارەت بە دۆزەخ ئامارو سەرژمێریەکی ورد و دروست لەبەر دەستدا نییە. هاوینەکانی گەرمە, زستانیش سارد, دۆزەخیش وەکو شارێکی گەورە باکور و باشووری هەیە. گوایە مردووەکان بەپێی

جۆری تاوانەکانیان دابەشکراون, بەشی خوارەوەی دۆزەخ بۆ ئەو مردووانەیە کە بەدبەخت و بێچارەن, هیچ چارەیەکیان نییە جگە لەسووتان, بەڵام ئەوانەی لە باکورن تاوانەکانیان کەمترە و گوزەرانیان باشترە, باکور نشینەکان ئەوندە تێکەڵاو بوونە لەگەڵ بەرپرسە دۆزەخیەکان هەرچی پێیان خۆش بێ دەیکەن.

دۆزەخ پڕیەتی لە پۆلیس, سەرجەم ڕێنماییەکان بەسەر مردووەکاندا دەسەپێنن, کە لەلایەن سەرۆکی دۆزەخەوە دەردەچن.

بەرپرسانی دۆزەخ بیست و چوار کاتژمێر هەڵسوکەوتی مردووەکانیان خستۆتە ژێر چاوەدێری خۆیان و بەراورد بکرێ, هەندێك لە مردووەکان هەوڵدەدەن یاساکانی دۆزەخ وەکو خۆیان جێبەجێ بکەن بۆ ئەوەی خۆیان و خێزانەکانیان دووچاری گیرو گرفت نەبنەوە. بەشێکی تر لە مردووەکانیش دۆ و دۆشاویان تێکەڵکردووە. ڕەخنە دەگرن لەبارەی چۆنیەتی ژیانی دۆزەخەوە. لە خۆپیشاندانەکان بەشداری دەکەن و شەونامە بڵاو دەکەنەوە چونکە لە زیندان کردن ترسیان هەیە.

باشە من بۆ نازانم ئەو گروپە هەتا لەژیاندا بوون هێندە ئازا و چاونەترس نە بوون؟. یان بارو دۆخی دۆزەخ وایکردووە نەترس بن, ئەو گروپە بڕوایان وایە هیچ شتێك لەسەرووی ڕەنگی ڕەش نیە. هەوڵدەدەن بارو دۆخی سیاسیی و کۆمەڵایەتی دۆزەخ بە بەهەشت بگۆڕن.

ئەو کارە لە بەرژەوەندی بەرپرسان و سەرۆکی دۆزەخ دا نییە, هەڵسوڕێنەرانی دۆزەخ کە ژمارەشیان کەم نییە, زۆر بەتوندی دژی ئەوە دەوستنەوە دۆزەخ بە بەهەشت بگۆڕن. دەیانەوێ بە هەر نرخێکی بێ رێگری لەو کارە بکەن بۆ ئەوەی بێکار نەبن.

ئەوەی دۆزەخ هەڵدەسوڕێنێ پێیوایە ئەرکێکی زۆر گەورەی لەسەر شانە, تەنیا خۆی دەتوانێ ئەو کارە وە ئەستۆ بگرێ, هەر بۆیە پێیخۆشە تا کۆتایی تەمەنی لەو پۆستەدا بمێنێتەوە, شوێنی مانەوەکەی لە شونێکی بەرزی دۆزەخە و پاسەوانی زۆریشی هەیە, سەرۆکی دۆزەخ کۆمەڵێك نازناوی هەیە, مردووەکان بۆیان نییە بەبێ هیچ نازناوێك ناوی روو بەروو یان لە پاشەملە بهێن. سەرۆکی دۆزەخ لەهەموو کون و قوژبنێك نوێنەرو سیخوڕی هەیە, زانیاریە سیاسیی و کۆمەلآیەتیەکانی بۆ دەگوازنەوە, پێتان سەیر نەبێ, لە خۆتان بپرسن باشە مردووەکان چکارێکیان بەسیاسەتە؟ بۆیە دەبێ بە بەرێزتان رابگەیەێنم دۆزەخیش وەکو هەر رێکخراو و وەزارەتخانەیەکی گەورە پێویستی بە رێکخستن و بەرێوەبردن هەیە.

رۆژانە هەزاران کەس دێنە دۆزەخەوە, هەریەکەیان پێویستی بە ماڵ و حاڵێکی پڕ لە ئارامی هەیە, بۆ نموونە, ئایا بیرت لەوە کردۆتەوە کە دۆزەخ چەند پێویستی بە کەل و پەلی سزادان هەیە؟ یان ئەگەر ئاسایش بەرقەرار نەبێ ئەوا دەستەلآتدارانی دۆزەخ بەئازادی بژین, رێگری نەکەن زوڵم و ستەم لەلایەن خەڵکی ترەوە ئەوا تێکو پێکی دەدەن. ئایا بیرتان لەوە کردۆتەوە بودجەی دۆزەخ لەکوێوە دابین

دەکرێ؟ بۆ دابینکردنی سایەسەتی ئابووری دۆزەخ دەبێ سیاسەتت هەبێ, داوای هاوکاریش لە سیاسەتمەدارانی دۆزەخ بکەیت, نازانم, بەڵام لەوانەشە هەندێجار بودجەی دۆزەخیش کورتی بهێنێ.

بۆ خۆم تا ئێستا سەرۆکی دۆزەخم نەدیوە. وێنەکەی لە سەر دەرگای هاتنە ژوورە و تەواوی دائیرەکان هەڵواسراوە, بەکەسێکی خراپ نایەتە بەرچاو, بەڵام لەناخیدا نازانم چۆنە, تەنیا خوا ئاگای لە ناخی هەمووان هەیە.

زۆر ئەستەمە بتوانی پەیوەندی پێوەبگری, چەند پێشنیازێکم بۆ باشترکردنی بارودۆخی دۆزەخ هەبوو, ویستم بیاندەمە دەستی سەرۆکی دۆزەخ, بەڵام نەبوو.

بیرم لەوە دەکردەوە لەوانەیە سەرۆکی دۆزەخ ئاگای لەوە نەبێ کارمەندەکان چۆن رۆژگاری مردووەکانیان بەم جۆرە ڕەش کرد بێ.

دەمەوێ پێشنیازی ئەوە بۆ سەرۆکی دۆزەخ بکەم کە ئەو بەرپرسانە لەسەر کار لابدات, مردووەکان خۆیان کاروباری خۆیان بەڕێوە ببەن, ئازادی بۆ مردووەکان لە دۆزەخ فەراهەم بکات, سەگبابانە رێگەی ئەو شانازیەشمان پێ نادەن.

لە دۆزەخیش هەر بەدبەختییە بەرۆکم بەرم نادات, کارمەندەکانی ئێرەش دەست لەو سەرە کەچەڵەم هەڵناگرن.

هەندێجار بیردەکەمەوە ئایا ئەو کارمەندانە چۆن لەدایك بوونە یان ناچاری روژگار ئەوانەی کردوونەتە کارمەند. دۆزەخیش پڕیەتی

لە گیروگرفت و بەش مەینەتی و ئەشکەنجەو زیندانی . لێرەش جیاوازی چینایەتی هەیە, ئەو کەسانەی گوێڕایەڵی سەرۆکی دۆزەخن, ئەوا لە خۆشگوزەرانیدا دەژین و دەستەڵاتیان هەیە.

راستی هەتا لەبیرم نەچووە, پێتان بڵێم بەشێك لە دانیشتوانی دۆزەخ لایەنی داراییان زۆر باشە و توانیویانە بەرەی خۆیان لە ئاوێ بێننە دەرێ, شارەزای هەموو کون و قوژبێك بوون, توانیویانە لە و شاخ و دۆڵ و دەشتەوە بپەڕنەوە و خۆیان بگەێنە بەهەشت و لەوێ داوای مافی پەنابەریان کردووە, ئەو پەنابەرانە لە بەهەشتدا خۆیان وەك سیاسی و ئۆپۆزسیۆنی دۆزەخ ناساندووە, لە نامەی داواکاریەکەیاندا نوسیویانە ئەگەر لە دۆزەخ رایان نەکردبا ئەوا لە ناو ئاگری دۆزەخ دەیانسوتاندن. بەمشێوە دەتوانن لە کێشەو گرفتەکانی دۆزەخ خۆیان رزگاربکەن. تا لە بەهەشت دا ژیانێکی خۆش و پڕ لەکامەرانی دەستەبەر بکەن. کاتێك ئەو باسە کەوتە بەر گوێی دانیشتوانی دۆزەخ, هەرکەسەی کە شتێکی هەبوو بۆ فرۆشتن, هەڕاجیانکرد یان دایانە دەستی قاچاخچی و پاسەوانانی سنوری دۆزەخ بۆ ئەوەی رزگاریان بێ, تا بە ئەسپ و کەر رێگەی بەهەشت بگرنەبەر.

ئەو ماوەیە هیچ شوێنێك لە بەهەشت نەما بوو, بۆیە هیچ پێشوازییەکیان لە پەنابەرانی دۆزەخ نەکرد, هۆکارەکەشی ئەوەیە ئەو پەنابەرانەی لە دۆزەخەوە رایانکردووە, لانی کەم ساڵی جارێك بۆ پۆز لێدان سەرێك لە دۆزەخ دەدەنەوە لەوێ سەردانی ئەو دۆست

و دوژمنانە دەکەن, کە بە هەر هۆکارێك ئەوانیش نەیانتوانیوە لە دۆزەخ رابکەن بۆ بەهەشت. هەڵبەتە پێتان وانەبێ ئەوانەی لە بەهەشتن لە ژیانێکی پڕ لە خۆشگوزەرانی دان. نانا. هەندێك لەو کەسانەش تەنانەت لەدوای مردنیشیان ناتوانن لە زۆر شت رازی بن.

لەدیتنی کۆمەڵێك خەڵك لە دۆزەخ سەرم سووڕما, کەسانێك بە درێژایی تەمەنێك خەڵکیان بە دۆزەخ دەترساند و هەمیشە نەفرەتیان لە شەیتان دەکرد, ئێستا خۆشیان لە دۆزەخن و لەگەڵ شەیتان پیاڵە لێك دەدەن. کەسێك نییە پرسیار لەوانە بکات ئەگەر دۆزەخ هێندە خراپە ئەی خۆیان چی دەکەن لێرە؟ پێموایە ئەو گرووپە داوایان لەخەڵك کردووە بۆ حاڵی خۆیان زیرەك بن, هەم لە پیك دەن هەم لە ماپیك. بەڵام سەرکەوتوو نەبوون.

لە دۆزەخ هەرچی نەتەوە و رەگەز هەیە لەوێ دەیبینی, هەر بۆیە لەوێ هەست بە ئارامی ناکەم, هیچ شتێکی تازەم لە دۆزەخ نەدیوە, بەشێك سەرقاڵی نۆشینن, گروپێك لە ئاگردا دەسووتێن, بەشێکیان بەدوای دەستەڵاتدا دەگەڕێن, بەشێکی زۆریشیان وەك باڵندەی باڵشکاون, باڵیان نییە بۆ فڕین, بەڵام هەمیشە ئارەزووی فڕینیان هەیە و لە دڵێکی پڕلەخەمدا دەژین. لێرە سڵاو و چاك و چۆنیم لەگەڵ خەڵێکی زۆر هەیە, بەڵام متمانەم بەهیچ کەس نییە. لە دۆزەخیشدا وەك ژیانی پێش مردنم هەر تەنیام سەرکەوتوو نەبوو هاودەمێك و خەمخۆرێك پەیدا بکەم, لەوانەشە عەیبە لە خۆمدا هەبێ نەتوانم لە دۆزەخیەکان نزیك ببمەوە.

هەر چۆنێك بێ بارو دۆخی ژیانی پێش مردنم, لەگەڵ ئەو هەموو کەمو کورتی و دەردە سەریانە باشییەکەی ئەوە بوو منی بۆ دۆزەخ ئامادە کردبوو, بەراستی نازانم لەو بارەیەوە سوپاسی چ کەسێك یان چ گروپێك بکەم؟

# نووسەری تێکۆشەر

یەکەم: ئێستا بۆ دەتەوێ ببیە نووسەر؟ بۆ مەگەر نەتزانیوە تازە دەرکەوتووە نووسەرەکان تەمەنیان کورتە؟!

دووەم: بۆچی، هەر زۆر باش دەزانم، بەڵام زۆرم پێمخۆشە لە کۆتایی تەمەنمدا کەسێك بمکوژێ، یاتیرۆر بکرێم.

یەکەم: بۆ مە گەر تۆ شێت بووی، چ هۆکارێك وایکردووە ئاوا بیربکەیەوە؟

دووەم: هۆکار زۆرن، بۆنموونە:

بەشێوەیەك ناوبانگ دەردەکەم، ناوی من لە تەواوی رۆژنامەکانی ناوخۆیی و جیهانی بڵاودەکرێتەوە.

لە رێورەسمی ناشتنەکەم هەزاران کەس بەشدار دەبن.

ئەگەری زۆری هەیە ڕێوڕەسمی بۆ خۆپیشاندا بگۆڕن نارەزایی لە دژی کەمی کارەبا و نان و ئازادی.

وێنە و بەسەرهاتی ژیانم گەورە دەکرێن و دابەشدەکرێن بەسەر خەڵکیدا.

لەوانەیە لە داهاتوودا کۆڵانێکی بن بەست بەناوی منەوە بکەن.

لەگەڵ دۆست و هاوڕێکانم چاوپێکەوتنی تەلەفزیۆنی سازدەکەن باسی قارەمانیەتی من دەکەن.

کتێبەکانم ناوبانگ دەردەکەن و چاپخانەکانیش بەحیسابی خۆیان نازانن.

دەبمە خاوەنی ناونیشانی( نووسەری تێکۆشەر).

بەکورتیەکەی مردوو پەرستی پیشەیەکی کۆنی ئێمەیە.

## رۆح و جەستە

رۆح و جەستە لەگەڵ ئەوەی هاوکارێکی نزیکی یەکترن، بەڵام هەر یەکەیان بە شێوەیەکی سەر بەخۆ کار دەکەن، مانگی جارێك، هێلکەیەك لە هێلکەدانی ژنێکەوە دەردەچێ، بە هیوای بڕوا بوون بە ژیان، ڕێگای خۆی دەگرێتەبەر. هێلکەکە تەنیا دەتوانێ لەماوەی بیست و چوار سەعاتی لەبەر دەستە تا ئامانجی خۆی بپێکێ، هەمان ئەو سپێرمەیە کە دەیگاتێ.

هەندێك کەس لەو بڕوایەدان ژمارەی روحەکان لە دنیادا دیاریکراون. لە لایەکیترەوە رۆح لەنیوان مرۆڤ و مرۆڤێکی تردا پەیوەستە، ئاژەڵ و ئاژەڵێکیتر، لەنێوان حەیوان و مرۆڤێکی تر، یان بەپێچەوانەشەوە.

بەهەر شێوەیەك بێ, ئەگەر هێلکەیەك و روح یەکتر بدۆزنەوە ئەوا (گەرا) لە ناو مندالأدانی ژندا دروست دەبێ. ماوەی نۆ مانگ و نۆ رۆژ لە خولی دەستگیرانی رۆح و لاشە دایە, لەو ماوەیەدا, دوو کاتیان لەبەر دەستە بۆئەوەی هەردووکیان باش یەکتر بناسن و بە تایبەتمەندیەکانی یەکتری ئاشنا بن. ئەگەر هەر دوولا لەیەکتر رازیبوون خۆشحال بوون لەیەکتر, لەدوای نۆ مانگ و نۆ رۆژ منداڵێك لەدایك دەبێ, دیاری کردنی رەگەزی ئەو منداڵە پەیوەستە بەو کام لە رۆح و جەستە رۆڵی ڕێبەرایەتی دەکا . بە دەربڕینێکی دیکە کامەیان بەسەر ئەو دووانە دا زاڵە, ئەگەر لاشە و رۆح نەگەنە ڕێکەوتن و لەیەکتر رازی نەبن, ئەوا نوتفەی تۆوەکە ناپیتێندرێت و هیچ ئەنجامێکی نابێ و منداڵەکە لە سکی دا دەمرێ.

ئەگەر جەستە مەیلی جودایی هەبێ و رۆحیش ڕێگەی نەدات, ئەوا منداڵێکی کەمئەندام و نەخۆش لە دایك دەبێ, ئەگەر ئارەزووی هاوکاری کردنی نەبێ نەتوانێ جەستە بۆ ماوەی نۆمانگ و نۆ رۆژ لە خۆ بگرێ, دایك ناچارە رۆح وجەستە هەر دووکیان لەیەك شوێندا لە ناو بەرێت.

سەرەنجام ئەگەر رۆح توانی خۆی لە ناو دڵی هێلکەکە جێگە بکاتەوە هەر دووکیان شانازی بە بوونی یەکترەوە دەکەن, ئەوکاتە منداڵەکە هیچ چارەیەکی تری نییە جگە لەوە ژیانی بەگریان دەست پێبکات.

له قۆناغی منداڵیدا گیان و جەستە بەرەو مانگی هەنگوینی دەڕۆن، نازانم ئێوە چوونە مانگی هەنگوینی یان نا؟ مانگی هەنگوینی دەورانی خۆشی و بێ خەبەریە، قسەو باسەکان لە سەر عەشق و عاشقی و هیوایە.

لە بەشێکی زۆری وڵاتانی دونیا، لە دنیای جوانی منداڵاندا هاتنە ژوورەوە خەم و خەفەت بە یاسا و شەرع قەدەغەکراوە. لە دەورانی لاویەتیدا رۆح و جەستە لەگەڵ هەبوونی تێبینی جیاواز هەوڵی خۆیان دەدەن تا بەیەکەوە بمێنەوە. لە قۆناغی پیریدا رۆح و جەستە لەدەست یەکتر ماندوو دەبن، یەکتر قبوڵناکەن، توانای هەڵکردنی یەکتریان نامێنێ، جەستە نارەزایەتیەکانی خۆی بە نەخۆشی و ئازارەوە دەر دەبڕێ، ڕۆحیش ناخۆشیەکانی خۆی بەشێوەی پەرتەوازە و فەرامۆشی لێ دەر دەکەوێ، تاکاسەی رۆحی لێی دەڕژێ و جەستە بەجێی دێڵێ چونکە لە هاوسەرگیری روح و جەستە دا مافی تەڵاق بەدەست روحە.

هەر بەمشێوەیە پەیوەندی لە نێوان روح و جەستەی کەسێك لەگەڵ رۆح و جەستەی کەسێکی تر هەیە. مرۆڤ کاتێك کەسێکی خۆشدەوێ، دوو روح لەگەڵ دوو جەستە دەبن بەیەك کەس پێی دەڵێن عاشق و مەعشوق، ( یان دایك و باوك ) ئەگەر هەرکاتێك عاشق و مەعشوق بە هۆی چەند هۆکارێکەوە لێك جودا بوونەوە، واز لە روحەکانیان بێنن، چونکە ئەوان لە سەردان و هاتوو چۆی

یەکتری بەردەوام دەبن, هیچ کەس ناتوانێ لە دنیادا روحی دوو عاشق لە یەکتری جیابکاتەوە, تەنانەت غوربەت و مردنیش.

## سوودەکانی منداڵ

١- بۆ ئەوەی وەچە بخەیتەوە , لانیکەم چەند خولەکێك چێژ لە ژیان وەردەگری.

٢- لە لیستی ( وەجاخ کوێران ) ت دەردێنن.

٣- تانەبیتە خاوەنی منداڵ قەدری دایك و باوکت نازانی.

٤- لانیکەم کەسێك زیاد دەبێ لە لیستی نەوە و نەتیژەی دوو بنەماڵەدا.

٥-گوایە کاریگەری هەیە لە پەیوەندی نێوان ژن و مێرد دا.

٦- لەبەر خاتری لەدایك بوونی ئەو منداڵە چەپکە گوڵ و جلوبەرگی منداڵانەت بۆ دێن.

٧- لەلایەن دەوڵەتیشەوە هەموومانگێك ( مافی منداڵەکەت) دەخرێتە سەر حیسابەکەت. بەدەر لە وەڵاتی ئێمە.

٨- ئەگەر لە سوید دەژی, لەبەر منداڵەکەت بۆیەك ساڵ مۆڵەتت دەدەنێ و مووچەکەشت بەتەواوی وەردەگری.

٩- لەبەر منداڵەکەت, لەکرێی سوار بوونی پاس دەبەخشرێی .

١٠- هیچ جیاوازییەکی نییە لە نێوان نێر و مێ, لە بەشێکی زۆری وڵاتانی دنیا لەو رۆژەی منداڵەکە دەتوانێ لەسەر پێی خۆی راوەستێ و کارو کاسبی بکات بۆ ئەوەی هاوکاری بنەماڵەکەیان بکات.

١١- ئەو ئاکارە( باش و خراپانەی دوایی دەردەکەون) لەپاش خۆی بەجێدێڵی.

١٢- لەوانەیە لە گەنجیەتیدا تووش بوون بە "شێرپەنجە مەمك " کەمتر بێ.

١٣- بەهۆی منداڵ بوونەوە, ساغی و سەلامەتیت باشتردەبێ.

١٤- بەهەشت دەکەوێتە ژێر پێی دایکان.

١٥- لە رۆژی دایك بووندا دیاری وەردەگری.

١٦- ئەگەر نەخۆش بکەوی, کەسێك بتگەێنێتە نەخۆشخانە, بەدوای داو دەرمانەکەت بروات, هەموو شەقامەکانی شارت بۆ بخاتە ژێر پێ.

١٧- ئەگەر بکەویتە زیندانەوە, هیچ نەبێ کەسێك هەیە جگەرەت بۆ بێنێ.

١٨- تۆ تەنیا نیت هەر کاتێ هاوسەرەکەت سەفەری کرد یان بۆ ماڵی ئەبەدی خۆی ئۆغری کرد.

١٩- هەرکاتێ لەمردن نزیك بوویەوە نیگەرانی قەرزەکانت مەبە, منداڵەکانت بۆ ئاسوودەیی روحی تۆ ئامادەن بەهەر نرخێك بێ قەرزەکانت بۆ بدەنەوە.

٢٠- لە دوای مردنت, ئەگەر پارەو پولێکت هەبێ, بەزایە ناچێ.

٢١- هەرکاتێ مردی, منداڵ, یان منداڵەکانت, دەتوانن رێورەسمێکی شایستەت بۆ بەرێوەببەن بەمەرجێ:

- لێت تووڕە نەبووبن.

- لە زیندان نەبن.

- ئەگەر رێکەوتبن لە بارەی کفن و دفن و مەراسیمی بەخاکسپاردنەکەی.

- هەرکاتێ هەواڵی مەرگت ببیستن.

- سەروەت و سامانێکی زۆرت هەبێ.

- لە وڵاتانی تر پەناربەر نەبن.

- فەرمانگەی پەیوەندیدار رێگە بدات بە رێورەسمی بەخاکسپاردنەکەت.

# هاوپۆل

لە کۆرسی زماندا، هاوپۆلێکی ئەفریقای باشوورم هەبوو ناوی مەحەمەد بوو. تەمەنی  چل ساڵ دەبوو، تەك و تەنیا دەژیا، تەنیایی بۆ بەشێکی زۆری خەڵکی دەردە سەری و پڕ ئازارە، بەڵام مەحەمەد لەگەڵ تەنیایی راهاتبوو، خوا ئەوی بە تەنیا دروست کردووە و ئارامیشی لە تاقە ماڵێك بۆ فەراهەم کردبوو. پیاوێکی روو خۆش و کەمدوێ و سادە ساکار و بەدڵ بوو.

ماوەیەك لە مەوپێش مەحەمەد لەگەڵ خاتوونێك ئاشنایەتی پەیدا کرد، ماوەیەکی زۆر تێنەپەری بوو، ئەو دۆستایەتیە گۆڕا بەعەشق، مەحەمەد بۆ یەکەمجار بوو کە بەگیان و دڵ عاشق بێ. لە ژیانی خۆیدا هیچ کەم و کورتییەکی نەبوو، خۆزگە هەموو مرۆڤەکان دەیانتوانی بەدرێژایی تەمەنیان بە عەشق و ئەوینەوە دەمانەوە. نازانم

هەتا ئێستا تۆ عاشق بووی یان نا؟ نەنکم هەمیشە عاشق بوو، ژانی عەشقی بە ئازاری ددان ئێشە دەچوواند.

رۆژێك پێمگوت، ئەگەر عەشق بە ئازارە، هیوادارم هیچ کەس بێ ئازار نەبێ، بەڵام لێرە هیچ کەس و هیچ شتێك لە ژیاندا نامێنێتەوە، زۆربەی ئازارەکانیش بەناو گیانی مرۆڤدا دێن و دەڕۆن.

دوای ماوەیەك هاوڕێ کچەکەی مەحەمەد لەگەڵ کەسێکی تر ئاشنا دەبێت و بەبێ ماڵئاوای بەجێی دێڵێ، ئەویش وەکو ئەوانی تر، تا لەگەڵ کەسێکی تر ژیانێکی تازە دەست پێبکات. مەحەمەدیش هیچ کاتی بەفیرۆ نەدا، بەردەوام قەڵەمی بەدەستەوە بوو، بۆ ئەوەی هەموو عەیبەکانی کچە هاوڕێکەی بنووسێتەوە تا ئەو شوێنەی بیرەوەریەکانی ماندوو پەرێشانی دەکرد. هەر کاتێکی چەقۆی دەگەیشتە سەر ئێسقانی فکرو خەیاڵی هاوڕێکەی زیندوو دەبوونەوە. بۆ ئارامی بیرەوەرییەکانی نامەکەی دەکردەوە و جگەرەیەکی دادەگیرساند و عەیب و کەم و کوڕی کچە هاوڕێکەی لەگەڵ دوو کەڵی جگەرەکەی بەبا دەکرد. لەو رۆژە بە دواوە مەحەمەدم لەگەڵ هیچ ئافرەتێکی تر نەدیتەوە، وەك مارانگازی لێهاتبوو لە هەموو شتێك ترسا بوو. حەزی نەدەکرد هۆگری هیچ کەس و هیچ شتێکبێ لە ژیانیدا.

رۆژێك بەتایبەت لێمپرسی بۆچی هاوسەرگیری ناکەی؟ وەڵامی دایەوە: ئەوکەسەی من خۆشمدەوێ منی بەدڵ نییە، ئەو کەسانەی کە منیان دەوێ، من خۆشم ناوێن، پرسیم: بۆچی هاوسەرگیری

پۆستی ناکەی؟ وەڵامی دایەوە, ماوەیەك لەمەوبەر کراسێکی گوڵداری سادەم لە ڕێگەی پۆستەوە داوا کرد, کاتێك گەیشتە دەستم, سێ کەمایەسی هەبوون, کراسەکە گوڵدار نەبوو, لەبری سادەیی چنرابوو, ئەندازەکەشی بۆمن گەورە بوو, ئەو کات وەسیەتی باوکم کەوتەوە بیر, کە دەیگوت: بۆ ئەوە کڵاوت لەسەر نەنێن پێش ئەوەی هەر شتێك بکڕی یەکەمجار تاقی بکەوە, ئەگەر حەزت لە ئەندازە و ڕەنگەکەی بوو بیکرە, باوکم لە بارەی خۆراکیشەوە بڕوای وابوو, دەیگوت: پێش ئەوەی بیکڕی تامی بکە, بزانە بەتام و چێژە, گەیشتووە یان نا, دوایی بیکڕە.

بەهەر حاڵ مەحەمەد چێژی لەو تەنیاییە دەبینی, چونکە هیچ کەسی نەبوو ڕێزی لێبگرێ, لانی کەم ڕۆژانە جارێك خۆی رووت دەکردەوە یان بەجلك و بەرگەوە دەڕۆیشتە بەر ئاوێنە, چەند جارێك خۆی بە قوربان و سەدەقەی خۆی دەکرد, ڕۆژانە جارێکیش لە ڕێگەی تەلەفۆنی گشتی یەوە زەنگی بۆ خۆی لێدەدا یان نامەی بۆ خۆشی دەنارد:"کارێکی گرنگم نەبوو تەنیا ویستم پێت بڵێم کە خۆشم دەوێی. مەحەمەد زۆر باشی , ئاگاداری خۆت بە, ڕۆژگارێکی روونتر چاوەڕێتە. لەگەڵ سەختی و ناخۆشیەکانی ژیاندا تێبکۆشە.

باشترین هاورێی تۆ."

جار و باریش نامەی عاشقانەی بۆ خۆی دەنووسی و پۆستی دەکردن, ڕۆژی دواتر پۆستەچی نامەکەی لە کەلێنی دەرگاکەوە

هەڵدەدایە ژووریَ, مەحەمەدیش لەویَ لە چاوەڕوانییدا دەمایەوە, کاتیَ لەبەر ماندوویەتی و برسیەتی دەهاتە دەریَ نامەکەی خۆی دەکردەوە ئەو قسانەی دڵی پێیخۆش بوو کەسێك بۆی بنوسیَ دەیخوێندەوە یا لە گوێچکەی بزرینگێتەوە, " ماندوو نەبی خۆشەویستەکەم, زۆر دڵتەنگم بۆت, کەسی وەکو تۆ نە لەدایك بووە و نەدەبیَ. قەدری خۆت بزانە, ئەو رۆژانە کۆتاییان دێت, بە هەموو توانامەوە خۆشمدەوێی, وابیردەکەمەوە تۆ گەورەترین چانسی ژیانمی, بیَ تۆ ناژیم."

لە بیرم ناچیَ کە دایکی تەمەنی درێژی بۆ ئێوە بەجێهێشت, مەحەمەد لە غورەبەت بووە, پانزە ساڵ بوو دایکی نەبینیبوو, لە کاتێکدا دەگریا, نامەیەکی پرسەی بۆ خۆی نوسی و پۆستی کرد, کاکی پۆستەچی رۆژی دواتر, پرسەنامەکەی  بە پولی پۆستەوە دایەدەستی.

مەحەمەد هەرکاتیَ بۆ دایکی دڵتەنگ دەبوو, پرسەنامەکەی دەکردەوە و جگەرەیەکی دادەگیرساند. نامەکەی زۆر بەوردی دەخوێندەوە, ئەوکارە بۆ ماوەیەکی زۆر دووبارە دەکردەوە, تا توانی خۆی رابێنیَ کە" هەتیو" بووە.

رۆژێکیان لە پۆلدا مامۆستا هاتە سەر سەری مەحەمەد.

مامۆستا: بۆ هاوسەرگیری ناکەی؟

مەحەمەد: کچێکی باشم پیَ پەیدانابیَ.

ماموٚستا: له وهڵاتی ئێمه پڕه له کچی باش و خانهدان.

مهحهمهد: بهڵام حهزم لهکچی ئهفریقایی یه.

ماموٚستا: ئێ, کچێکی ئهفریقایی بخوازه, ئهو شارهی ئێمهش پڕه له کچی ئهفریقایی.

مهحهمهد: بهڵام لێره کچی نهجیبی ئهفریقایی نابینم.

ماموٚستا: ئێ بڕوٚ بوٚ ئهقریقا کچێکی نهجیب بێنه.

مهحهمهد: ماموٚستا, کچی نهجیبی ئهفریقایی, له ئهفریقا نهجیبه, ههر کاتێ قاچی بگاته ئێره وهکو باقی ئهوانی تر نانهجیب دهبێ.

ماموٚستا رووی له قوتابییهکان کرد و گوتی: بوٚ ههفتهی داهاتوو "نهجیب"م بوٚ پێناسه بکهن.

روٚژێك داوام له مهحهمهد کرد ئهگهر وهسیهتێکت ههیه پێم بڵێ با بوٚت بنووسم. گوتی: بوٚ ئهوانهی تا ئێستا لهدایك نهبوون, ئاموٚژگارییان دهکهم جارێ لهدایك نهبن, کهمێك راوهستن تا بزانین بوٚ ئهوهی بارودوٚخهکه کهمێك باشتربێ, ئێستا کاتی ئهوه نههاتووه بژین. بوٚ کهسانێکی وهکو من مهحکومم بهوهی درێژه بهژیان بدهم. ئاموٚژگاریتان دهکهم هوٚگری هیچ کهس و هیچ شتێك نهبن, بهردهوامی بهقسهکانیدا: کاتێك که عاشقی, ساغی, پێتخوٚشه که کهسێك توٚی خوٚش دهوێ, گهنجی, تونای دارایی و توانای کوٚمهڵایهتیت ههیه, ههوڵنهدهی هوٚگری ئهوه بی که ههیه, چونکه

(کارتی) ژیان هەموو رۆژێ لە حاڵەتی گەڕانەوە دایە. لەوانەیە سبەی ئەوەی هەتە لە دەستی بدەی یان لە دەستی بگرن. هیچ کاتێك بە جوانی و ساغی و پێگەی خۆت مەنازە, لە ژیاندا دڵبەندی هیچ کەس و هیچ شتێك مەبە, کێشەی دەروونی بەمشێوەیە پەیدا نابێ. لەبیرت نەچێ کە باشترین خووگرتن هۆگر نەبوونە.

# سوودەکانی تەڵاق

- ئازاد دەبی.

- نە پیاو نە ژن نابنە کەڵەگا.

- پێویستیت بە وەصی و قەیوم( سەرپەرشتی) نییە.

- چانسی (نوستوی) خۆی دووبارە بە ئاگا دێنێتەوە.

- لە وانەیە جارێکی تر عاشق ببیەوە, کەسێکی تر بۆ ماوەی چەند مانگێکی تر خۆت بە قوربان و سەدەقەبکات.

- مافی ئەوەت هەیە هەر کەسێکی پێتخۆش بێ سەمای لەگەڵ بکەیت و هاتوو چۆی بکەیت.

- لەوانەیە جارێکی تر وابە ئاسانی نەکەویتە ناوچاڵ, چونکە پێشتر ئەزمونی تەواوت وەرگرتووە, کەس ناتوانێ بە ئاسانی کڵاوت لەسەر بنێ.

- هەقی ئەوەت هەیە دۆستایەتی هەموو کەسێك  بکەیت خۆشت بوێن, دەتوانی بۆ نانی شەو و بە یانی دەعوەتیان بکەیت.

- دەتوانی شەوانە درەنگ بێیتەوە ماڵێ, یان هەر نەگەڕێیتەوە ماڵێ.

- پێویستت بەوە نییە کەسێکت خۆشنەوێت, عاشقت نەبێ و قەدرت نەزانێ کابانی بۆبکەی. جلك و بەرگی بۆ بشۆی و رۆژێ چەند جارێك لە خۆوە خۆی بە قوربان و سەدەقەی بکەیت.

- ئەگەر زیرەك بیت و لەگەڵ کەسێکی دەوڵەمەند هاوسەر گیری بکەیت, دوای تەڵاق دانت نانت دەکەوێتە رۆنی. چونکە نیوەی سەروەتی ئەوە ماڵە بەیاسا بەتۆ دەبڕێ.

ئەگەر هەمان تەکنیکی پێشوو بەکار بێنی, دڵی چەند کەسێکی تریش بەدەست بێنی و هاوسەرگیریان لەگەڵ بکەیت. بەگوێرەی حیساباتی بیرکاری دەبیتە ملیۆنێر.

ئەگەر هاوسەرەکەت بەجدی نەهاتە پێشێ تا تەڵاقت بدات پێی بڵێ "کەسێکی تر" لە گۆڕێ هەیە. بۆیە زۆر نزیکە رازی بێ بەوەی دەستت لێهەڵگرێ تەڵاقت بدا. بەڵام گرەنتی ئەنجامی کارەکەش ناکەم. کەسێك دەناسم بەهاوسەرەکەی گوت: لە بەر خاتری" کەسێکی تر" لە تۆ جیا دەبمەوە, گوایا چاوەڕوانی زیاتری هەیە لە کەسێکی تر. ئێستا ئەگەر دەتەوێ بەختی خۆت تاقی بکەیتەوە, بەکورتیەکەی لەگەڵی خەوتووی و ئەو  باشتر لەمن باشتر دەناسی.

- ئەگەر منداڵت هەبێ نابێتە بانێك و دوو هەوا, خۆت هەڵدەستی بە پەروەردەکردنی وەکو خۆتی باردێنی.

- چ لەوە باشتر ئەگەر منداڵەکانت گەورە بوونە, هاوسەرە پیرەکەت چیتر بەکەڵکت نایە. هاوسەرێکی گەنج هەڵدەبژێری لە رێگەی پۆستەوە. ئەگەر شارەزاش نیت ئەوا لە هەر کەسێك بپرسی پێت دەڵێن, " هاوسەری پۆستی" تا چەند ساڵێك کارتی ئیقامەکەی بەدەست نەگەیشتووە لەژێر فەرمان و گوێڕایەڵی تۆدا دەبێ, هەموو پێداویستەکانت بۆ رایی دەکات.

- پارەی منداڵەکە, حکومەت مانگانە دەیخاتە سەر حیسابی دایکی یان باوکی, هەمووی دەبێتەماڵی تۆ.

- ئەگەر هاوسەرەکەت رۆیشتووە, بەپێی یاسا هەموومانگێك بڕێك پارە دەخاتە سەر حیسابەکەت لەبەر خاتری منداڵەکەت, ئەگەر وانەکات دەتوانی سکاڵای لەسەر تۆماربکەیت و لە قوڕگی دەربێنیەوە.

- سوودێکی زۆری تریش هەن بەداخەوە کە بە مێشکی پوچی مندا نایەن. بەڵام زۆر دڵنیام هاوڕێ تەڵاق دراوەکانت کە ژمارەشیان کەمنین, بتەوێ و نەتەوێ فێرت دەکەن.

## بەدوای عەشقا

هەموو کچێکی ساغ لە تەمەنی باڵق بوونی ٣٠٠ بۆ ٤٠٠ هێلکەی لە نێو هێلکەدانیدا هەیە، مانگی جارێك یەك هێلکەی تەواو کامڵ لە هێلکەدانەکەی جیا دەبێتەوە، بەو هیوایەیی (سکیان هەبێ) دەست بە گەشتە مێژوویەکەی خۆی دەکات.

ئەو هێلەکەیە تەنیا ٢٤ سەعاتی لەبەر دەستە تاوەکو سپێرمی دڵخوازی خۆی پەیدابکات، بە پێچەوانەوە وەکو زۆربەی مرۆڤەکانی تر تەمەنی خۆی بە تەنیایی بەڕێدەکات.

لەلایەکی ترەوە، گونەکانی پیاو رۆژانە ملیۆنان سپێرم بەرهەم دێنن، هەر یەکێکیان تایبەتمەندی خۆیان هەیە. میلۆنان سپێرم بەمەبەستی ئازاد بوونیان لە هێلکەدان دەکەونە ڕێ. بۆئەوەی بەهەر شێوەیەك بێ هێلکەیەك بدۆزنەوە، خۆیان لە ناو هێلکەدانەکەدا جێگەی

خۆیان بکەنەوە بەمەبەستی (سکپڕی) لەو چەند ملێۆن سپێرمە کە دێنە ناو پێشبڕکێ گەورکەی ژیانەوە، تەنیا یەك سپێرم شانسی بردنەوەی هەیە. بە واتایەکی تر، بەپێی یاسا تەنیا هێلکەیەك مۆڵەتی هەیە لەگەڵ سپێرمێك ببنە هاودەم و هاوماڵ. لەوە گەڕێین هەندێك لە هێلکەکان بەتام و چێژەوە لە گەڵ دوو سپێرم یان زیاتر لەیەك کاتدا ئاوێزان دەبن، دەرئەنجامەکەی دوای نۆ مانگ و نۆ رۆژ دەردەکەوێ، دایك ناچارە، زەحمەتی دوو منداڵ یان زیاتر بکێشێ، باوکی بێچارەش، هیچ چارەیەکی نییە جگە لەوەی کە ورگی چەند میوانێکی ناوەخت لانی کەم هەتا تەمەنی باڵق بوونیان تێر بکات. لێرەوە سەرنجتان رادەکێشم بۆ گفتو گۆیەکی تایبەتی بوکەخان (هێلکە) لەگەڵ خوشك و کاکی زاوا(سپێرم) لەگەڵ براکانیان:

سپێرمەکان: ژمارەی ئێمە بێ شومارە، هەموومان لە یەك شوێنەوە لەدایك بووین. بۆیە هەر یەکێکمان خولْق و خوی تایبەتی هەیە، بەڵام لە یەك کاتیشدا هاوبەشین. لە رووی داراییەوە ئامانجێکی هاوبەشمان هەیە. هەموومان دەزانین بۆ گەیشتن بەو ئامانجە رێگەیەکی دژوارمان لە پێشە، دوورنیە مردن لە ئانوساتێکدا بێتە سەر سەرمان، بەڵام گرنگ نییە، ئامادەین لە پێناو گەیشتن بە ئامانجەکانمان گیانی خۆشمان ببخەشین، ئەگەر نەتوانین سەرکەوتووبین هێلکەدانەکە بەدەست بێنین، نەوەکانی دوارۆژمان ئێمەش، هەمان رێگای ئێمە دەگرنە بەر. دەبێ ئێمە بە ئامانجی

خۆمان بگەین، بۆ ناوی ژیان مانەوەی نەوەکانمان پارێزگاری لە گیانی خۆمان بکەین.

هێلکەی کامڵ گوتی: خۆزگەم بەخۆت خوشکێ ئەو هەموو داخوازیەت هەیە، دەیان ملیۆن سپێرم ئامادەن گیانی خۆیان بکەنە قوربانی لە پێناو گەیشتن بە تۆ.

بووکە خۆڕەپێشخەرەکە: راستە کە زۆر بەیان دەیانەوێ خوێنی بڕژێنێتە سەرم، بەڵام حاڵەتی من جیاوازە، کەسێکم دەوێ بتوانم عاشقی بم و ئەویش قەدرم بگرێ. ئەگەر سەر کەوتوو نەبووم لەوەی دڵم دەیەوێ بیدۆزمەوە، ئەوە با هەتا دەمرم هەر بەتەنیا بم. ژیانی بێ عەشق و خۆشەویستی نرخی نیە.

# گەدە(گیپاڵ)!

گەدە, پڕ خەرج ترین ئەندامی لەشە, ئەو ئەندامە پەیوەندییەکی توووند و تۆڵیان هەیە لەگەڵ (زار). گەدە, کەوتۆتە خوار لەشی مرۆڤەوە, هەمووومان دەتوانین بەبێ چاویلکەش ببینین و دەستی لێ بدەین. هەڵکەوتەی شوێنی جوگرافیایی گەدە وایکردووە ناچارمان بکات, هیچ کەس و هیچ هەلومەرجێك نەتوانێ وامان لێبکات لە ورگ غافلً و بێ ئاگابین.

ئەوکەسانەی مان لە خواردن دەگرن یان کەسانێك بۆماوەی چەند رۆژێك ورگیان پشتگوێ بخەن بیزانن یان نەزانن بەرەو پیری مەرگەوە دەڕۆن. ورگی بە تاڵ گاڵتەو گەپی لەگەڵ کەسدا نییە, هەر ئەو ورگە بە بەبیانووی بەتاڵ بوونیەوە رۆژانە هەزاران کەس لە سەرانسەری دونیا, بەرەو بە دۆزەخ یان بەهەشت دەنێرێ, هەرلەبەر

ئەو هۆکارانەیە بەعەقڵی کامڵی ئێمە دەگەن, عەقڵی تەواوی نەداوەتە بەشێك لەخەڵك. ئەو گروپەی خەڵك بۆ تێربوونی ورگیان ئەوەی لەدەستیانبێ دە ورگی دەئاخنن. ورگیش هەوڵدەدا ئەو بێ لوتفیە وەکو هەژاری و نەداری رابردوو تا ئەو جێگایەیی دەکرێ ئازارەکەی هەڵبگرێ. بەڵام کاتێك دێت کاسەی سەبری لە سەری رژاوە, نارەزایەتیەکانیش بەشێوەی نەخۆشی جۆراو دەر دەکەون.

بە هەرحاڵ مرۆڤ بۆ تێرکردنی ورگی زۆر بەدبەختی و سوکایەتی کێشەی جۆراو جۆری ژیان هەڵدەگرێ, بۆئەوەی ئەو ئەندامە بێدەنگ بکەیت, لانی کەم رۆژێ سێ جار پێی رابگەی تا دەنگی لەبەر نەیەتە دەرێ.

ئەگەر ورگت برسی بکەی, بۆنی دەمت رێگە نادات لە خەڵکی نزیك بیتەوە, هۆکاری هەموو نەخۆشی و شێرپەنجەکان لە مرۆڤدا ورگە. ورگ ناچارت دەکات, کە مرۆڤ بۆ ئاگا لێ بوونی ئەو ئەندامە بەشێکی زۆری داهاتەکەی خۆی (ئەگەر هەیبێ) بۆ کرینی خواردن خەرجی بکات.

هەندێ خەڵك دەناسم تەنیا بۆ ورگیان کار دەکەن, وەك ئەوەی لەدایك بووبن هەتا ورگی خۆیان و بنەماڵەکانیان تێربکەن, دەتوانی جیاوازی نێوان مرۆڤەکان و گەلانی دونیا و دەستەڵاتداران و سیاسەتمەداران لە رستەیەکدا کۆبکەیتەوە: "تۆ مەخۆ, بامن بیخۆم" مرۆڤەکان بۆ تێرکردنی ورگیان پەیوەستن بە پێگەی کۆمەڵاتیان, بەشی زۆریان کاردەکەن, لەوانەش:

قوتابخانە یاری لە مندڵەکان دەستێنێتەوە و ڕەوانەی کارو کارخانەکانیان دەکەن. کچانی تازە پێگەیشتوو بەشوو دەدەن بە پیاوێك لە تەمەنی باوکیاندابێ, بەقسەی خۆیان دەینێرن بۆماڵی بەختیان, بەڵام درۆ دەکەن.

بەسەر دیواری ماڵاندا هەڵدەگەڕێن, مادەی هۆشبەر بۆخەڵکی تر دەستەبەر دەکەن, ماڵی خەڵکی وێران دەکەن, دەبنە پاسەوانی زیندان, لە سێدارەیان دەدەن, سەمایان پێدەکەن, دەیانبەن بۆ جەنگ. یا کەل و پەلی جەنگییان دەخەنە ژێردەستی کۆمەڵێکیان. دەمرن, لە ناو سەلەی خۆڵی یەکتری دەگەڕێن, هاوڵاتیان دەگوازنەوە, ڕۆژانی هەفتە خۆیان بە چەند کارێکەوە سەرقاڵ دەکەن.

ورگ, تاوانباری هەموو بەد بەختیەکانی مرۆڤە. تەواوی کارە قێزەنەکانی مرۆڤ ئەو تەمەن کورتە بەڕێی دەکات, تەنیا لە بەر تێرکردنی ورگیەتی. لە دوای تێربوونی ورگ نۆرەی ژێر ورگیەتی, ڕازیکردنی ژێر ورگی ئەویش بۆ خۆی بەدبەختیەکی ترە. ئەگەر ورگ برسی بێ تەنانەت ژێر ورگیشی بەقوربان دەکات, بە واتایەکی تر, ژێر ورگ بەتەواوی لە ژێر کۆنترۆڵی ورگدایە, دیارە ژێر ورگ بەکار دەهێنرێت بۆ مانەوەی وەچەی نوێ, دەتوانین ناوی بنێین بە چێژورگرتن و سەر لێدەرکردن. هەست پێکردن یەکێکە لە گەورەترین چێژەکانی ژیان, کە بەداخەوە مرۆڤەکان بیری لێناکەنەوە. بەهەر حاڵ, ژیان بۆ بەشێکی خەڵك کورتکراوەتەوە لە

ورگ و ژێر ورگ. وەك بڵێی ئەو گروپە بەرپرسیارەتییان هەبێ تاوەکو  ورگ و بن ورگیان لە خۆیان رازی بکەن, تف لەو ژیانە.

چەند پەندێکی فارسی لە بارەی ورگەوە.

- ورگ پەرست, خوا پەرست نەبوو,

- ورگی بەتاڵ, کوێستانی دڵە, هەتا ورگم تێردەبێ گیانم دەردەچێ.

- سکی برسی و بەفراو؟ سکی برسی و ئارەقی نەعنا.؟

- ورگت پان کەیتەوە سفرەیە, کە کۆی بکەیتەوە مشتە.

- ورگی بەتاڵ و عەشق بازی, توانای باوێشێکیدانیشیبێ.

- ورگی دەروێش سفرەی خوایە. ورگی هەندێکیشیان پەنابردنە بەرخوایە.

- ورگ هەرگیز نایەتە قسە, ورگی برسی ئیمانی نییە.

- کاتێك قەلەڕەش جووجکان هەڵدێنێ, ورگی خۆی بەتێری نابینێتەوە.

# عاشقی کەر

یەکێك لەهاورێیانی پێشووی بەندە  بەمشێوەیە عاشقی کەر بووە, کە کورتانی کەسێکی تری هەڵگرتبوو, نازانم ئێوە تا ئێستا گرفتاری عەشق بوون یان نا؟

نەنکم ئازاری عەشقی بە ددان ئێشە دەچوواند و دەیگوت: عەشق کوێرە, کەسێك عاشق بوو دڵدارەکەی ئەگەر کەریش بێ لەبەر چاوی  دا فریشتەیە. واتە عەشق مرۆڤ کەر دەکات. بەمشێوەیە سروشتی هەمووان کەرانەیە,  ئەو کەرێکی مسکێن و گوێڕایەڵ و کەم ئەرك بوو, جگە لە پاکی و دڵسافی هیچ شتێکی تری لە ژیانیدا نەبوو, بەکەری دەگوت  بڕۆ, دەڕۆیشت, دەیانگوت دەمانەوێ سوارت بین, کەریش بە بێدەنگی نیشانەی رازی بوونی نیشان دەدا, هاوڕێی پێشوم هەمیشە عاشقی ئەو جۆرە ( هاوبەشی

ژیان) بوو, کە ئێستا خودا هێنابوویە سەر ڕێگای ڕاست. هەر لە کۆنەوە لە نێوان عاشق و مەعشوقدا هەبووە. دوای ماوەیەك, عەشق و هۆگری  لەناو دەچوو, ژیانیش روخساری ناشیرینی خۆی نیشاندەدا, نازانم ئێوە بەوقۆناغەدا رۆیشتوون یان نا؟ یان هێشتا هەر لە مانگی هەنگوینی دان, تەمەنێکی دوور و درێژبێ. هەرگیز رۆژی ناخۆش نەبینن.

لەو دواییانەدا هاوڕێی پێشووم, نە لەبیری ئاسوودەیی کەرەکەی دا بوو, نە ڕێزی لێدەگرت. شەو رۆژ کاری پێدەکرد. تەنانەت هەندێ رۆژ لەبیری دەچوو ئالیك و ئاویشی بداتێ. ئەو بێ سۆزی و میهرەبانیە لێرە کۆتایی نەهاتبوو. هەندێجار دارکاری دەکرد, بۆ ئەوەی بارەکەی زوو بگەیەنێتە شوێنی مەبەست.

ئەو لێدان و تەمبێ کردنە کەرەکەی زۆر دڵگران دەکرد, کەرەکە هەندێ رۆژ مەرگی بە ئاوات دەخواست, بەڵام مەرگیش نازی هەڵدەگرت. لە نێو کەرەکان تەڵاقدان و سکاڵا کردن شتێکی هەوەنتە نییە. کەری بێچارە, هیچ چارەیەکی نییە جگە لە بێدەنگی و نەرمی نواندن, چارەنووسی ژیانی کەو تبووە ژێر پێکانی.

کەر زۆر لە ژیانی دژواڕی خۆی ناڕازی بوو. هیچ کەسێك نە بوو تا دەردە دڵی لەگەڵ بکات,  هەتا تینی گەیشتە سەر ئێسقان, شەوێکیان کاتێك خاوەنەکەی لە خەوی شیرین دا بوو ,بەبێ ئەوەی بارێکی لە خۆی سواربکات  و بەبێ ماڵئاوایی ڕێگەی هەڵاتنی

گرتەبەر, ڕۆیشت بۆ ئەوەی خۆشبەختی خۆی لە شوێنێکی تر بدۆزێتەوە.

هاوڕێ کۆنەکەم, کاتێك زانی کەرەکەی نەماوە, خۆی گەیاند بنکەی پۆلیس, داوای لە بەرێوەبەری بنکەی پۆلیس کرد, بۆ ئەوەی کەرەکەی بۆ بدۆزنەوە. پاسەوانی ئێشکگر لە وەڵامدا گوتی: " ئێستا شەوە, بڕۆ بەیانی وەرە وە, هاوڕێ کۆنەکەم, نارەزایبوو گوتی: دەبێ هەر ئێستا بگەڕێن بۆم بدۆزنەوە, هەتا دەبێتە رۆژ هەموو کەرەکان دێنە دەرێ و کەرەکەی منیش لەناویاندا ون دەبێ.

هەوڵوماندوو بوونی پاسەوانی ئێشکگر بێ سوود بوو لەبارەی کەرە ون بووەکە, دۆسیەی کەری ون بوو لەگەڵ دۆسیەکانی تر بزر بوو.

کۆنە هاورێکەم, زۆر پەشیمان بوو لەو کردەوەی خۆی, ئێستا هەست بەوە دەکات تەنیا و بێکەسە. ئامۆژگاری هەموو ئەو کەسانە دەکات کەریان هەیە:

یەکەم ئاگاداری کورتانی کەرەکانتان بن, لەو رۆژانەدا دزینی کورتان زۆر زیادی کردووە. قەدری کەرەکانتان بگرن, بەبێ دەم و جەم هەر رێگایەك خۆتان بەباشی دەزانن دڵنەواییان بدەنەوە ژیان کورتە چونکە پەشیمانی دادتان نادات.

# چاوەکانت

مرۆڤ شەفافترین و بەهەستترین خانەکانی لەشی خۆی لە چاوەکانیدا دەپارێزێ، هەر چاوێك نزیکە ١٣٠ ملیۆن خانەی تێدا جێ بۆتەوە. کاتێك تیشك لێیدەدات بێ دواکەوتن دەبێتە هۆی گۆڕانی کیمیایی، ئەو گۆرانکاریە پێکهاتەی شانەکانەی بینایی دەخاتە ژێرکاریگەری خۆی، بەمشێوەیە پەیام بۆ ناوەندی دید لەناو مێشکدا دەنێرێ، لەو کاتەی دا مێشك پەیامەکە وەردەگرێ ئێمە دەتوانین شتێك ببنین. کارم بە چاك و خراپەکەی نییە.

هەر بۆیە کاری چاو دیتن نییە، ئەوە مێشکە لە راستیدا کرداری دیتن ئەنجام دەدات. چاوەکان رۆڵێکی گەورە دەگێڕن لە ژیاندا، چاوەکان رۆڵی هەواڵنێرییان هەیە لە جەستەی مرۆڤدا هەر ساتەو هەواڵێك بۆ مێشك دەنێرن.

چاوەکان حوکمڕانی دڵ دەکەن, کەسێکیان خۆش بوێ و لە دڵدا بیهێڵنەوە و یان لە دڵدا دەری پەڕێنن. هەر بۆیە هەر شتێکی جوان یان ناشیرین  لە ژیاندا دەبینرێن لە چاوە جوانەکانی خۆتانەوە دەیتووتانە.

- لە بیرتانە چاوەکانت دۆست و دووژمنی بۆدیارکردوون.؟

لەبیرتە کاتێك لەدایك دەبووی, چاوەکانت لەگەڵ ئەو بەدبەختیانەی لەو  ژوورەی لێی لەدایك دەبووی لەگەڵ ئەو بەدبەختیانەی کە لە ژیانتدا لە چاوەڕوانیتدا بوون, ئاشنایان کردی؟

- لەبیرتە بە هاوکاری چاوەکانت فێری خوێندن و نوسین بوویت, دواتر ئەو فێر بوونە. چ بەڵایەکی بە سەر هێنای.

- حەتمەن یەکەمین عەشقت هەر لە یادە, بە یەکەم نیگای عاشقی بووی و هاوسەرگیریتان کرد, ئەنجامێکی ئەو تۆی نەبوو.

- لە بیرتە پێیان دەگوتین: " هەتا چاو لێك دەنێین بارو دۆخەکە باشتردەبێ, کەوا نەبوو. لەوانەیە چاوەکانمان وشەی خراپتر یان باشتر خوێندبۆوە.

- لە بیرتە کاتێك لە کار بووی یان لە بێکاریدا ماندوو دەبووی, تا چاوەکانت لێك نەنابا خەوت لێنەدەکەوت.؟

- لەبیرتە, لەبەر خاتری چاو لێکەری چ بەڵایەکن بەسەر هات؟

- له بیرته لەبەر زۆر بابەتی رۆژ چاوپۆشیمان لێنەکردبا,  ئێستا چارەنووسێکی باشترمان دەبوو.

- له بیرته که گوتمان:" بۆئەوەی دڵی بەدەست بێنی, بگری. بۆئەوەی هەم کەری بکەیت و هەمیش بۆ تەندروستی و سەلامەتی چاوەکانت به سوود بوو.

- له بیرته پێمان گوتی:" هەتا بەچاوی خۆت نەیبینی باوەڕنەکەیت, بۆ بەردەوامی ژیانی هاوبەشیت له تاوانەکانی هاوسەرەکەت چاوپۆشی بکه" ئەگەر نەتکرد". دواتر دانیشتی و چاوەڕێی بووی, له چاوەکانت فرمێسکی پەیشمانیت بۆ رشتن؟

- له بیرته پێمگوتی:"چاو لەدەر مەبە"گوێت بەقسەکانم نەدا هەتا به چاوی خۆت سزاکەت بینی.

**- له بیرته شاعیران گوتویانه:**

هەرچی که چاو بیبینێ, دڵ دەیەوێ
چاوی تێر باشتره له ورگی تێر
چاو هەزار کار دەکا, برۆ نایکات
تا دەتوانی به چاوی راستەوه ببینه, بەچاوی چەپ مەڕوانه
چاوی ببینەو دڵی بخۆێنەوه
ئەوەت قبووڵ ئەو باشی و خراپیانەی له ژیانتدا دیتوتن
بەچاوه جوانەکانی خۆت دیتووتن.

# هاوسەرگیری

هەر کەسە و بە هۆکاری جۆراوجۆر هاوسەرێك بۆ خۆی هەڵدەبژێرێ، ئەگەر هەندێك لە هۆکارەکان بەلامانەوە گەمژانە بێ، گەمژەیی لە ئێمەیە. پەیداکردنی هاوسەر لە هەر وەڵاتەو داب و نەریتی تایبەتی خۆی هەیە. لە وڵاتانی دواکەوتوو لە ئەستۆی کەس و کاری پلە یەك و دوو دایە. دایك و خوشکی کوڕە، بۆ دۆزینەوەی کچێکی باش رۆژانە سەر بە هەموو ماڵێکدا دەکەن، تا لەگەڵ دایك و باوکی سەربارەت بە ئایندەی بووك و زاوا گفتۆگۆ بکەن. یەکەم پرسیاری ماڵێ بووکێ ئەوەیە: کوڕەکە چکارەیە؟

دایکیشی ئاوا پێی هەڵا دەڵێ: تەمەنم هەر سێزدە ساڵ دەبوو بۆ یەکەم جار هاوسەرەکەم لە ژووری پەردەدا بینی. بە قاچی رووتەوە هەوڵی ڕاکردنم دا. دۆست و دووژمنەکانم گرتیانم بە زۆری دایانمە دەست زاوا کە عەتری لە خۆی دابوو لە ژووری پەردە چاورێی دەکردم. گریان و پارانەوەی من و شادی و خەندەی ئەویش

ئاوێزانی یەکتر ببوون,  لە ناو هەل هەلەی میوانەکان و ئاوازی پیرۆزبایی ون بوون.

لە وەڵاتانی ئەوروپا هەر کەسە دەبێ خۆی ئەو ئەرکانە وەستۆ بگرێ. دایك و باوك هیچ رۆڵێکی راستەقیانەیان لەو کارەدا نییە. بۆ نموونە. کوڕێك حەزی دەچێتە کچێك, دەبێ نازی بکێشێ, خۆی بە قوربان سەدەقەی بکات. دەبێ هێندە تاریفی چاو و جەستە و قژ و  هۆش و توانای بکات تا بتوانێ خۆی لە ناو دڵی هاوسەری داهاتووی بکاتەوە. خۆ ئەگەر چاوەکانیشی جوان نەبوون یان لەش و لاری رێك نەبوو , یان هیچ توانایەکی نەبوو گرنگ نییە. درۆی سپی باشترە لە راستی فیتنە و شەڕ.

تەلەفۆن و فاکس و تۆڕەکانی ئەنتەرنێتی دەتوانن رۆلێکی گرینگ بۆ پەیداکردنی دڵبەرەکانیان بگێڕن.

بە بڕوای شارەزایانی هاوسەرگیری, دیاری بەخشین و زمان لووسی بۆ هاوسەری داهاتووت, ئازاد کرن و دەست وەرنەدان لە کار و باری تایبەتی, لە پەیوەندی ژن و مێردایەتی کاریگەی خۆی دەبێ. لەلایەکی ترەوە بۆ بەردەوامی ژیان و بۆ ئەوەی ئاوێك بە ئاسوودەی بە گەرووتاندا بچێتە خوارێ دەبێ بۆ هاوسەرەکەتان ئازادی فەراهەم بکەن, ئەگەر رۆژێك هاوسەرەکەتان ویستی بە میوانی بڕوات لە جۆری میوانیەکەی بگەڕێ. دەبێ بێ چەندو چوون و پرسیار و وەڵام پێی بڵێی : " خۆشت بۆ بگوزەرێ ئەزیزم".

له ئەوروپا پیاو ئەگەر بیەوێ بۆ عشق بازی لەپێشدا دەبێ مۆڵەت لە هاوسەرەکەی وەربگرێ رازی بوونی تەواوەتی لە هەموو روویەکەوە دابین بکات. دەنا بۆی هەیە کێشەیان بگاتە دادگا, بەتایبەت ئێستا ژمارەشیان کەم نین. کە سکاڵایان لەدژی هاوسەرەکانیان تۆمارکردووە, لەبەر خاتری کەڵك وەرگترتنی سیکسی داوای قەرە بوو یان کردووە, لەلایەکی ترەوە هەرچی هاوسەرەکانتان داوای کردو ئێوەش ئەنجامتان نەدا یان بەبیانوی سەر ئێشە بۆ خێزانەکەتان قبوولّتان نەکرد. خوانەخواستە شەوێکیان هەوەسی عەشقبازی تان بزووت کارتان بکەوێتە دادگای پارێزگاری له خێزان.

ماوەیەك لەمەوبەر بانگهێشتی ئاهەنگێکی بووك گواستنەوەی هاوکارێکم کرابووم. دکتۆرێکی پەنجا ساڵە لەگەڵ خاتوونێکی چل ساڵە دەیانەویست ژیانێکی نوێ دەست پێبکەنەوە. خۆشیەکەی ئەوە بوو کۆنە مێردەکەی بووکێ لەگەڵ دوومنداڵەکەی نەك هەر لە رێزی میوانەکاندا بوون بەڵکو بەخۆیان و سازو ئاوازیانەوە کۆڕی ئاهەنگەکەیان چەند بەرابەر گەرم کردبوو.

کچەگەورەکەی بووکێ لەگەڵ بەخێرهاتنی میوانەکان گوتی: " زۆر خۆشحاڵم دایکم بەعاشق دەبینم. هیوادارم لەگەڵ دکتۆر پیرو خەڕۆ بن".

کچە بیست و دوو ساڵەکەی کاکی زاوا لە تەنیشتمەوە دانیشتبوو لێی پرسیم:" ئەو کارە بەلای تۆ وە سەیر نییە؟ منیش بە زمانی سویدی

بۆم روون کردوە لە هیچ شوێنکی ئەو دنیایە شتی ئاوام نەدیتوە، پیاوێك بەمشێوەیە لە ئاهەنگی ژنەکۆنەکەی ئاوا بەشانازییەوە مۆسیقایش لێدا و گۆرانی بڵێ. حەتمەن بووکەخان، گۆڕی بابی مێردە کۆنەکەی خۆی گاوە، ئێستا بۆ لە دەستدانی  ئاوا بەشەوق و زەوقەوە گۆرانی عاشقانەی بۆ دەچڕێ. دواتر پێمگوت ئەگەر لە وەڵاتی ئێمە ژنێك دوای تەڵاقدانی سڵاو لە پیاوێکیش بکات ئەوا بەلایەنی کەمەوە روو بەرووی ئەوە دەبێتەوە تێزاب بەدەم وچاویدا بپڕژێنن!

دایە گەورە بڕوای وابوو: " ژن بەجلوبەرگی سپی بۆ کێنیەوە بەرەو ماڵی زاوا دەڕوات، دەبێ بە کفنی سپی یەوە لەو ماڵە بچێتە دەرەوە". خوا بیبەخشێ، ئێستا لە کوێیە ببینێ زوو بە زوو بەرگی بووکێنی لەو مێردەوە بۆ مێردێکی تر بۆتە شتێکی ئاسایی.

جۆرێکی تری هاوسەرگیریمان هەیە کە بە (هاوسەرگیری پۆستی) ناسراوە. خاتونێك ئاوا باسی دەکرد: " ماڵێ خەزورم لە ئێرانێ هاتنە خوازبێنیم کوڕەکەیان ئاوا ناساند قوتابی بەشی پزیشکی زانکۆیە، کارتێکیان نیشان داین، ئێمەش سەرمان لێدەرنەکرد، کاتێك هاوسەرگیریمان کرد و هاتین بۆ ئەوروپا تێگەیشتم ئەوکارتەی کە خەزوورم نیشانی داین کارتی زانکۆ نەبوو، بەڵکو بلیتی میترۆ بوو. کاتێك کە پێمزانی کارلەکار ترازابوو، ناچار بووم لەگەڵ بێکاری مێردەکەم بسازێم و بسووتێم.

حەیف بۆ ئەو هەموو خوازبێنیەی لە ناو وەڵاتی خۆم هەم بوون، ئێستاش بۆ ئەوەی لە دەستم چووە دڵم دەسووتێ. هەر ئەو خاتوونەی بۆ پەردە دوورنەوەی کچێنی داوای هاوکاری لێکردم. لێم پرسی بۆچی ئەو کارەدەکەی؟ وەڵامی دایەوە: " دەمەوێ ژیانێکی نوێ دەست پێبکەمەوە !".

بەندە بە حوکمی ئەوەی رۆڵم هەیە لە نەخشەی پەردەدا لە خێزان و کۆمەڵگادا، داوام لە سەرۆکی بەشی ژنان لە نەخۆشخانە کرد بۆ ئەوەی هاوکاری ئەو خاتوونە بکات، کە لە وەڵامی مندا گوتی: " ئێمە هەمووومان پەردە هەڵدەگرین، بەڵام پەردە دوورینەوە کاری ئێمە نییە !!.

لە بەشی کۆتاییدا نموونەیەکی تری هاوسەرگیریتان بۆ دەگێڕمەوە کە بۆ شین و شەپۆڕ گۆڕا. ئەو رووداوە بۆ پێش شۆڕشی گەلانی ئێران دەگەڕێتەوە. لە ئەمریکا خۆم شاهیدی ئەو رووداوە بووم، یەکێك لە هاوڵاتییەکانمان نیشتە جێی ئەمریکا بە مەبەستی هاوسەرگیری لەگەڵ کچێکی پووری گەڕایەوە ئێران، دوای هاوسەرگیریەکە، بۆ وەرگرتنی ڤیزا بۆ هاوسەرەکەی سەردانی باڵوێزخانەی ئەمریکای کرد لە ئێران بۆ ئەوەی بووکە خان لەگەڵ خۆی ببات بۆ ئەمریکا، باڵوێزی ئەمریکا پێیگوت دەبێت چەند مانگێك چاوەڕێ بکەی بۆ ئەوەی کاروبارە یاساییەکانت جێبەجێبکەین.

پەلەکردنی هاوڕێ عاشقەکەمان هیچ چارەسەرێکی نەبوو, نەیدەتوانی ئەو ماوە زۆرە بەبێ دڵبەرەکەی بەسەر بەرێ, بڕیاریدا بووکەخان و هەندێك خواردن و خۆراك لە ناوسندوقێکدا بشارێتەوە, بیخاتە ناو فڕۆکەوە. کاکی زاوا جانتا لە ئەمریکا وەرگرتەوە, بەشەوق و زەوقێکی زۆرە وە سندوقی کردەوە بۆ ئەوەی ژیانێکی تازە لە غوربەتەوە دەست پێبکات, بەداخەوە بەهۆی ئەو لێدانانەی لە ناو جانتاکەوە بەری کەوتبوو گیانی سپاردبوو. سندوقەکەی خستە ناو ئۆتۆمبێلەکەیەوە رۆیشت بۆماڵی هاوڕێکانی کە چاوەڕێی بوون, رووداوەکەی بۆ ئامادەبوان گێڕایەوە, دوای چا خواردنەوە, بە ئۆتۆمبێلەکەی خۆی هاوسەرە بێ گیانەکەی چاوەڕێی بێ, رۆیشتن ئەویش بەیەك فیشەك کۆتایی بەژیانی خۆی هێنا.

لەوانەیە ئەوە تاکە رێگا بووبێ بەلایەوە بۆ ئەوەی بتوانێ لەگەڵ هاوسەرە تازەکەی ژیانێکی بێ دەردەسەر و بێ کێشەی هەبێ.

عەشق هیچ شتێکی باشی نییە, بەڵام هیوادارم هیچ کاتێك دڵی ئێوە خاڵی نەبێ لە عەشق.

## ئامێرەکانی پەیوەندی

ئەمڕۆژانە, زۆرتر لە ماڵەکان دەزگای تەلەفۆن و فاکس بوونەتە هاونیشین, ئەو کاتانەی بەڕێزتان لەماڵەوە نین یان ناتەوێ لەگەڵ خاوەن قەرزەکانت یان هاوسەری پێشووت دم بەدمە بکەیت, ئەو ئامێرانە لەگەڵ رێزی بێ پایان بۆ ئەوانەی پەیوەندییان کردووە, ئەوانەی نامەی باش یان خراپیان بۆ تۆ ناردوە, داوای لێدەکات لەو کەسە دەکات پەیامێك دابنێ.

هەندێجار تەلەفۆن بۆ دۆستێك یا دوژمنێك دەکەی, سەرەتا پارچە مۆسیقایەك یان غەزەلێکی حافز گوێ لێدەبێ, دواتر داوات لێدەکات قسەی دڵی خۆت بکەیت, نزیکەی چواردە ساڵ لەمەوبەر لە شیکاگۆ بووم, رادیۆیەکی ناوخۆ پێشبڕکێیەکی کردبوو بۆ گوێگرەکانی, بۆ ئەوەی خەڵاتی باشترین نامەی تەلەفۆنی

پێشکەش بە براوەی ئەم پێشبڕکێیە بکات. براوەکە کچێکی ٢٥ ساڵە بوو, ئێستا بزانین نامەکەی چی بووە؟

کاتێك کەسێك زەنگی بۆ ئەم خاتوونە جوانە لێدا بوو, پێدە چوو پیاوێکی وەنێوکەوتووبێ ,بەهانکە هانك . وەڵامی دایەوە: "لەکاتی ئێستا دا خاتوون ناتوانێ لەگەڵ بەڕێزتان قسەبکات. بەڵام تکات لێدەکەم بیکە بۆ خاتری خوا دەبێ دووبارە زەنگگ لێدەنەوە چونکە کاتێك کارەکەم لەگەڵی تەواو بوو پێویستی بەهاوکاری ئێوە دەبێ."

# ریکلام

لەم رۆژگارەدا ریکلام لەگەڵ هەندێ بابەت و کێشەی رۆژانەماندا پەیوەندییەکی نزیکیان هەیە. منداڵەکانی ئەمڕۆ حەزیان لەو خواردنانەیە بیخۆن کە لە تەلەڤزیۆنەکانەوە ریکلامی بۆ دەکەن. یان حەزیان لە و پێڵاو و جلك و بەرگانەیە لە رۆژنامە و تەلەڤزیۆنەکانەوە ریکلامی بۆ دەکەن. بەرهەم هێنەرەکانیش پەیان بەو بابەتە بردووە.

بە گوتەی مامۆستای ئابووریمان، سەرمایەداران بۆ دۆلارێك سەرمایە گوزاری نۆ دۆلار لە ریکلام خەرج دەکەن. دیوارەکانی تونێڵی میترۆی شارەگەورەکانی ئەروروپا پڕاو پڕن لە کاغەزی گەورە و بچووکی ریکلام. هەندێك لەو ریکلامانە زۆر جوانن، هەندێکیشان تێیان ناگەی، بەشێکی تریش سەرلێ شێوەنەرن. بۆ

نموونە, هەفتەی رابردوو لەگەڵ کاك حوسێنی زڕبرام, بۆ یەکەم جار بوو سەردانی سوید بکات, بۆ دیدار و سەردانی خزمان هاتبوو. سواری میترۆ بووین, لە یەکێك لە پۆستەرەکانی ریکلام لە دیواری وێستگەکە درا بوو, خاتوونێك بە جلك و بەرگی نوستنەوە ڕاکشابوو لە خوار وێنەکەش نووسرا بوو ١٩٨ کرۆن.

کاك حوسێن هەر لەگەڵ دیتنی پۆستەرەکە گوتی: " دەیهێنێ؟

پرسیم: " چی دەیهێنێ"؟

گوتی: ئەو ژنە بەو جوانیە چۆن ١٩٨ کرۆن ناهێنێ؟

گوتم: ١٩٨ کرۆن نرخی جل و بەرگەکەیەتی نەوەك شتی تر.

گوتی: بەڵام پێموانییە, ئەگەر وابا دەینووسی.

گوتم: پێموابێ رەوشتت تێکچووە, باشە دەزانی ئەوەچییە؟ هەر لەبیری بکە.

گوتی: پێموانییە شتێك بەو گەورەیی و جوانییە, مرڤ بتوانێ لەبیری بکات.

دواتر بۆخۆم بیرم دەکردەوە لەوانەیە کاك حوسێنی زڕبرام لەسەر هەق بێ, ئەگەر وا بایە دەیاننووسی.

***

ماوەیەك لەمەو بەر، ڕێم کەوتەوە وێستگەی میترۆیەك، پۆستەرێکی ریکلامیان لە پلیکانەکانی وێستگەکە دابوو، بەلامەوە زۆر سەرنج ڕاکێش بوو، شتەکانم نووسینەوە، بەهەزار زەحمەت توانیم وەریبگێڕمە سەر زمانی فارسی، بۆ ئەوەی بەیەکەوە بیخوێنینەوە، ئەو ریکلامە بۆ کۆمپانیایەك تایبەت بە کفن و دفنی مردووەکان بوو، نووسی بوویان:

- ئەگەر بەیانی لە خەو هەڵنەستای، کێ هاوکاریت دەکات؟

- هەتا ئێستا بە مێشکتاندا هاتووە بیر لەماڵی ئەبەدی خۆتان بکەنەوە؟

- ئایا پێتخۆشە لەتەنیشت کەسێکەوە بنووی کە بەدرێژایی تەمەنت نەتناسییەوە؟

- ئایا تا ئێستا بیرت لەوە کردۆتەوە لەدوای مردنت کێ خەرج و مەخارجی کفن و دەفنت وەستۆ دەگرێ.

- حەزدەکەی تابووتەکەت بڕازێنینەوە بەو گوڵانەی ئارەزوویان دەکەیت؟

- ئایا پێتخۆشە لە گۆڕێکی دوو نهۆمی جواندا بخەوی؟ ئەگەر وەڵامەکەتان" بەڵێ" یە پێتخۆشە لە ژێرەوە یان لەسەرە وە بخەوی؟

- ئایا کەسێکت دەستنیشان کردووە لەو گۆڕە دوونهۆمیەدا لە ژێرەوە و یان سەرەوەی تۆ بخەوێ؟ ئەگەر کەسێکی تایبەتتان هەیە لەو گۆڕە دوو نهۆمەدا لە سەرێ یان لەخوارێ بخەوێ شەرمێ دەکەی ئەو باسەی لەگەڵ بێنیە گۆڕێ رێگە بە ئێمە بدە بۆ ئەوەی ئەو بابەتەی تۆی لەگەڵ باس بکەین؟

- ئایا حەزدەکەی بۆ دواین جار کەسێك بتشوات و ئەو بۆنەی کە خۆت پێخۆشە لێتبدات؟

- ئایا دەتەوێ بەو پەڕی ئاسوودەییەوە چاوەڕوانی مەرگ بکەیت؟

- ئایا حەزدەکەی رێوڕەسمی ناشتنەکەت شایستەو لایەقی تۆ بێ، بۆتان بەڕێوەبچێ؟

- ئایا حەزدەکەی ئابڕوت نەچێ لەلای ئەو کەسانە ئامادە دەبن لە رێورەسمی ناشتنەکەت بە باشترین شێوە رێزیان لێ بگرین؟

- ئایا حەزدەکەی دواین سەفەرتان بە تازەترین مۆدێلی ئۆتۆمبێلی سفر کیلۆمەتری لیمۆزین ئەنجام بدەی لەگەڵ شۆفێری تایبەتت؟

- ئایا پێتخۆشە لەسەر شێوازی ئاینی خۆتان بەخاکتان بسپێرین؟ ئەگەر موسڵمان نیت ئەوا بەقات و بۆینباغەوە. ئەگەر موسڵمانیشی ئەوا بەبێ قات و بۆینباغ دەتنێژین. ئەگەر موسڵمان نەبی بە شەڕاب و ویسکی و ئەگەر موسڵمانیشی بەشیرینی و خورما خزمەتی میوانەکانت بکەین؟ ئەگەر موسڵمان نیت ئەوا بەساز و ئاواز ئەگەر موسڵمانیشی بە یاسین و فاتیحا بەڕێت بکەین؟ ئەگەر موسڵمان نیت

ئەوا حەوتەمین شەو کۆڕێکی سەما و مۆسیقا ئەگەر موسڵمانیشی کۆڕی خەتم و یادەوەریت بۆ بەڕێبکەین؟

- ئایا حەز دەکەی هۆکاری مردنەکەت دیاری بکەیت تاوەکو بە دۆست و ئاشنایانت بڵێم بۆ ئەوەی قسەمان یەك بێ و هیچ کەس شك و گومان نەکات؟ هەڵبەتە ئێمە هەمیشە بۆ سیاسەتمەدار و نووسەرەکان پێشنیاری " جەڵتەی دڵ" دەکەین. چونکە خەڵکی بە جەڵتەی دڵ ئاشنان, خەڵکیش ئەو باسە قبووڵ دەکەن, ئەگەر بۆ خۆشت پێشنیارێکی ترت هەیە بەسەرچاو قبووڵی دەکەین. ئامانجی ئێمە ڕەزامەندی کەس و کارتانە بۆئەوەی پێش مردن و دوای مردنت خۆشحاڵ بن.

- کۆمپانیاکەمان بە باشترین شێوە کۆڕی پرسە و کفن و دفن و پێشوازی لە میوانەکان و دڵنەوایی کردنی هاوسەر و کەس و کارەکانیان دەکات.

دڵنیابن پەشیمان نابنەوە, ئێمە لە کارەکەی خۆمان ئەزموونی تەواومان هەیە, هەتا ئێستاش هیچ یەکێك لە موشتەرییەکان گلەیی و سکاڵایان نەبووە. تۆش بە پێدانی بڕێك پارەی نا قابیل لە سەری هەموو مانگێك, خۆتان بە دوور بگرن لە دڵەڕاوکێ و پەرێشانی و بە خەیاڵێکی ئاسودەوە دانیشن و چاوەڕێی مردنتان بن.

له کاتی مردنتان کەس و کاری پلە یەك و پلە دووتان زیاتر له ئێوە دەستەوەستان دەبن, له کۆتاییدا هیچ کەسێك لەبیری ئاسوودەیی ئێوە دانابێ, ئەگەر موشتەری ئێمە بی هەموو شتێك جێبەجێ دەکەین و پارێزگاری له تەرمەکەت دەکەین و له ماوەی بیست و چوار سەعاتدا سەرەتا بۆ ساردخانەت دەگوازینەوە, له ماوەی چل و هەشت سەعاتی داهاتوودا دەتنێژین.

ئێمه له کۆمپانیاکەمان بەشی خزمەتگوزرایمان زۆر بە باشی دەخەینە بەردەست مردووەکان, بە مەرجێك پێش مردنی تەواوی ئەو بڕە پارەیەیی لەسەری رێککەوتووین خستبێتە سەر حیسابی بانکیمان وەسڵی پارەکەش شەوانەش بخاتە بن بالیفی ئاگای لێی بێ. بە پێچەوانە ئێمە دەست بۆ تەرمەکەت نا بەین. بۆیە هەتا زیندووی پەیوەندییمان پێوە بکە بۆ ئەوەی دوای مردنتان پەشیمان نەبنەوە. لەبیرت نەچێ هاوسەرو کەس و کارتان باشترین پاداشتن بۆ ئێمه.

چیتان لێ بشارمەوە, بە ناچاری زەنگم بۆ کۆمپانیا لێدا, بۆئەوەی بزانم نرخەکەی چەندە. گوتی: بە تەلەفۆن ناکرێ, دەبێ سەردانی نوسینگەکەمان بکەیت.

پرسیم: بۆچی؟ دەترسن لەوەی کەسێك ئەو پەیوەندییە تەلەفۆنییە تۆماربکات, دوایی کەڵکی خراپی لێوەربگرێ؟

گوتی: رێزتان هەیە, دەبێ بەڕێزتان تەشریف بێنن بۆ ئەوەی گۆڕەکانمان ببینی و جۆری بەردی کێلەکەتان دیاری بکەن, بە دەست و خەتی خۆتان شتێك بنووسن و پارەی قستی یەکەم بدەن و بەڵێننامەکە واژۆ بکەن. بێی بۆ ئەوەی یەکتر بناسین خوانە خواستە نەبادا کەسێکی تر بخەینە گۆڕەکەت.

خۆ کەسێکی بێگانەنیت, دوو سێ مانگە دەمەوێ سەردانی کۆمپانیاکە بکەم بەڵام هەر دەڵێم ئەمڕۆ نا سبەی دەچم. دەترسم لەوەی نموونەی گۆڕە دوو نهۆمە جوانەکان و ئۆتۆمبێلی لیمۆزینی سفر کیلۆمەتەر ببینم ,کەڵکەڵەی ئەوەم بێتە سەرو هەرچی زوویە بەرەو پیری مەرگەوە بچم.

## چاپەمەنی و بڵاوکراوەکان

ئایا تا ئێستا هیچ شتێکت بە کەس فرۆشتووە؟ کاتێك دەتەوێ شتێك بە کەسێك بفرۆشی دەبێت هێندەی پێی هەڵابڵێی و شیرینی بکەی لەبەر چاوی کابرای .کریارِیش تا ئەو شوێنەی بۆی دەکرێ دەیەوێ عەیب و عارت لە شتەکەی دا بدۆزێتەوە.

تا ئێستا دوو جار خۆم هەرِاجکردووە بەواقعی خۆم فرۆشتووە. یەکەمجار, کە هاوسەرگیریم کرد. هێندە باسی خۆم کرد, نەك دڵێك بەڵکو سەدان دڵ حەیرانم دەبوون, بریارِیان دەدا بە هەر نرخێك بێ بمنە خاوەنم, هەڵبەتە لەدوای مانگی هەنگوینی کە هەرگیز نەرِۆیشتم, تازە لەگەڵم هەڵبکات تا کۆتایی تەمەنم و عاشقی هیچ کەسی تر نەبێ.

جاری دووەمیش دەمویست دامەزرێم, ئەو جارەش وەکو فرۆشیارەکانی ئۆتۆمبێلی دەستی دوو دەڵێن. هێندە خێرایە و ستۆپەکەی باشە, منیش ئارام ئارام مەدحی خۆم بۆ کرد, بەڕێوەبەری کۆمپانیاکە هەر لەیەکەم چاو پێکەوتن کاری دامێ. لەوە بگەڕێین.

کاتێك نووسەرێك دەیەوێ کتێبێك چاپبکات, چاپخانەش هەر چەندەی بۆی بکرێ نرخی کارەکەی دێنێتە خوارێ, لە کۆتاییدا نووسەرەکە خۆی بەشەرمەزار دەزانێ لە ئاست نووسین و هزرو بیرکردنەوە و دۆست, دووژمن و بنەماڵەکەی.

لە راستیدا هەقوایە چاپخانەکان بە بنیاتنەرانی سانسۆر لە قەڵەم بدرێن, چونکە هەر ئەوانن کام کتێب مان بۆ دیاری دەکەن بیخوێنیەوە یان نەیخوێنیەوە. ئەگەر قسەکەی ئێمەشت قبووڵ نییە, لە نووسەرە بەناوبانگەکانی وەکو ئەبولقاسمی حالت و مهدی ئەخوانی سالیس و علی ئەکبری دهخدا بپرسی هۆکاری مردنەکەیان چی بووە؟ ئەو کاتانەی جەڵتەی دڵ نەناسراو بوو, دواتر دۆزیانەوە. دڵنیامە نووسەرەکانی ئێمە هەر ئەو چاپەمەنیە بەڕێزانە بوون ئازاریان پێ چەشتن, نەك هاوسەرو کێشە گەورە و بچووکەکانی رۆژگار. بۆچی؟

چونکە دوای مردنی یان شەهید بوونی نووسەرەکان, کتێبەکانیان زیاتر پڕ فرۆش دەبن, چونکە نووسەر لە ژیاندا نییە, چاپخانەکان هەقی نووسینی کتێبەکان نادەن بە کەس, نووسەرەکەش مردووە, ئەگەر سادقی هیدایەتی دەیزانی لە دوای مردنی کتێبەکانی پڕ

فرۆشتر دەبوون, یان زووتر خۆی دەکوشت یان پێش مردنی هەموو کتێبەکانی لەگەڵ خۆی دەبردن.

چاپەمەنییەکان, خەڵکی ئێمەیان وا بار هێناوە مردوو پەرست بین. هەتا نووسەر نەمرێ یان شەهید نەبێ کتێبەکانیان چاپ ناکەن, نایانخەنە بەردیدەی خوێنەرانیان.

هەر ئەو سادقی هیدایەتی خۆمان تا هەناسەی لە بەردابوو هیچ چاپخانەیەك ئامادە نەبوو کتێبەکانی بۆ چاپ و بڵاو بکاتەوە. لە کاتێکدا ئێستا زۆربەی چاپخانەو ناوەندی بڵاوکردنەوەکانی دنیا کتێبەکانی بەڕێز هیدایەتی و هاوکارەکانی بەو پەڕی خۆشحاڵیەوە چاپ و بڵاو دەکەنەوە.

لەئەنجامدا: ئەگەر نووسەریت و دەتەوێ کتێبەکەتان بخوێندرێتەوە, ئەگەر چاپخانەیەکت بۆ پەیدا نابێ تا کتێبەکەت بڵاوبکاتەوە, باشترین رێگە ئەوەیە هەرچی زوویە بمری. ئەگەر دەتەوێ کتێبەکەت هەر زۆر بەخێرایی بفرۆشرێت و لەماوەی چەند مانگێکدا دەنگ بداتەوە و چاپخانەکانیش بەحیسابی خۆیان نەزانن, رێگەبدە کەسێك بتکوژێت بۆ گەیشتن بەو ئامانجە شارەزایان سێ رێگە چارە پێشنیار دەکەن:

١- بەری بەیانی بڕۆی بۆ کڕینی نان و رۆژنامە.

٢- درەنگانی شەو بە مەبەستی هەڵمژینی هەوای پاك بڕۆیتە دەرەوە.

- له کۆتاییدا بێ هچ سانسۆرێك ڕەخنە  له دەستەڵاتدارانی وەڵات بگری.

مافی هەڵبژاردن به تۆیه, لەو سێ بابەته جەڵتەی دڵ لەسەرووی هەموویانەوەیه بەو هۆکارەوە ناو و ناوبانگ دەردەکەیت. ئەمەش وادەکات بازاڕی چاپەمەنییەکان ببووژێتەوە. ئەگەر هەتا ئێستا سەرکەوتوو نەبووی, سەرکەوتووبی!

## سوود و زیانەکانی جووتەی ئەندامەکانی لەش

بەدڵنیاییەوە سەرنجی ئەوەتان داوە هەندێك لە ئەندامانی لەشی مرۆڤ جووتن و هەندێکیشان تاکن. بۆچی؟ لەو بارەیەوە سەری لێدەر ناکەم, بەڵام دڵنیام هەر لە سەرتاوە حیکمەتێکی تێدا بووە, هەندێك لە نیشانکراوەکان جووتن, بەینی خۆمان بێ, کێشە چییە ئەگەر مرۆڤ دوو دڵی هەبێ, دوو مێشك, دوو ورگ, دوو زمان, بە هەمان شێوە چ عەیبێکی هەیە بەشێك لە ئەندامەکانی مرۆڤ تاك بن. بەڕاستی شەرم دەکەم لەبەر ئەوە قسەکانم نەشیاو بن. ناویان بێنم, (بۆ نموونە زمان) بە جووت دروست بوون؟ هەڵبەتە جووتی, هەموو ئەندامانی لەش سوود و زیانی خۆی هەیە کە ئێستا بۆتان دەخەمە روو.

سوودەکانی جووت بوونی ئەندامەکانی لەش:

ئەگەر یەکێك لە ئەندامانی لەشی مرۆڤ دووچاری کێشە یان شکان ببێتەوە, دەکرا سوود لە ئەندامێکی زیادەی وەربگرێ, ئەندامە لەکار کەوتووەکەش بنێردرێت بۆ کلینیکی چاککردنەوە. بەمشێوەیە پێویستیت بە دکتۆر و پەرستار و دەرمان و نەخۆشخانە نەدەبوو.

شوێنی چاککردنەوەکان بۆ خزمەتی مرۆڤ بەکار دەهاتن. بەهەمان شێوە ئازارەکان و هۆکارەکانی شێرپەنجە بۆ سەلامەتی مرۆڤەکان هێڵیان بۆ دەکێشرا .

خەڵك ئازاد بوون تا رۆژی مردنی خۆیان هەڵبژێرن, بەڕاستی چەندە خۆش دەبوو مرۆڤ ئازاد زیاتربێ, کاتی رۆیشتنی خۆی دیاری دەکرد. دوای ماڵئاوایی لە دۆست و دووژمنان, دواین بەڵێنیشی بە خاوەن قەرزەکان دەدا. بەدەستی خۆی لەسەر کێلەکانی دەنووسی, ئەوە هەموویان لەکاتێکد دەبوون مرۆڤ دوو دڵ یان دوو مێشکی هەبێ. واتا کاتێك دڵ یان مێشك لەکار دەکەوت, بەس بوو بۆ ئەوەی ئەویان بگۆڕێتەوە لەگەڵ دڵی یان مێشکی.

لەو حاڵەتەدا هیچ کەس ئارەزووی ئەوەی نەدەکرد تەمەنی درێژبێ. چونکە درێژی تەمەن لەدەستی مرۆڤدا دەبوو, لە کۆتایی تەمەنییدا چاو لە دەستی هیچ کەس و ناکەسێك نەدەبوو.

بەقەرزدانی یەکێك لە ئەندامەکانی لەشت بە دۆست و دووژمنەکانت, کێشەکانی نەزۆکی و لاوازی سێکسی بنبڕ دەبوون. تەنانەت گیانی شیرینی دۆست یان دووژمنت لەمردن رزگار دەکرد.

ئەگەر باوەڕت بەکەسێك نەبوایە, ئەوا یان پێتدەفرۆشت یا بەکرێ دەتدایە. لەو حاڵەتەدا هەم لایەنی دارایت باش دەبوو , هەم دڵتەنگ و نیگەرانیش نەدەبووی لەوەی ئەندامە یەدەگەکەت دەدەنەوە یان نا؟ لەبیرت نەچێ دەبێ نووسراوێکی وەرگرتنەوەی لێوەربگری, چونکە ئەوە بەڵگەیەکی زۆر گرینگە. بۆ نموونە:

دڵێکی دەستی دوو پەیوەست بە.... کوڕی.... ژمارەی ناسنامەی..... دەرچوو لە.... لەگەڵ دوو خوێن بەر دوو ورگ ساغی راستی و چەپ لە رۆژی .... وەرگرتن.... واژۆ.... لە بەرواری........

بەشێك لە ئەندامانی لەش لەگەڵ لەدایك بوون پەیدا دەبن. بە جووت دروست دەبن. بۆ نموونە چاو. بۆچی؟ بۆ ئەوەی جوانیەکانی دنیای پێ ببینی. گوێ, بۆ ئەوەی وشەی عاشقانەو سۆز و میهرەبانی هاوسەری تازەی پێ ببیستی. ئەگەر وشەی عاشقانە لەماڵەکەت نابیستی, خەتای گوێکانت نییە, خەتای ئەو کڵاوەیە لەسەریان ناوی!

مرۆڤی ساغ و سەلامەت دوو دەستی هەیە بۆ ئەوەی ئاگاداری پێش خۆیان بن, یان دوو دەستی دڵبەر لەیەکدا یەکتر بگرن, مرۆڤ دوو

پێی هەیە, بۆچی,؟ بۆ ئەوەی پێیەکان هاوڕێی تەنیایی بن. بەیەکەوە جل و بەرگی رەنگاو رەنگ لەبەر بکەن. بەیەکەوە پێشبڕکێ بکەن, بە یەکەوە هاودەرد و هاوسەفەر بن, بۆ هەر شوێنێك بڕۆن بە یەکەوە دەڕۆن, بەپێچەوانە بە پێیەك مرۆڤ ئارەزووی رۆیشتن و ڕاکردنی نییە.

ئەگەر هەموو ئەندامەکان بە جووتی دروست دەبوون, لانی کەم بابەتێك نە دەبوو بەناوی لاوازی جنسی و نەزۆکی ژن و مێرد لەبارەی کێشەی (جنسی) تێڕوانینی زیاتریان دەبوو, بە ئاسانی نەیاندەتوانی سەری خۆیان بەرز بکەنەوە و چاویان نەدەبڕیە ماڵی حەرامی خەڵکی.

بۆ خۆم زۆر رازی بووم لەوەی کە دوو دڵم هەبوایە, یەکێکیان بۆ خەمەکانم و ئەوی تریشم بۆ کۆکردنەوەی شادییەکان. یان دڵێکم دۆست و ئاشناکانم ئەویتریشم دووژمنەکانم تێدا هەڵدەگرتن, مۆڵەتم بە دڵێکم دەدا بۆ ئەوەی کەمێك پشوو بدات.

بەڕاستی زۆر شەرمەزرای دڵمم چونکە تەمەنێکە رەنگی شادی بە خۆیەوە نەبینیوە. لە کۆتاییدا دوو دڵم لە ناو سینەم دان, بۆ ئەوەی بتوانم هەموو مرۆڤەکانی دونیا لەوێدا جێبکەمەوە, بیر بکەوە ژیان چەندە جوانتر دەبوو, ئەگەر هاوسەرەکەت دوو زمانی هەبوایە بە دوو زمانەوە قسەی عاشقانەی بۆ کردبای, یان بە دوو زمان سپاسی ماندوو بوونەکانی شەو رۆژی کردبای, یان بە دوو زمانی خۆش هاودەردی دەکردی.

زیانەکانی ئەندامە جووتەکانی لەش:

گەورەترین کێشەی ئەندامە جووتەکانی لەش, ورگە, چونکە مرۆڤ ناچار دەبوو دوو بەرابەر بۆ ورگی خۆی کۆبکاتەوە, ورگی هاوسەر و منداڵەکان لەوانەشە خەسوو خەزووریشی پڕبکات. بۆ گەیشتن بەو ئامانجە دەبوو دوو بەرابەر کاری کردبا, دوو بەرابەر زیاتر کێشەکانی ژیان وەستۆ بگرێ, دوو بەرابەر زیاتر بکەوێتە ژێرباری ئەم و ئەو, دوو بەرابەر زیاتر شەرمەزاری ماڵ و منداڵی دەبوو.

گریمان وایدانێین, ئەگەر هاوسەرەکەت, ئەگەر دوو زمان و دوو زاری دەبوو, بە دوو زمانەکەی دەیەویست جنێوت پێبدات و بڵێ ئایا خۆزگەت بەمەرگ نەدەخواست؟

مێشك ناوەندی فەرمانڕەوایی هێزەکان, ئاڵۆزترین ئەندامی مرۆڤە, هەتا ئێستاش پزیشکەکان نەیانتوانیوە بە دروستی لە شێوەی کارەکە تێبگەن. مێشك لایەنی زۆر ئالۆزی تێدایە, هەر بەشێك لەوانە لە ئیش کردندا تایبەتمەندی خۆی هەیە, بۆ نموونە, دیتن, بیستن, پێکەنین, بزە, بیرکردنەوە. فێڵبازی, ساختەکردن, هتد....

لە بەشێك لە مرۆڤەکاندا ساغ تەواوی ئەو ناوەندە پەیوەستن بەیەکەوە, بۆ نموونە, ناوەندی پێکەنین لە مێشکدا لەبەر چاو بگری, ئەگەر ئەو بەشە لەمێشك دەر بێنین, کابرا هەر دیمەنێکی پێکەنین ببینێ, یان هەر بابەتێکی تەنزو گاڵتە ئامێزی بخەیتە بەر گوێ و

چاوی, وەك ئەوەی مێشی میوان نەبێ, هیچ هێزێك ناتوانێ بیخاتە پێکەنین.

بەشێك لە مرۆڤەکان, سەرچاوەی پێکەنین, چاو و گوێ هەموویان ساغن, دیمەنەکانی پێکەنین دەبینن, قسەی خۆش و تەنز ئامێز دەبیستن, لە شانۆی ژیاندا بەشداری دەکەن, بەڵام پێکەنین هەر نایانگرێت, بۆچی؟ چونکە کێشە و گرفتەکانی نەبوونی کار و بێ میهرەبانی دڵبەر و داهاتووی منداڵەکان و خواستی زۆر بوونی داواکاری لە ژیاندا.... هتد. پەیوەندی نێوان ئەو ناوەندەی بە تەواوی تێکداوە.

ئێستا ئەگەر کەسێك دوو مێشکی ساغی لە لەشی دا هەبێ. چ بەڵایەکی بەسەر دێ؟

رێك وەك ئەوە وایە, ژن و مێرد هەر دووکیان بیانەوێ لەماڵێکدا حکومەت پێك بێنن.

وای بەحاڵی ئەندامانی ئەو خێزانە. بە قەولی هاوڕێیەکمان دەیگوت: خاتوون دەڵێ بیکڕە, کابرا دەڵێ مەیکڕە, لەنێوان دوو (کەر) گیرم خواردووە.

ئەنجامی ئەخلاقی:

ئایا پێتوایە بە جووت بونی ئەندامی لەشی مرۆڤ خۆشبەختی مرۆڤەکان دێتە ئاراوە؟ نەخێر. خۆشبەختی و بەدبەختی کاری بە جووتەوە نییە, جووت بوون, هیچ دەردێك دەرمان ناکات, زۆرێك

لەو جووتانە ئەزموونێکی باشیان نەبووە, بۆ نموونە, دووچاوم هەیە, کام دیمەنی جوانم بینیوە؟ بێجگە لە بەدبەختیەکانم, کە دوو بەرابەرم بینیوە, بە و دوو چاوانەم زۆر گریاوم, دوو گوێچکەم هەیە, کام هەواڵی خۆشم پێ بیستووە؟ جیا لەو هەواڵانەی کە پەسند نەبوون و بێ هیواییان پێوە بووە. لە دوو لایەنی جیاواز بیستوومن, خۆزگە یەك چاو و یەك گوێچکەم هەبا, یان بە کەڕ و کوێری لەدایك دەبووم, بەڵام دیمەنی بەدبەختیەکانی خۆم و ئەوانی ترم نەدەبینی.

## ئامانج لە ژیان چیە؟

لەدایك بوون فەرمانێکی زۆرە ملێیە. کەس بە خواستی خۆی نەهاتۆتە سەر دنیا. بەخواستی خۆشی دنیا بەجێناهێڵێ, دایك و باوك, منداڵەکەیان دەخەنە سەر رێگایەك کە گەڕانەوەی نییە. منداڵەکە ناچارە گەورە بێ بە هەر ناڕەحەتی و کوێرەوەر یەك بێ, دەبێ تێبکۆشێ لە بەرامبەر کێشە گەورە و بچووکەکانی ژیاندا بۆ ئەوەی بگاتە هێڵی کۆتایی. لەکۆتایی هێڵەکەدا, هەندێکیان براوەن و ناو و بیرەوەری بەرهەم یان بۆ هەمیشە بە زیندوویی دەمێنێتەوە, بەداخەوە هەندێك لە مرۆڤەکانیش لە کۆتایی هێڵەکەدا وەزاڵە هاتوونە لەبەر ئازار و گرفت و بێ بەشیکردنیان تا ئەو شوێنەی باشترین چێژیی ژیانیان لە مردندا بدۆزنەوە.

لە کۆتایی هێڵەکەدایە، مێژووی ژیان لە هەلێك دەگەڕێ تا پەیدای بکات بۆ ئەوەی لە بارەی مرۆڤەکانەوە داوەری بکات بۆ هەڵسەنگاندنی مرۆڤەکان لەبواری عەقڵ و هۆش و هێز و توانا و سەروەت و سامان و جۆری ژیان، بە دوای ئامانجێکدا دەگەڕێ، چەند نموونەیەکی لێ بخوێنەوە.

- بە فیڕۆچوونی تەمەن لەپشت گڵۆپە سوورەکان و ریزە جۆراو جۆرەکانی ژیان.

- هاوسەرگیری رەسمی و نا ڕەسمی.

- دوای تەواو بوونی کاری رۆژانە. دەست بکەیت بە کاری گواستنەوەی نەفەر.

- ژیان لەبەر چاوی خەڵکی تاڵ یان شیرین کردووە.

- کەس یا کەسەکان، خۆش بەختن یان بەدبەختن کردن.

- بەشداری کردنی ئاهەنگی هاوسەرگیری یان بەشداری شیوەن گێڕانی خەڵکی تر.

- رازی هێشتنەوەی ورگی خۆت ژێر ورگی خەڵکی!.

- لە نێوان رێگای بەهەشت و دۆزەخدا یەکیان هەڵبژێری.

- دەستگیرۆی کەسانێك بکەیت کە لە ژیاندا دەست کورتن.

- یادگاری باش یا خراپ لە دوای خۆ بەجێهێشتن.

- هێشتنەوەی وەچەی لە دوای خۆی.

- چێژ وەرگرتن یان چێژ بەخشین.

- رزگار کردنی گیانی سەر لێ شێواوی خۆت.

- عاشق بوون یا خۆشویستن.

- خزمەتکردن بە خۆت یا بە خەڵکی خودا.

- کۆکردنەوە پارە و سەروەت.

- هەڵخەڵەتاندنی خۆی یا خەڵکی تر.

- زیندانی بوون یان زیندانی کردن.

- مانەوەی وەچە و وەچە نانەوە.

- چێشتنی تامی نەبوونی.

- رەنج کێشان یان خەڵك ئازاردان.

- خوێنی خەڵکی بکەیتە شووشەوە.

- مەرگی سروشتی یان دەستکرد.

- لەسەر کورسی دەستەڵات دانیشتن, (لەسەکنەوە بگرە هەتا سەرێ)

- لابردنی بەرد لەسەر رێگای خەڵکی.

- دەرمانی دەردی خەڵکی بکەی یان خوێ بە برین داکردن.

- هێنانی خەڵك بۆ سەر ڕێگای ڕاست.( تیری ڕاوچیش باڵندە بۆ ڕێگای ڕاست ڕێنوێنی دەکات.)

- ئێستا ئامانجی تۆ چییە بۆ ژیان؟

## لەسەرکار دانان!

کار کردن باشە، ئەگەر کەسێکیش بخەیتە سەرکار لەو باشتر. زۆربەی شاعیر و نووسەرە بەرێزەکانی رابردوومان، ئێستا بەشێکی زۆری ئێمەیان خستۆتە سەر کار، بە نموونە. ئێستا سەدان ئەنجوومەنی ئەدەبی و فەرهەنگییان لە سەرانسەری دنیا، بۆ لێکۆڵینەوە لەبارەی، فیردەوسی و حافز و سەعدی و ئەوانی تر پێکهێناوە.

سەدان کتێب و نامیلکەیان لەو بارەیەوە بەچاپ گەیاندووە. کەسێکیش نییە لەو لێکۆڵەرەوە بەڕێزانە بپرسێ: قەڵەم لە زەمانی کۆندا ئازاد تربووە نەك لە ئێستادا، جەڵتەی دڵ و کولەمەرگی لە نێوان نووسەرەکان شتێکی هێندە ئاسایی نەبووە، دیارە نووسەرەکان

دڵ گەوەرتر و بوێری زیاتریان هەبووە، ئەگەر قسەیەکیان هەبوایە، دەیانگوت یان دەیاننووسی.

بۆچی دەست لە مردووە بەڕێزەکانمان هەڵناگرن بۆ ئەوەی لە حاڵی خۆیاندابن؟ یان فڵانە نووسەری موعتاد، دوای کێشانی هەندێ تریاك (ئەو کاتی زۆر و زەوەند بوو)

کتێبی دەنووسی، لەوانەشە خۆشی نەیزانیبێ چی نووسیوە یان بۆچی نووسیوە.

ئێستا هەزاران کەسی بەڕواڵەت نا موعتاد دانیشتوونە و لێکۆڵینەوە دەکەن بۆئەوەی لە مەبەستی فڵانە رستە یان وشەیە بگەن. بۆچی بڕوای مردوە بەڕێزەکانی ئێمە دەخەنە ژێر پرسیارەوە؟ هەر بۆ نموونە هەمان شاملوی بەڕێزی خۆمان، ئەگەر خوانە نەخواستە رۆژێك ئیزڕائیل لە دەرگای بدات، ئەوە هەزاران کەس دەخاتە سەرکار.

زۆربەی شیعر و نووسینەکانی بەڕێز شاملو دەکەونە بەر رەخنەو لێکۆڵینەوە. ئەگەر بەڕاستی بێکاری، پەیوەندی بە بەرپرسە بەڕێزەکانی وەڵاتەوە بکە، چونکە وەڵات خاوەنی هەیە، بەڕێوەبەرایەتی کاریشی هەیە.

کۆمەڵگا، کۆمەڵگایەکی مەدەنییە، بەکورتی بەشێوەیەك لە شێوەکان تۆشی لەسەرکار داناوە.

## هاوسەرگیری پۆستی!

هاوڕێیەکم دەیگوت: هاوسەرگیری پۆستی باش نییە، پرسیم: تێناگەم، عەیبەکەی لە کوێدایە؟ ئەگەر ئەو هاوەڵاتییە لە وەڵاتی خۆی مابایەوە کێ پاسپۆرتی ئەوروپایی بۆ وەردەگرت؟ کێ هەموو سەرە مانگێ پارەی بۆ دەخستە سەر حیسابەکەی؟ گوێی شەیتانی کەڕ بێ، ئەگەر لە وەڵاتی خۆی نەخۆش دەکەوت، کام دەرمانحانە داو و دەرمانی دەدایە؟ ئەگەر ئەو هاوەڵاتیە لە وەڵاتی خۆی مابایەوە ئایا چانسی ئەوەی دەبوو سواری فرۆکە و میترۆ شەمەندەفەر بێ؟ ئەی ئەو دیسکۆیانەی هاوەڵاتیان لە ئەوروپا بەکێ پڕ دەکرانەوە؟ ئایا ئەگەر ئەو هاوەڵاتیە لە وەڵاتی خۆی مابایەوە، دیداری گۆرانی بێژەکانی لۆس ئەنجلۆسی دەکرد و ئارەزووی دەکرد گوڵیان بداتێ

و ماچیان بکات و لەگەڵیان سەما بکات, ئەو ئاواتانەی دەبردە ژێر گڵ؟ شارەزای نەبوو لە زمانێکی تر بۆ ئەوەی سڵاو بکات یان بەکەسێك بڵێ خۆشمدەوێی. ئێستا لە کوێی هەموو هەر رەشبین بوو, ویژدان کارێکی باشە!

تۆ لە کوێ دەتوانی ژنێك پەیدا بکەیت دە بۆ بیست ساڵ لە خۆت گەنجتربێ, لایەنی کەم دوو بۆ سێ ساڵ کاتت دەوێ ( پێش وەرگتنی مافی پەنابەری ) ,هەربڵێی بەچاوان تۆش خزمەت بکات, وای دانێین لە دوای وەرگرتنی مافی پەنابەریت داوای تەڵاقت لێبکات, باشە تەڵاقی بدە, چ کێشەی هەیە؟ تۆ رێگە چارەت هەیە. بڕۆ یەکی تر بێنە. ئەگەر شارەزاش نیت, بەو پەڕی خۆشحاڵیەوە فێرت دەکەم, کارتۆنێکی بەتاڵی پاکەتی جگەرەی وێنستۆن بێنە لە پشتەکەی بە خەتێکی گەورە بنووسە:

هاونیشتیمانی قارەمان و باڵقەکان

- ئایا حەزدەکەی بە (ئازادی) بژی؟

- ئایا حەزدەکەی مووچەی مانگانەتان هەبێ؟

- ئایا حەزدەکەی بە خۆڕایی فێری زمانێکی تربی؟

- ئایا حەزدەکەی بە ئاسانی بگەیتە ئەوروپا و مافی مانەوەت هەبێ؟

- ئایا حەزدەکەی هەفتەی جارێك بڕۆیتە کۆنسێرتی گۆرانی بێژەکانی لۆس ئەنجلۆس و گوڵیان پێشکەش بکەیت و ماچیان بکەیت و لەگەڵیان بکەویە سەما؟

(سێ ساڵی یەکەمی ژیانت لە ئەوروپا, دەبێ پێت لە جەرگی خۆت بنێی و لەگەڵم هەڵبکەی. بەڵام دواتر ئازادی بتەوێ لەگەڵ هەر کەس هەستی و دانیشی و لەگەڵی بژی)

دوایی نووسینەکەت بە داوە دەزوو یەك یان پەتێك لەملت بئاڵێنە لە ناو شەقامەکان بسووڕێوە لەماوەی یەك سەعاتدا سەدان گەنج دوات دەکەون, لەو کاتەدا مافی هەڵبژاردن دەکەوێتە دەستخۆت, هەر یەکێك لەوانە کە گروپی خوێنەکەی لەگەڵ گروپی خوێنەکەت یەك بێت و بەژن و باڵای رێك و جوان و چاوەکانی رەنگی شینی دەریا بن, هەڵیبژێرەو ئامادەکاری بکە بۆ وەرگرتنی ڤیزاکەی.

گریمان دوای ئەوەی هێناتە ئەوروپا و مافی پەنابەری وەرگرت, کەسێکی هاوتەمەنی خۆی پەیدابکات و لەگەڵی بڕوات, چ کێشەیەکی هەیە؟ بەکورتیەکەی هاوکاری کەسێکت کردووە هاوتەمەنی خۆیەتی, هاوکاری کردنی هاونیشتیمانیان وەك ئەوە بە بەردێك دوو چۆلەکەت کوشتبێ. هەم لەم دنیا هەم لەو دنیا خێری خۆی هەیە.

هاوڕێ سەرگەردانەکەم ئاوای باس دەکرد: " لەگەڵ هاونیشتیمانیەکەم لە دیسکۆیەك یەکترمان ناسی, پێویستی بەوە بوو مافی پەنابەری وەربگرێ, بەردەوامی ئەو ئاشنایەتیە بە هاوسەرگیری کۆتایی هات, دوای ئەوەی مافی پەنابەریەتی وەرگرت, دڵبەرە میهرەبانەکەم, بوو بە نامیهرەبان, داوای جیابوونەوەی لێکردم, هۆکارەکەیم لێپرسی, گوتی: لە وڵاتی خۆم هاوسەرو دوو منداڵم هەیە بە دیار منەوە دانیشتوون, دەبێ هەرچی زوویە بیان هێنمە ئێرە, زۆر نارەحەت بووم بە ناچاری ملمدا.

نامەیەکم بۆ دایکم نووسی, هاوسەرێکم بۆ پەیدا بکات و بە پۆستدا بۆم رەوانە بکات, بەس با کەسێك بێ هاوسەر و منداڵی نەبێ, دایکیشی دەردە دڵی لەگەڵ دەکرد دەیگوت: حەیف رۆڵەکەم, هاوسەری پۆستی هێناوە کە بیست ساڵ لەخۆی منداڵ ترە, ئایا باشتر نە بوو کەسێکی هاوتەمەنی خۆی بێنێ؟ گوتم: دایکە, ئەگەر تۆ بۆم هەڵبژێری لە نێوان ئۆتۆمبێلێکی سفر کیلۆمەتر کە گرەنتی دوو بۆ سێ ساڵی هەیە, یان ئۆتۆمبێلێکی دەستی دوو کە بە رۆنی سووتاو کاردەکات, بەراستی نازانی پێش تۆ کەسێك یان زیاتر سواری بوونە و چەند جاریش تووشی رووداوی هاتوو چۆ بووە, باشە کامیان هەڵدەبژێری؟

گوتی: " بەخوای سەیرە کێم پەیداکردووە تا دەردە دڵی لەگەڵ بکەم؟".

# بەشی چوارەم

## وتووێژ

یەکەم: ژن بۆیە شوو دەکات تا منداڵی ببێ.

دووەم: پیاو بە پێچەوانەوە!

یەکەم: لەترسی خێزانم ڕێزی خەسووم دەگرم.

دووەم: من بە پێچەوانەوە.

یەکەم: ببوورە پشتم تێکردووی.

دووەم: دەبێ تۆ بمبووری!!

یەکەم: دەبێ پێکەنینت بە کیشەکان بێ.

دووەم: بەداخەوەمن ریشم نییە!!

یەکەم: بۆ ئاسوودەیی خۆم هاوسەرگیریم کردووە.

دووەم: من بۆ ئاسوودەی خۆم ژنەکەم تەڵاقدا.

یەکەم: نازانم بۆچی هێندە لەگەڵ هاوسەرەکەت شەڕو کێشەتان هەیە و دوایش ئاشت دەبنەوە.؟

دووەم: ئاشتبوونەوەم زۆر پێخۆشە لە دوای تووڕەیی.

یەکەم: بۆچی تەنیا دەچی بۆ مانگی هەنگوینی؟

دووەم: دەمەوێ چێژ لە مانگی هەنگوینی وەربگرم.

یەکەم: دایك و باوکم کێشەیان لەگەڵم دا هەیە.

دووەم: سەیرە, بەڵام بۆ لەدایك بوونت, هیچ کێشەیان نەبوو.

یەکەم: منداڵەکان چۆن دەتوانن هێندە پێبکەنن؟

دووەم: چونکە نە هاوسەرگیریان کردووە و نە منداڵیشیان هەیە.

یەکەم: ژنەکەم تەڵاقدا.

دووەم: هەر ئەو هاوسەرە نەبوو دەتگوت لە بەهەشتەوە هاتووە؟

یەکەم: بەڵێ, لە بەهەشتەوە هاتبوو بۆ ئەوەی ژیانی ئێرەم لێبکاتە دۆزەخ.

دووەم: مرۆڤ لە سێ قۆناغدا پێویستی بەوە هەیە کەسێك دەستی بگرێت بۆ ئەوەی نەکەوێت ( منداڵی. لاوی. پیری ).

دووەم: هۆکارەکەی ئەوەیە لە قۆناغی منداڵی و پیریدا هاوسەنگی لەشی و لە گەنجیەتیشدا هاوسەنگی فکری نییە.

یەکەم: سەرەنجام هەر حاڵی نەبووم شێرپەنجەکان مرۆڤەکان دە دۆزنەوە یان بە پێچەوانەوە؟

دووەم: دۆزینەی شتێکی لەو جۆرە و هاوسەرگیری کردن لەگەڵ ئەوە شتێکی ترە.

یەکەم: بۆچی کاتێك منداڵی ساوا لە دایك دەبێ دەگریت؟

دووەم: چونکە لە بارەی لەدایك بوونیەوە هیچ پرس و ڕایەکیان پێنەکردووە.

یەکەم: ژنەکەم سکی هەیە.

دووەم: بەخوای خەتای من نییە.

یەکەم: سەعاتەکەت لە کوێ داناوە؟

دووەم: نازانم.

یەکەم: لەوانەیە لە شوێنی خەوتنەکەت دانابێ؟

دووەم: کام شوێنی خەوتن؟

یەکەم: لە رێوڕەسمی بەخاکسپاردنی مردووەکان، لەوانەیە لە سەر سەری مردووەکان وەستابێ یان خوارەوە.؟

دووەم: سەر و خواری گرنگ نییە, تەنیا هەوڵبدە نەکەوتبێتە ناو گۆڕەوە.

یەکەم: خێزانم عاشقی چێشت لێنانەکەمە.

دووەم: بەلێ هاوسەری هەر کەسێك دەبێ دڵخۆشیەکی هەبێ لەماڵێ.

یەکەم: مرۆڤی برسی ئیمانی نییە.

دووەم: ئەوە بۆیە دەیان ملیۆن کەس لە سەرانسەری دنیا بێ ئیمانن.

یەکەم: دەمەوێ خۆشەویست بم.

دووەم: یان دووربە یان بمرە.

یەکەم: بۆچی لەگەڵ خێزانت هەڵناکەی؟

دووەم: چونکە بڕست و تاقەتی لە من زیاترە و عەقڵیشی لە من کەمترە.

یەکەم: نەزان بووم گەنجیەتی خۆم بەدیار تۆوە بەفیڕۆدا.

دووەم: نەزانییەکەتم قبووڵە, بەڵام نازانم چی بڵێم لەبارەی جوانیەکەت.؟

یەکەم: ئەوە چوارەمین جارە دەتەوێ هاوسەرگیری بکەیت, بۆچی مەگەر نەخۆشی؟

دووەم: شتێك نازانی، دوو شت نازانی، هەر هاوسەرێك دیاری دەكەم، تەنیا دوو ساڵی یەكەم باش و بەسۆز و میهرەبانە، دواتر دەبێتە قورزەڵقۆرت و بەتەنەكەیەك هەنگونیش ناخۆرێ.

یەكەم: بۆچی هێندە گوێ لە هەواڵی دەرەكی دەگری؟

دووەم: دەمەوێ لەگەڵ كێشەو گرفتەكانی خەڵكی جیهانی سێیەم ئاشنا بم، بۆ ئەوەی قەدری ژیانی خۆم باشتر بگرم.

یەكەم: بۆچی ناتەوێ ببیتە سەرۆك كۆماری ئەمریكا؟

دووەم: هەتا ئەو رۆژەی نەبوومە سەرۆك كۆمار بێجگە لە خێزانم هیچ كەس لێم ناپرسی لەگەڵ كێم و لەگەڵ كێ دەخەوم؟ ئەگەر بوومە سەرۆككۆمار هەموویان دەیانەوێ پەیوەندیە سێكسیەكانم بخەنە ژێر پرسیارەوە.

یەكەم: ئەگەر رۆژێك بویتە بەرپرسێكی گەورە هەموو ئەو كەسانەی لەگەڵت تێكەڵاو بوون دەبنە ملیۆنلێر.

دووەم: ئەگەر مەسەلەی پارە و ناوبانگ هاتە گۆڕێ، خەڵێككی زۆر، دەیانەوێ لێم نزیك ببنەوە.

پیاو: حەزدەكەم یەكەم عەشقی ژنەكەم بم.

ژن: منیش حەز دەكەم دواین عەشقی مێردەكەم بم.

یەكەم: دەتوانی كورتان بخەیتە سەر پشتی هەموو كەرێك.

دووەم: ئەوەش پەیوەستە بە جۆری كەر و (كورتان) كەی.

یەکەم: بۆچی خەڵك کتێب ناکڕن؟

دووەم: ئەوانەی پارەیان هەیە نەخوێندەوارن, ئەوانەشی کە خوێندەوارن پارە شك نابەن.

یەکەم: لە پشت هەر پیاوێکی خۆشبەختەوە, ژنێکی شاراوە هەیە.

دووەم: لەپشت هەرماڵوێرانیەکی پیاویش بەهەمان شێوەیە.

یەکەم: : دوێنێ شەوێ تووشی ڕووداوی هاتووچۆ بووم, دەست و قاچێکم شکا و ئۆتۆمبێلە تازەکەم وێران بوو.

دووەم: خوا روحمی پێ کردووی.

یەکەم: هاوسەرەکەم تەڵاقی وەرگرت و نیوەی سەروەت و سامانەکەی برد و ڕۆیشت.

دووەم: خۆزگەم بە خۆت, من بە هەموو سەروەت و سامانەکەم رازیم.

یەکەم: چیت لە خودا دەوێ؟

دووەم: ئەو شتانەی هەمە لێم وەرنەگرێتەوە.

پیاو: ببوورە پشتم تێکردووی.

ژن: ناتبوورم.

دایك: کچەکەم, بۆچی دواین خوازبێنیت ڕەتکردەوە؟

کچ: یەکەمیان من ئەوم ڕەتم نەکردەوە, خۆی دەرنەچوو, دووەم, سێ عەیبم تێدا بەدی کرد, بێ پارەیی, تەمەنیشی زۆر بوو, لە هەموویان گرینگتر, ئەو کەسە نەبوو کە من خۆشمدەویست.

دایك: ئەوەی تۆی خۆشدەوێ لە کوێیە؟ ئەی بۆچی نایەتە خوازبێنیت؟

کچ: یەکەمیان ئەوەیە, کاتێك تۆ لەماڵ نیت ئەو دێت, دووەم ئەوەیە, دەیەوێ خوازبێنیم بکات, بەڵام ژنەکەی ڕێگەی نادات.

یەکەم: لەگەڵ ئەوەی ئێستا کاتی شووکردنم هاتووە, بەڵام دایك و بابم بەشووم نادەن.

دووەم: باڵق نەبووی, ئەگەر بووبای بیرت لەوە نەدەکردەوە.

یەکەم: هەتا ئێستا نەتتوانیوە کەسێك راوبکەی؟

دووەم: نا, ئەوانەی بەکەڵکی راوی من دێن, زووتر هەڵدێن. نازانم لەوانەیە کونی (تۆڕی ڕاو)ە کەم گەورە بووبێ.

یەکەم: پێشنیاری ئەوەت بۆ دەکەم دەست لە خێرەکەی هەڵبگرە, یان وەکو ئەوانی تر تۆڕی راوکردنەکەت بگۆڕە.

دووەم: پارەم نییە.

یەکەم: قەرز بکە, گۆڕینی تۆڕ جۆرێکە لە سەرمایە گوزاری.

دووەم: چۆن چۆنی بیگۆڕم؟

یەکەم: بۆ گۆڕینی تۆڕەکەت, دەبێ سەرەتا خۆت قۆزبکەی هەتا زووترو باشتر ئامانجەکەت بپێکی. بۆ ئەم کارەت چەند پێشنیارێکم هەیە.

- پرچت رەنگ بکە, رەنگی شەڕابیت زۆر لێ جوانە.

- نەشتەرگەری بۆ سینگ و مەمکت بکە, ئەوە زۆر گرینگە, خاتوونێك دەناسم, شانزە هەزار کرۆنی سویدی لە بانك قەرز کرد( کە دەکاتە دوو هەزار دۆلار) هەتاوەکو سینگ و مەمکی بەرزبکاتەوە, لێم پرسی: بۆ دەتەوێ ببیە سەماکار؟ گوتی: نا. دەمەوێ چێژ لە خۆم وەربگرم, بەڵام پێم وابوو درۆ دەکات, دەیەویست خەڵکی چێژی لێوەربگرن.

- چرچ و لۆچەکانی روخسارە بە کرێم ساف و بێگەردبکە. ئەگەر کرێمەکانیش کاری گەریان نەبوو, نەشتەرگەری پلاستیکی بکە, ئەگەر پارەشت نەبوو بۆی قەرز بکە.

- نینۆکی دەست و پێکانت رەنگ بکە, بۆ ئەوەی لەگەڵ رەنگی پێلاوەکانت بگونجێن.

- لەبری چاویلکە سوود لە (عدسە) چاو وەربگرە, بۆ ئەوە هەر رەنگێکت بوێ خەڵك ببینی.

- پاژنەی پێلاوەکانت بەرز بکەوە, بۆ ئەوەی بەرزتر دەرکەوی لەوانی تر.

- لە کارتی پێناسەکەشت تەمەنت کەم بکەوە, واستەی ناوێ ئەگەر پارەت هەبێ, ئەگەر نەشت بوو قەرزی بکە.

- کێشت دابەزێنە, ڕاکردن کاریگەری هەیە, هەرچەند دەتوانی غاربدە, ئەگەر راکردن نازانی, رێگایەکت پێدەڵێم, هەوڵبدە دەست بەسەر میراتی باوکی کۆچکردووت دا بگری. بۆ ئەم کارەش هێندەت دێنن و دەبن لە و دائیرە بۆ ئەو دائیرە, لەو ژوورە بۆ بۆ ئەو ژوور, بەو هاتوو چوونانە هەموو چەوریەکانت دەتوێنەوە, کێشت لەگەڵ باڵات رێك دەبێ.

- ئەوکاتەی کەسێك پەیدا کرد, پێویست ناکا بڵێی پێشتر شووت کردووە, یان لەگەڵ کەسێکدا بووی, نەشتەرگەری پلاستیکی هاوکاری کردووی لە بارەی پەردەوە, لەم رۆژگارەدا دوورینەوەی پەردەی کچێنی بۆتە شتێکی ئاسایی, بەڕاستی ئەگەر پارەت نییە, قەرزبکە.

- هیوادارم تۆڕە نوێیەکەت, خۆشبەختی و ئاسوودەیی و نێچیرێکی باشت دەستکەوێ.

یەکەم: بیستوومە دەڵێن لە سوید ئەگەر خانووت نەبێ, خانووت دەدەنێ, ئەگەر کەلو پەلی ناوماڵت نەبێ دەتدەنێ, هەموو دەرگایە کەلێنێکی هەیە لە کۆتایی هەموو مانگێك چەکێکی پارە یان حەواڵەت بۆ دەخەنە ئەو کەلێنە.

دووەم: منیش بیستوومە.

یەکەم: وەك بڵێ شۆڕش هەندێکی بۆ بەهەشت ناردوون, ئێمەش ئاگادارنین, باشە نەتفەرموو چۆن دەتوانی لە سوید نیشتەجێبی؟

دووەم: بەسێ ڕێگا, هاوسەرگیری پۆستی, وەبەر هێنان, پەنابەری سیاسی.

یەکەم: ئێمە دەتوانین ببینە پەنابەری سیاسی؟

دووەم: نەخێر, ئەو وڵاتانەی کۆمەڵگای مەدەنیان هەیە پەنابەر وەرناگرن.

یەکەم: دیارە ئەو کۆمەڵگە مەدەنیە دەرگای بەهەشتی لەسەرمان داخستووە.

یەکەم: گۆشتی سوور زیانی هەیە بۆ تەندروستی مرۆڤ.

دووەم: تکایە سەرەتا گۆشتی سوور پەیدا بکە و دواتر باسی زیانەکانی بکە.

یەکەم: هاوڕاتم.

دووەم: ئەگەر پیاوی هاوڕام نابی.

یەکەم: چۆن دەتوانم میهرەبانیەکانت قەرە بوو بکەمەوە؟

دووەم: ئێستا وەرە, دوایی بیرێکی لێدەکەینەوە.

یەکەم: ببوورە پشتم لە تۆیە.

دووەم: بە پێچەوانەوە لەپشتڕا جوانتر دەردەکەوی.

یەکەم: ژن کارێکی خوایە کە خوڵقاندوویەتی.

دووەم: لەراستیدا یان واتای شاکار نازانی یان خوا نەناسی.

# بەشی پێنجەم

## دەمە تەقێیەك لەگەڵ ئیزڕائیل

یەکێك لە دۆستەکۆنەکانم و دووژمنی ئێستام لە خەوی دا لەگەڵ بەڕێز جەنابی ئیزڕائیل دەمەتەقێیەکیان هەبووە، دوای هەستانی لە خەو تۆماری کردووە. بەهۆی هەندێ بەڵگەی ناتەواو خستوویەتیە بەردەم نووسەر تا بۆ ئێوەی بگوازمەوە. روون و ئاشکرایە ئێمە بەرپرسیاریەتی خەوی ئەو دووژمنە تازەیەمان هەڵناگرین کە لە خەو هەستاوە.

گوتی: سڵاو

گوتم: نا سڵاو جەنابی ئیزڕائیل، هەتا ئێستاش فێر نەبووی بە پێی یاسا خۆت بەماڵی خەڵکی دابکەیت؟ بە ناخێری گیانت دوو دەزگای تەلەفۆن و فاکسم هەیە، پۆستی ئەلکترۆنی و زەنگم هەیە سەرەتا خەبەر بنێرە، چونکە هەر گیز دەرگای ماڵێت لێناکەمەوە،

لەوانەیە رووت و قووت بم, لەوانەیە نامەحرەمێك لێرە بێ, کە نەمەوێ بە تۆی بناسێنم, کەسێکی گەنجم و دڵم دەیەوێ شەیتانی ببم و....

گوتی: مەترسێ. ددان بەخۆتدا بگرە.

پرسیم: دیارە هاتووی کاری خۆت لێرە تەواو بکەیت.

گوتی: نا, کاری خۆم دوو شەقام خوارتر تەواو کردووە. لێرەوە تێدەپەڕیم زانیم گڵۆپی ژوورە هەڵکراوە, هاتووم سەرێکت لێبدەم, بزانم چی دەکەی و حاڵ و ئەحواڵت چۆنە؟

گوتم: وەڵا پێم سەیرە ئێمەت هاتۆتەوە بیر.

گوتی: فەرمان لە سەرەوەیە, کە زوو زوو سەردانی نووسەرەکان بکەم, دەی باشە پێت نەگوتم خەریکی چی بووی؟

گوتم: خەریکی نووسین بووم, ئەوەی راستی بێ چەند پرسیارێکم بۆ هاتۆتە پێشێ مادام هەر لێرەیی, ئەگەر کێشە نەبێ وڵامم بدەیتەوە و منیش لەو کێشەیە رزگار بکەیت.

گوتی: ئەگەر پرسیارەکەت کورتن و سیاسیش نین کێشە نییە, چونکە ماندووم, دەبێ پێش خەوتن, کاری چەند کەسێکی تر لە کۆڵ بکەمەوە.

گوتم: وەڵا رێك پرسیارەکانی منیش لە بارەی ئەو کارەی تۆیە, بۆچی بەبێ ئەوەی خەڵکی ئاگادار بکەیتەوە کارەکەت ئەنجام

دەدەی؟ بۆچی پێش ئەوەی بێی خەڵکی ئاگادار ناکەیتەوە؟ بۆچی کات و هەلێکیان نادەیتێ بۆ ئەوەی لە سەر کێلی گۆڕەکانیان بنووسن؟

گوتی: سەهووت کرد. من لە رێگەی بەرپرسە پلە بەرزەکانی لەشکری وەڵات پەیام بۆ خەڵکی دەنێرم, خەڵك گوێی بیستنیان نییە, خەتای من چییە, خەڵك دەبێ گوێڕایەڵی پەیامەکانی بەرپرسانی وەڵات بن, بۆ ئەوەی بژین.

بۆ نموونە. پەیامێکم بۆ ناردن, نابێ خەڵك دەست لە کاروبارێك وەربدەن کە پەیوەندی بەوانەوە نییە. وە نابێ هەر شتێك بەمێشکیاندا هات بیکەنە وێردی سەر زمانیان یان بینووسن.

گوتم: دەبێ خەڵك ئازادی هەبێ.

گوتی: خەڵك هەستیان نییە(شعور) هەتا لە مانای ئازادی بگەن. ئاخر رەخنە گرتن و نارەزایش بوون بە ئازادی؟ خەڵك ئێستا باڵق نەبوونە هەتا بەرژەوەندی خۆیان دیاری بکەن. بە نموونە, ئەگەر ئازادی بدەیتە منداڵێك, دەیەوێ خۆی لە پەنجەرە فڕێبداتە خوارێ, یان ئەگەر ئازادی بدەی بە هاوسەرەکەت, شەوانە دەیەوێ لە شوێنی تر بخەوێ, یان ئەگەر ئازادی ببەخشی بەخەڵکی دەیانەوەی گوێ لە رادیۆ و تەلەفزیۆنی بێگانە بگرن. بۆ ئەوەی خەڵك ئاقڵ و هۆشیار نەبن , نابێ ئازاد بکرێن.

پرسیم: بۆچی هەندێ جار لەپڕ دێتە سۆراغی کۆمەڵێك بەیەکەوە؟

گوتی: کارم زۆرە, ماندوو دەبم. تەنیامە, بۆ نموونە لە پڕدا فەرمانم بۆ دێت لە سەرەوە چەند هەزار کەسێك لە فلان شوێنە خۆنیشاندان دەکەن, ٧-٨ کەس لەوانە چالاکوانن, دەبێ بڕۆن, منیش وەك ئێستا بەو درەنگانی شەوە ماندوومە, یان بەیانی زوویەو خەوالۆمە, تاقەتی ئەوەم نیە ژمارەی پێناسەکەی کۆنترۆڵ بکەم, ناوی باوکی و شوێنی نیشتە جێبوونی هەموو ئەو خۆپیشاندەرانەم لانییە, کاری هەموویان بەیەکەوە ئەنجام دەدەم. باشە جیاوازی چیە , خۆ دەبێ هەموویان هەر برۆن, چەند ساڵیك زووتر یان درەنگ تر. سەرەنجام یەکێك لە ئامانجەکانی ژیان هەر رۆیشتنە.

پرسیم: باشە, بۆچی هاوکارو بەردەست بۆ خۆت پەیدا ناکەی؟

گوتی: بەم دوایانە لە سەرجەم شار و گوندەکان هاوکارو بەردەستم دامەزراندوون.

پرسیم: دەتوانی ئەدرەس و ناونیشانی ئەو هاوکار و بەردەستانە بخیتە بەدەستی خەڵکی؟

گوتی: رێگە پێدراونیم بۆ ئەم کارە. ئەوە کاری تۆ نییە دەست وەردانی تێدابکەیت. ئەوە لەکەیەوە بۆیە نوێنەری خەڵکی؟

گوتم: پرسیاری پێشووم وەردەگرمەوە. پرسیاری دواترم, ئەگەر لەبیرتان بێ. لەم دوایانەدا بومەلەرزەیەك تورکیای هەژاند, بەقسەی خۆت بێ لەیەك کاتدا کاری ٢٠بۆ ٣٠ هەزار کەست بەجێ

گەیاندووە. ئایا فەرمان لەسەرەوە هاتبوو یان دووژمنایەتیت لەگەڵ تورکاندا هەیە؟

گوتی: عادەتەن ئەو پرۆژانە بۆ کۆنترۆلکردنی ژمارەی دانیشتووان جێبەجێدەکرێ. بە دڵنیاییەوە بەرژەوەندی قوربانیەکان لەو بومەلەرزەیە دابووە. هەر بەو شێوەیەیی لە هەواڵەکاندا بیستووتە. دوو رۆژ لەمەو پێش ژمارەی دانیشتوان گەیشتە شەش ملیار. ئەگەر پرۆژەی بومەلەرزە و شەڕ و برا کوژی گەلان نەبوایە ئەمڕۆ ژمارەی دانیشتیوانی گۆی زەوی لە دە ملیار تێپەریبوو.

پرسیم: باشە, لە کۆتایەکەیدا چەند کەسی بێ تاوانت کوشتوون کە بە کوشتنی زنجیرەیی ناسراوە. دەمەوێ رای تۆ لەو بارەیەوە بزانم؟

گوتی: پرسیارەکەت سیاسیە.

گوتم: پرسیارەکەم سیاسیە؟ رۆژنامەکان نووسیویانە و ئەمریکایەکانیش کوشتیانن.

گوتی: تێناگەم بۆچی لەبەر خاتری کوشتنی چەند کەسێك, ئەو هات و هاوارە دەکەن؟ باشە ئەگەر چەند ساڵێك کەمتر بژی چ کاریگەریەکی لەسەر چارەنووسی خەڵکی هەیە؟ ئەوانەی تازە کوژراون, بەدڵنیاییەوە تاوانبار بوون و لەگەڵ شەیتانی گەورەش نێوانیان هەبووە, بەهەر حاڵ ئەو رۆژانەی کەمێك بێ تاقەت بووم. ئەو کارەم بە نوێنەرەکانم سپارد بوو.

گوتم: خۆزگە خۆت دەهاتی و ئەو خەڵکەت ئارام دەکردەوە ، هەندێکیان وابیردەکەنەوە، فەرمانی ئەو کوشتنە یەك لەدوای یەکانە، تۆ فەرمانەکەت دەرکردووە.

گوتی: لەبری من بەو خەڵکە رابگەێنە، ئەوە کاری ئیزڕائیل نەبووە.

گوتم: ئاوا باشترە خۆت بێیتە ناو خەڵك و راستیەکەیان بۆ روون بکەیتەوە، هەموو تۆ دەناسن و لێتدەترسن.

گوتی: پێمخۆشە کە هێزو دەستەڵاتم هەیە و خەڵك حیسابم لەسەر دەکەن.

گوتم: روح کێشانی خەڵکیش بوو بە دەستەڵات، مردوو شۆر ئەو دەستەڵاتەت بیا.

گوتی: بە پێچەوانەوە مردوو شۆرەکانیش کار لەگەڵ من دەکەن، خۆشت باش ئەوە دەزانی مردن بۆ بەشێك لەو خەڵکە تەنیا رێگەی رزگار بوونیانە لە و کێشە و گرفتانەی لەژیاندا هەیانە.

پرسیم: هاتن و چوونی من چ سوودێکی هەیە؟

گوتی بەدڵنیاییەوە حیکمەتێکی تێدایە.

پرسیم: ئاخر ژیانی من چ حیکمەتێکی تێدایە؟ لە بەیانی هەتا ئێوارێ لەگەڵ کێشەکان دەست و پەنجەم نەرم دەکەم. هیچ و خۆشی و چێژێکم لەم ژیانە نەبینیووە.

گوتی: حیکمەتەکەی ئەوەیە  خەڵکی تر ئەو ژیانە پڕ لە چەرمەسەری بێهودەیەی تۆ ببین بۆ ئەوەی قەدری ژیانی خۆیان بزانن.

گوتم: کەواتە بۆ ئەوە دروست بووم ببمە مشك و هەموو شتێکم لەسەر تاقی بکەنەوە؟

گوتی: ئەوە یانی چی؟

گوتم: ئەو مشکە لە بیر بکە, هەتا لەبیرم نەچۆتەوە, دەمەوێ لە بارەی بابەتی جەڵتەی دڵ لێت بپرسم؟ ئێمە پێش شۆڕش جەڵتەی دڵمان نەبوو. چۆن چۆنی بوو ئەو نەخۆشیە کوشندەیە لە نێو خەڵکی بڵاو بۆوە؟

پرسی: کام شۆڕش؟

گوتم: لەبیری بکە وەك ئەوەی ئاگات لە دنیا نەبێ.

پرسیم: هەتا کەی دەتەوێ لەو پۆستەدا بمێنیتەوە؟

گوتی: خۆت بێنە شوێنی من, ئەگەر دەستەڵاتت هەبێ, ئاوا بەئاسانی دەتوانی لەدەستی بدەی؟ بەکوێرای چاوی دووژمنان هەتا ئەو رۆژەی دەتوانم لەو پۆستەدا دەمێنمەوە.

پرسیم: ئەی باشە بۆچی گیانی خەڵکی دەکێشی؟ هەندێجاریش دەستت دەچێتە گیانی منداڵانیش؟

گوتی: پرسیاری زۆر گەمژانە دەکەی. ئیزرائیل کاری بە رۆحیانە نەك گیانیان.

گیانیان بەجێدێڵین. یان فڕێیان دەدەینە بیابانەکان. خەتای من نییە, ئەرکی خۆم بەجێ دەگەیەنم. لە بارەی منداڵانیشەوە خۆشم نارەحەت دەبم.

هەندێجاریش روحی منداڵ و لاوەکانیشمان پێویستە. دەبێ بیاننێرین, بەڵام دەربارەی روحی کەسانی تاوانبار و سیخوڕ خواستیان زیاتر لەسەرە. هەندێجاریش رۆح کێشانی کەسێك پێویست نییە و رێگەی پێدەدەین سەدساڵی بژی, بەڵام بەینی خۆمان بێ, کاتێك مرۆڤ توانا و مۆڵەتی قسەکردن و چێژ وەرگرتن و چێژدان , بوون و نەبوونی چ نرخێکی هەیە؟

پرسیم: باشە مناڵ چ تاوانێکیان نییە؟

گوتی: چۆن دەزانی کاتێ ئەو منداڵە گەورەببێ, وەك تاوانبار پەروەردە ناکرێ؟

گوتم: باسی گیانت کرد. دڵم بە حاڵی ئەو مرۆڤ و گیاندارانە دەسووتێ, کە رۆحی چۆتە ناو گیانی ئەو.

گوتی: خەم لەوانە مەخۆ, لەکاتی گواستنەوەی روحی گیاندارێك بۆ گیاندارێکی تر, ئەوە لە کەرەنتینەیەکی تایبەتدا هەڵدەگرین, ئەو بەشانەی کە ژەنگیان گرتووە یان لەکار کەوتوون چاکیان دەکەینەوە و دەرمانی دژە بەکتریایی لێدەدەین.

پرسیم: شێرپەنجە و جەڵتەی دڵ چ پەیوەندیەکیان لەگەڵ ئیزڕائیل دا هەیە؟ ئایا ئەوانە ئامرازی دەستی ئیزڕائیلن؟

گوتی: نەخێر، بەشێك لە مرۆڤەكان دەرگا بەدەرگا بەدوای شێرپەنجەدا دەگەڕێن، تەنانەت هەندێكیان ئەوانە دەدۆزنەوە و هاوسەرگیریشان لەگەڵ دەكەن.

پرسیم: لەدوای مردن چ كەسانێك بۆ بەهەشت و چ كەسانێك بۆ دۆزەخ دەنێری؟

گوتی: ئەركی من ئەوەیە لەگەڵ مردووەكان بم تا رێگای نێوان دۆزەخ و بەهەشت، لە وێوە لەژێر بەرپرسیاریەتی من دەردەچن. بە كارنامەی ژیانی خۆیان پەیوەیست دەبن. ئێستا كە بووینە هاوڕێ با راستییەكت پێ بڵێم. بەس بەینی خۆمان بێ، لە راستیدا ئیزڕائیل كەس ناكوژێت. كرداری كوشتنەكە لەلایەن كەسانێكەوە ئەنجام دەدرێ كە دەیانەوێ بە زیندووی بمێننەوە، ئەوانەش خۆیان بە نوێنەری ئیزڕائیل دادەنێن. ئیزڕائیل حیساب و كیتابی خۆی لەگەڵ رۆح دەكات، ئەو دەستەواژەیە هەڵەیە كە دەڵێن ئیزڕائیل گیان دەكێشێ.

گوتم: بۆخۆت بەسیاسی قسەدەكەی. بە منیش دەڵێی بەسیاسی قسەنەكەی.

گوتی: خۆت لەگەڵ من بەراورد مەكە، دەستەڵاتم هەیە، تۆ نیتە.

پرسیم: تۆش وەكو ئەوانی تر ژمارە حیسابت لە بانكەكانی سویسرا هەیە؟

گوتی:( مەگر مزولی)؟ دەتەوێ سوود لەو هاورێیەتیەم وەرگری.؟

گوتم: فزولی نا, بەڵام حەز دەکەم وەڵامم بدەیتەوە, پرسیارەکەم وەر دەگرمەوە. دەمەوێ بزانم ئەگەر ئامۆژگاریەکی تایبەتت نیە بۆمن لە چاوەڕوانی رۆیشتندا, دانیشتووم.

گوتی: سەرت شۆڕ بکەوە کارت بەکاری کەس نەبێ, هەرووەها ئاگاداری قەڵەم و زمانیشت ببە. بەپێچەوانەی ئەوە ناچارم بە زووترین کات کارت تێك پەڕێنم.

گوتم: ئەگەر هاوڕێی منی, تکات لێدەکەم ناوەکەم لەو دەفتەرە بسڕەوە, هەر لەبیرم بکە.

گوتی: ئەگەر شەونخونی بکەیت و لە دەورو بەری سیاسەت هەڵنەسووڕێی و بەشداری خۆپیشاندانەکان نەکەیت و مەشڕوب نەخۆیتەوە و جگەرەش نەکێشی و خواردنی چەوریش نەخۆی و قاوەو شیرینی نەخۆیتەوە و کڵاو لەسەری خەڵکی تر نەنێی لانی کەم هەتا سەدساڵی تر کارم بەکارت نابێ.

گوتم: ئەگەر بریار بێ هیچ یەکێك لەو کارانەکەم, چۆن بیسەلمێنم کەسێکی زیندووم.؟ نا ئیزڕائیل گیان, ئەو سەد ساڵەش بۆخۆت نامەوێ, هەرکات ویستت وەرە , هەموو شەوێك دەرگای پەنجەرەکەت بۆ دەکەمەوە, تەنیا خۆت وەرە.

گوتی: هەردێم بەڵام درەنگ زووی نازانم. بەس هەردێم.

گوتم: زۆر حەزدەکەم تەنیا رۆژێك شوێنی تۆم بگرمەوە.

گوتی: چیت دەکرد؟

گوتم: بۆچی مەگەر تۆ کار و ژیانت نیە؟ باشە بڕۆ، دەمەوێ بخەوم.

کۆتایی